بسم الله الرحمن الرحيم

# هەیڤ

## بەشی کوردی


یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002 دا بڵاوکرایەوە

ژمارە (36) زستانی 2015ز ـ 1436ک

www.haiv.org





زانستە شاراوەکانی ئیسلام/ 2 — 6





ئادەم و حەوا بە بەڵگەی زانستی — 10



گۆڕینی گەورەترین دەریاکانی جیهان بۆ بیابان — 28



كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ — 32





دۆزینەوەی قەڵغانێکی نوێی زەوی — 37



چۆنیەتی پەڕینەوەی پێغەمبەر موسا لە دەریای سوور — 40



**خاوەنی ئیمتیاز**

نەشئەت غەفور سەعید
009647702265300

**سەرنووسەر**

د. دارا گوڵ حامید
009647702147004

**جێگری سەرنووسەر**

خالید حەسەن عەلی
009647501231123

**بەڕێوەبەری نووسین**

هاوژین طالب رضا
009647707601225

**راوێژکاری یاسایی**

موحەممەد رەئووف ئەحمەد
009647701527323

**دەستەی نوسەران**

١- فاروق ڕەسووڵ یەحیا
٢- جەمال موحەممەد ئەمین
٣ - د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل
٤- شەماڵ موفتی
٥- د. محمد جمیل الحیال
٦- د. کاوە فەرەج سەعدون
٧- بەرزان ئەبوبکر
٨- موحەممەد ئەحمەد
٩- ئەردەڵان صاڵح عەزیز
١٠- موحەممەد حوسەین کەریم

**دیزاین**

زانیار ئەنوەر ئەحمەد
Zanyarkurdish@gmail.com
009647701487413

**بۆ پەیوەندی**

haivkurdy@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی مامۆستایان-
تەلاری حاجی موحەممەد پێنجوینی- نهۆمی (٣)


- ئەم گۆڤارە ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی تێدایە، پاراستنی پێویستە.
- جگە لە بابەتەکانی دەستەی نوسەران، هەیڤ بەرپرسیار نی یە لە ناوەڕۆکی زانستی بابەتەکانی تر.

ن: خالید حەسەن عەلی khalidbarznjy@gmail.com

# وەڵامی هەندێك ڕەخنە سەبارەت بە ئیعجازی زانستی

## ئیعجازی زانستی جێبەجێکردنی فەرمانی خودا:

هەندێک جار نەیارانی ئیسلام یان هەندێک لە موسڵمانانیش ڕەخنە لە بابەتی ئیعجازی زانستی قورئان و سوننەت دەگرن، زۆرینەی ڕەخنەی نەیاران هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەریە گەورەیەی کە ئیعجازی زانستی لەمڕۆدا لەسەر بەهێزکردنی ئیمان و پوچ کردنەوەی گومانەکانیان دروستی کردوە، هەرچی ڕەخنەی هەندێک لە موسڵمانانیشە بەگشتی دوو جۆرە:

1-ترسانە لە بەستنەوەی دەقێکی قورئانیی یان فەرمودە بە تیۆرێکی زانستیەوە و پاشان دەرکەوتنی ناتەواوی و ناڕاستی تیۆرەکە و دواتر گومان کردن لە زانستەکەی قورئان.

2- شارەزایی نەبوونی تەواو لە ئیعجازی زانستی و نەزانینی هەندێک جیاوازی لەوانە:

### أ-جیاوازی نێوان ئیعجازی زانستی و تەفسیری زانستی:

زۆر لە ڕەخنەگرانی ئیعجازی زانستی زانیاری جیاوازی ئیعجازی زانستی و تەفسیری زانستیان نیە، کە زانینی ئەو جیاوازیە گەلێک پێویستە و زۆر لە گومان و پرسیارەکانیان وەڵام دەداتەوە، جیاوازیەکەش بەم جۆرەیە:

ئیعجازی زانستی: لێکدانەوەی قورئان و فەرمودەیە بە ڕوویەکی زانستی کە زانست بابەتەکەی دەرخستوە و بووە بە هەقیقەتی زانستی بینراو و چەسپاو، واتای دەقەکەش ڕوونە لە باس کردنی بابەتەکەدا و پێویستی بە خوارکردنەوەی دەقەکە  نیە بۆ ئەوەی لەگەڵ زانستەدا بگونجێنرێت، بۆ نمونە: ئەمڕۆ زانایان سەلماندویانە چیاکان وەک مێخ چوون بە زەویدا و هاوسەنگی زەوی دەپارێزن، وەک لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێ کراوە: ﴿ وَٱلۡجِبَالَ أَوۡتَادٗا ٧ ﴾ النبا، یان بۆ نمونە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: مرۆڤ 360 جومگەی هەیە، ئەم فەرمودەیە واتاکەی ڕونە و زانستی پزیشکیش وەک هەقیقەتێکی زانستی باسی دەکات.

تەفسیری زانستی: لێکدانەوەی قورئان و فەرمودەیە بە ڕویەکی زانستی کە هێشتا زانست بابەتەکەی دەرنەخستوە و یەکلایی نەکردۆتەوە.

لەبەرئەوە زانایان کۆکن لەسەر ئیعجازی زانستی کە دروست و ڕێپێدراوە، بەڵام تەفسیری زانستی هەندێک لە زانایان ڕێیان پێنەداوە، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئیعجازی زانستی نەگۆڕە و پەشیمان بونەوەی تێدا نیە، بە پێچەوانەی تەفسیری زانستی کە ئەگەری ڕاست و هەڵەی هەیە، چونکە هێشتا زانست ئەو دیاردەیەی دەرنەخستوە یان هێشتا لە بواری تیۆریدایە.

### ب- جیاوازی نێوان تیۆری زانستی و هەقیقەتی زانستی چەسپاو:

زۆر لە ڕەخنەگرانی ئیعجازی زانستی، پێیان وایە هەموو زانستەکانی ئەمڕۆ لەبواری تیۆریدان و دەکرێت لە کۆتاییدا ناڕاست بن و بگۆڕێن، واتە باوەڕیان بە هەقیقەتی زانستی نیە، کە لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە زۆرێک لە دیاردە زانستیەکان چونەتە بواری بینین یان تاقیکردنەوە، هەرکاتێک دیاردەکە بینرا، ئیتر لە گۆڕینی ناترسین، بۆ نمونە: ئەمڕۆ بەیەکگەیشتنی دەریا جیاوازەکان وێنە گیراوە، زانست هەرچەندە پێشبکەوێت ناترسین لە داهاتودا دەری بخات ئەو دەریا جیاوازانە بەیەک نەگەیشتون، یان دەریا نین، یان: ئەمڕۆ بە ڕێگای چەندین تاقیکردنەوەی جیۆلۆجی و وێنەگرتنی مانگە دەستکردەکان شوێنەواری ئەو ڕووبارە گەورانە دەگیرێن کە لە ناوچە بیابانەکانی دورگەی عەرەبی لە چاخی بەفریندا هەبون و لە فەرمودەدا باسکراوە، لەوانەیە زانست لە داهاتودا زانیاری زیاتر لەسەر چۆنێتی ڕوبارەکان بدات، بەڵام ناترسین پەشیمان ببێتەوە لە نەبونی ئەو ڕوبارانە، چونکە ئێستا دەبینرێن، یان ئەمڕۆ بە ڕێگای میکرۆسکۆبی ئەلەکترۆنی وێنەی سات بە ساتی کۆرپەلە دەگیرێت و هەموو ئەو قۆناغانەی کە قورئان باسی کردوە دەبینرێن، زانست ڕۆژ بە ڕۆژ زانیاری زیاتر لەسەر قۆناغەکان دەدات، بەڵام لەبەرئەوەی قۆناغەکان دەبینرێن، گۆڕین و پاش و پێش بەسەر قۆناغەکاندا نایەت، بۆ نمونە ئێسک لە پێش ماسولکەوە دروست دەبێت، بە پێشکەوتنی زانستی کۆرپەلە لەوە ناترسین سبەینێ بڵێت بە پێچەوانەوەیە، هەربۆیە خوای گەورە ئیعجازی زانستی بە بینینەوە بەستۆتەوە وەک دەفەرموێت: ﴿ سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ٥٣ ﴾ فصلت.

لەبەرئەوە ئیعجازی زانستی ئەرکێکی دروست و داواکراوە و پێویستە موسڵمانان لە بانگەوازکردندا بەکاری بێنن، نەک وەک هەندێک کە ئیعجازی زانستی بە ستەم کردن دەزانن بەرامبەر پەڕتوکی ئاسمانی، بەڵکو جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورەیە، کە لە قورئانەکەیدا لە سەدان ئایەتدا سەرنجمان بۆ ئەو دیاردە زانستیانە ڕادەکێشێت و دەیکاتە بەڵگەی دەسەڵاتی خۆی و ڕاستگۆیی قورئانەکەی، بۆ نمونە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت : ﴿ ..وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ ٣٠ ﴾ الأنبياء واتە: ئاومان کردوە بە هۆکاری زیندویەتی هەموو زیندەوەران، ئایا ئیتر باوەڕ ناهێنن، لەو ئایەتەدا هەقیقەتێکی زانستی باسکراوە. کە زیندوویی هەر زیندەوەرێک بە هەبونی ئاوەوە بەستراوەتەوە، ئەمڕۆ زاناکان ئەو ڕاستیەیان سەلماندوە کە کیمیای زیندەگی هەر خانەیەک بە ئاوەوە بەندە، هەر کاتێک ئاو لە خانەکەدا نەما، واتە مردوە، پاشان ئایەتەکە دەفەرموێت: ئایا ئیتر ئیمان ناهێنن، وەک پێمان بڵێت ئەو هەقیقەتە زانستیە بەسە بۆ ئیمان هێنان، لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ٥ ﴾ الطارق. واتە: با مرۆڤ سەرنج بدات و بکۆڵێتەوە لەچی دروست کراوە، پاشان باسی وردەکاری دروستکردنەکەی دەکات، ئێمە پێمان خۆش بێت یان نا قورئانی پیرۆز لە زیاتر لە 1000ئایەتدا باسی دیاردە گەردونی و پزیشکیەکانی کردوە و کردویەتی بە بەڵگەی ڕاستێتی قورئانەکەی.

زانیاریەکانی قورئان گەورەترین بەڵگە و شایەتی ڕاستگۆیەکەیەتی کە نیگای خودایە، وەک دەفەرموێت: ﴿ لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ... ١٦٦ ﴾ النساء.

یەکێ تر لە گومانەکان پێی وایە ئیعجازی زانستی، موسڵمانان لە دەرخستنە زانستیەکان دووردەخاتەوە و توشی تەمەڵیان دەکات.

لە وەڵامدا دەڵێین:لە ڕاستیدا ئیعجازی زانستی گەورەترین هاندەری دۆزینەوە زانستیەکان و گەڕانە بە دوای دیارەدەکاندا، بۆ نمونە کاتێک قورئان دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَ... ٢٠ ﴾ ئەم ئایەتە فەرمانی هاندانی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی تێدایە و ئەو ڕاستیەمان پێ دەڵێت کە بۆ زانینی سەرەتای دروست بونی زەوی و گەردونیش پێویستمان بە گەڕانی سەر زەویە. قورئان باسی زۆر دیاردەی زانستی کردوە ئایا دەکرێت باسی نەکەین؟ ئایا واز لەو ئایەتانە بێنین؟ لای ئەوان بەستنەوەی قورئان بەو دیاردە زانستیانەوە ستەمێکە لە پەڕتوکی ئاسمانی، لە ڕاستیدا ئەمە وتەیەکی سەیرە، ئایا ئەو بەستنەوەیە لە دەستی ئێمەدایە؟! قورئانی پیرۆز خۆی ئایەتەکانی بە دیاردە زانستیەکانەوە بەستۆتەوە، باس لە نهێنیەکانی گەردون، چیاکان، دەریاکان، پزیشکی، ڕووەکی، فیزیایی،...تاد دەکات، ئایا ئەکرێت دژی خواستی قورئان بوەستینەوە؟



### هەندێك لەو ڕەخنانەی لە قورئان دەگیرێت

# وەڵامی گومانی ئەوانەی کە دەڵێن قورئان بە مانا دابەزیوە نەک بە لەفز

ن: د. کەریم ئەحمەد karimdawody@yahoo.com

ڕەنگە جاران زۆرێک لە موسوڵمانان نەیانزانیبێت حیکمەت و دانایی چییە لەو هەموو ئاماژە قورئانییە بە دابەزینی قورئان بەزمانی عەرەبی، ئایا کەسێک هەبووە گومانی هەبێت لەوەی کە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە؟ بەڵام ئێستا دوای پەیدابوونی هەندێک کەس لەناو موسوڵماناندا و بە ناوی ئیسلام و بیرمەندی ئیسلامییەوە کە دەڵێن قورئان بە لەفز بەسەر پێغەمبەردا دانەبەزیوە بەڵکو بەمانا دابەزیوە و پێغەمبەریش بە دەربڕینی خۆی بە زمانی عەرەبی دایڕشتۆتەوە، یەکێک لە نهێنییەکانی ئەو هەموو ئاماژەپێکردنەی قورئان بە مەسەلەی زمانی عەرەبی تێدەگەین و دەزانین بۆچی خوا ئەوەندە جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە و قورئان کتێبێکی عەرەبییە، بۆیەش دەڵێم یەکێک لە نهێنییەکان چونکە لەوانەیە دەیان نهێنی تر لەژێر ئەم ئاماژەنەدا هەبێت کە لەوانەیە یەکێکی تریان ئەوەبێت کە دەبێ قورئان هەر بە عەرەبی بمێنێتەوە و ئەوەی بەسەر کتێبەکانی پێشوودا هات کە بەو زمانەی پێی دابەزیون نەماون بەسەر ئەمیشدا نەیەت و نایەت، واتە هەم فەرمانە و هەم بەڵێن و پەیمانە، فەرمانە بە موسڵمانان قورئان بە زمانە عەرەبییەکەی بهێڵنەوە و پەیمانیشە لە خواوە بەوەی کە قورئان بەو زمانەی پێی دابەزیوە دەمێنێتەوە کە زمانی عەرەبییە.

جا ئایا قورئان بە لەفز و مانا دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر یا تەنها بەمانا و پێغەمبەر خۆی لە ژێر کاریگەری کلتوری کۆمەڵگە و سەردەمەکەیدا بەدەربڕینی خۆی دایڕشتۆتەوە؟ وەڵامەکەمان لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەینەوە:

1. باشترین کەس وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە خودی قورئانە، جا بۆیە ئێمە سەرەتا بەڵگەکانی قورئان دێنینەوە پاشان بەڵگە مێژوویی و عەقڵی و لۆژیکییەکان.

**خوا لە چەندین شوێنی قورئاندا بە ڕاشکاوی دەفەرموێت:**

﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ ﴾ الشعراء.

﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢﴾ ﴾ يوسف.

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا ۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَمَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ ﴿٣٧﴾ ﴾ الرعد.

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ ٱلْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ﴿١١٣﴾ ﴾ طه.

﴿ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِى عِوَجٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ الزمر.

﴿ حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢﴾ كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ ﴾ فصلت.

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ ٱلْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ فَرِيقٌ فِى ٱلْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِى ٱلسَّعِيرِ ﴿٧﴾ ﴾ الشورى.

﴿ حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٣﴾ ﴾ الزخرف.

﴿ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢﴾ ﴾ الأحقاف.

﴿ وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ۖ ءَا۬عْجَمِىٌّ وَعَرَبِىٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾ ﴾ فصلت.

ئەم ئایەتانە بەڵگەی یەکلاکەرەوەن لە سەر ئەوەی کە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە نەک بە مانا دابەزیبێتە سەر دڵی پێغەمبەر و ئەو بە زمانی خۆی دایڕشتبێتەوە، چونکە دابەزین بە مانا پێویست بە ئاماژەکردن بە زمان ناکات چونکە ماناکان زمانیان نییە، بەڵکو ئەو کەسەی مانایەک دێتە دڵیەوە خۆی دوایی دەتوانێ بە هەر زمانێک بێت دەری ببڕێت.

2. کاتێک بێباوەڕەکان داوا لە پێغەمبەر دەکەن قورئانێکی تریان بۆ بێنێت یا ئەم قورئانە بگۆڕێت قورئان لەوەڵامدا دەڵێت:

﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٍ ۙ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا ٱئْتِ بِقُرْءَانٍ غَيْرِ هَٰذَآ أَوْ بَدِّلْهُ ۚ قُلْ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآئِ نَفْسِىٓ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾ ﴾ يونس.

واتە من بۆم نییە لە خۆمەوە ئەم قورئانە بگۆڕم من تەنها شوێنی ئەوە دەکەوم کە بۆم نیگا دەکرێت، من دەترسم ئەگەر سەرپێچی پەروەردگارم بکەم لە ڕۆژێکی گەورەدا سزای سەخت بدرێم.

3. تەحەدداکردنی بێباوەڕەکان بەوەی کە بتوانن کتێبێک لە شێوەی قورئان، یا لە شێوەی سورەتێکی قورئان بێنن لە ڕووی ڕەوانبێژی و شێوازی داڕشتنەکەیەوە بوو، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لە سەر ئەوەی کە قورئان بە لەفز دابەزیوە بەسەر پێغەمبەردا، چونکە پێغەمبەر ئاخاوتنی

تریشی هەبوو بەڵام تەحەددای پێنەکراوە، تەحەدداکەش بۆ عەرەب نابێ لە ڕووی ناوەڕۆکی قورئانەوە بێت چونکە جیاوازییەک بەدینەدەکرا لە نێوان ناوەڕۆکی قورئان و قسەکانی پێغەمبەردا بەڵکو پێغەمبەر زیاتر ناوەڕۆک و مەبەستەکانی قورئانی ڕوون دەکردەوە، کەواتە هەردەبێت ئەو تەحەددایە بە پلەی یەکەم بۆ ڕەوانبێژی و شێوازی قورئان بێت. ئەگەر مانای قورئان لای خواوە بوایە و داڕشتنەکەی لای پێغەمبەرەوە ئەو کاتە مانایەک نەدەما بۆ تایبەتکردنی قورئان بە تەحەددا بەڵکو تەحەددا بە هەموو ئەو قسانە دەکرا کە پێغەمبەر دەیکرد.

4. هەڵوێستی بێباوەڕان لە قورئان دەریدەخات کە قورئان بەزمانی عەرەبی و بە لەفز و مەعنا بەسەر پێغەمبەردا دابەزیوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە بێباوەڕەکان دەیانزانی قورئان لە دانانی خودی پێغەمبەر نییە چونکە ئەویان پێشتر دەناسی و ئاوها شتگەلێکیان یا ئاوها شێوازێکی ئاخاوتنیان لێنەبیستبوو، وە دەشیانزانی کە شێوازی قورئان لە ناو عەرەبدا نەک هەر باو نەبوو بەڵکو بوونی نەبوو، بۆیە هەرجارە و دەیاندایە پاڵ کەسێک و هەر جارە و شتێکیان دەربارەی دەوت، قورئان هەموو ئەو شتانەی تۆمارکردووە.

5. سووربوونی پێغەمبەر لە سەر نووسینەوەی قورئان ڕاستەوخۆ دوای دابەزینی و ڕاگرتنی دەیان نووسەری قورئان کە بە نووسەرانی وەحی ناسراوبوون و جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی تری ئاخاوتنەکانی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت، چ لەلایەن پێغەمبەر خۆیەوە ویا لەلایەن هاوەڵانیەوە، هەموو بەڵگەی یەکلاکەرەوەن کە قورئان بەلەفز و مانا دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر.

6. هەروەها فەرزکردنی خوێندنی قورئان لە نوێژدا و فەرماندان بە لەبەرکردنی و هاتنی فەرموودەیەکی زۆر لە سەر گەورەیی پاداشتی ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێتەوە و لەبەریدەکات و دانانی خوێندنەوەی قورئان بە عیبادەتێکی گەورە و لەسەرووی هەموو زیکرەکانەوە بەڵگەی یەکلاکەرەوەن لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە لەلایەن خواوەیە و لەلایەن پێغەمبەرەوە نییە.

پێغەمبەر دەفەرموێت:

(اقرءوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعاً لأصحابه). رواه مسلم/ صحيح مسلم حديث 11910ج 2 ص 197197.

(خيركم من تعلم القرآن وعلمه). رواه البخاري/ صحيح البخاري حديث رقم5027.

(إن الله يرفع بهذا الكتاب أقواماً ويضع به آخرين). رواه مسلم 1934 ج2 ص 201

(من قرأ حرفاً من كتاب الله فله حسنة، والحسنة بعشر أمثالها، لا أقول ألم حرف، ولكن: ألف حرف، ولام حرف، وميم حرف). رواه الترمذي حديث 2910 ج 5 ص 175.

ئەمانە و دەیان فەرمودەی تر کە لە فەزڵ و گەورەیی قورئان بە گشتی و یەکەیەکەی سورەت و ئایەتەکانی هاتوون هەموو بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە قورئان تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە لەفز و مانا دابەزیوە بەسەر پێغەمبەردا.

7. هەروەها جێگیربوونی ئەو ڕاستییە لە سیرەی پێغەمبەردا دروودی خوای لەسەربێت کە کاتێک قورئان دادەبەزی بەسەریدا حاڵەت و بارودۆخێکی تایبەتی لێ پەیدا دەبوو، وەکو ئەوەی کە ڕەنگی دەموچاوی دەگۆڕا تا وەکو خوڵەمێشی لێ دەهات[1] و لە ڕۆژی زۆر ساردا ئارەقەیەکی زۆری دەکرد[2] و لەشی قورس دەبووەوە[3]، بەڵگەی ترن لەسەر ئەوەی کە قورئان بە لەفز دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر نەک بە مانا.

8. هەروەها بێتاقەتبوونی پێغەمبەر لە کاتی دواکەوتنی دابەزینی قورئاندا بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە قورئان کەلامی خوایە بە لەفز و مانا.

9. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئەو هەموو ئایەتانەی باسی گەورەیی قورئان دەکەن بەڵگەی یەکلاکەرەوەن کە دابەزینی قورئان ڕووداوێکی گەورە بووە نەک هەر لە ژیانی پێغەمبەردا بەڵکو لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بە گشتی. خوا دەفەرموێت:

﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا الْقُرْآنَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ ۚ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (21) ﴾ الحشر.

﴿ قُلْ هُوَ نَبَأٌ عَظِيمٌ (67) أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ (68) ﴾ ص.

﴿ وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَىٰ ۗ بَل لِّلَّهِ الْأَمْرُ جَمِيعًا ۗ أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُوا أَن لَّوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا ۗ وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُوا قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ حَتَّىٰ يَأْتِيَ وَعْدُ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ (31) ﴾ الرعد.

﴿ اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (23) ﴾ الزمر.

ئەگەر بهاتبایە قورئان بەلەفز لەلایەن خواوە نەبوایە ئەو کاتە پاساوێک نەدەبوو بۆ ئەم هەموو ئایەتەی باسی گەورەیی قورئان دەکەن.

10. هەروەها ئاماژەدانی قورئان بەوەی کاتێک جنۆکە گوێیان لە پێغەمبەر بوو دروودی خوای لەسەر بێت قورئانی دەخوێند بەهەڵەداوان گەڕانەوە ناو قەومەکەی خۆیان و پێیان وتن ئێمە قورئانێکی سەیرمان گوێ لێبوو کە ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ ڕێی ڕاست و لە شوێنێکی تردا دانانیان بەوەی کە کتێبێکی ترە دوای ئەوەی بەسەر موسادا دابەزیوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە قورئان بە لەفز و مانا دابەزیوە.

﴿ قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا (1) ﴾ الجن.

﴿ وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنصِتُوا ۖ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ (29) قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنزِلَ مِن بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ (30) ﴾ الأحقاف.

11. ناوبردنی قورئان بە (کتاب) و (کتاب الله) و (کلام الله) و وەسف کردنی بەو سیفەتانەی لە باسکردنی سیفەتەکانی قورئاندا ئاماژەمان پێدان، وەکو سیفەتی الحکیم و الکریم و المجید و مبارك و مبین و حق..هتد، هەموو بەڵگەی ئەوەن کە ئەم قورئانە بە لەفز و مانا بە سەر پێغەمبەردا دابەزیوە.

---

١. عن عبادة بن الصامت قال : "كان رسول الله صلى الله عليه وسلم اذا نزل عليه الوحي كرب لذلك، تربد لذلك وجهه وخدّه، وأمسك عنه أصحابه، فلم يتكلّم أحد منهم" رواه ابن عبد الرزاق في مصنفه: ٧/٣٢٩، رقم الحديث: ١٣٣٥٩.

٢. عن عائشة قالت: "ولقد رأيته ينزل عليه الوحي في اليوم الشديد البرد، فيفصم عنه وان جبينه ليتفصد عرقاً". رواه البخاري في صحيحه ١/٤ باب كيف كان ينزل الوحي على رسول الله صلى الله عليه وسلم، رقم الحديث: ٣.

٣. عن ابن عباس قال: "كان النبي صلى الله عليه و سلم يعالج من التنزيل شدة وكان يحرك شفتيه" رواه البخاري في صحيحه ١/٦، باب كيف كان بدء الوحي الى رسول الله صلى الله عليه وسلم، رقم الحديث: ٥ ومسلم في صحيحه باب الاستماع للقراءة ٢/٣٥.

عن زيد بن ثابت قال: "كُنْتُ أَكْتُبُ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ اكْتُبْ لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَجَاءَ عَبْدُ اللَّهِ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أُحِبُّ الْجِهَادَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَكِنْ بِي مِنْ الزَّمَانَةِ وَقَدْ تَرَى وَذَهَبَ بَصَرِي قَالَ زَيْدٌ فَثَقُلَتْ فَخِذُ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى فَخِذِي حَتَّى خَشِيتُ أَنْ تَرُضَّهَا فَقَالَ اكْتُبْ ﴿لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ رواه احمد في مسنده عن زيد بن ثابت ٥/١٨٤ الحديث: ٢١٦٤١.



# سەبارەت بە قورئان وتوویانە

## ئەڵقەی سێهەم

نووسین و ئامادەکردنی: دکتۆر عیمادەدین خەلیل
وەرگێڕانی: فاروق ڕەسووڵ یەحیا Faruq_r@hotmail.com

### پیکارد

«ولیەم بێرچل بەشیر پیکارد William Burchell Bashyr Pickard» خەڵکی ئینگلتەرایە و، لە زانکۆی کانتەبری دەرچووە، نووسەرێکی بەناوبانگە و، ناوی هەندێ لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە زمانی ئینگلیزی: «مغامرات القاسم»،«عالم جديد». لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشداری کردووە و بە دیل گیراوە. ماوەیەک لە ئۆغەندا کاری کردووە و ساڵی (1922ز) موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاندووە.

#### لە وتەکانی:

«نوسخەیەکی وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەی «ساڤاری»م بۆ واتاکانی قورئان کڕی، کە بەنرخترینی شتەکانمە بە لامەوە. لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا گەورەترین چێژم دەست کەوت و گەلێ پێی دڵخۆش بووم، تەنانەت وام لێ هات کە وەکو ئەوە وابێت تیشکی حەقیقەت بە نووره پیرۆزەکەی بەسەر مندا هەڵهاتبێت»[1].

### حیتتی

«فیلیپ حیتتی P. Hitti» ساڵی (1886ز) لە دایک بووە. خەڵکی لوبنانە و ڕەگەزنامەی ئەمریکیی هەیە. ساڵی (1908ز) زانکۆی ئەمریکیی بەیرووتی تەواو کردووە. ساڵی (1915ز) دکتۆرای لە زانکۆی کۆڵۆمبیا وەرگرتووە و، ساڵانی (1915-1919ز) لە بەشی «خۆرهەڵات»ی هەمان زانکۆدا بووە بە موعید. ساڵانی (1919-1925ز) مامۆستای مێژووی عەرەب بووە لە زانکۆی ئەمریکیی بەیرووت. ساڵانی (1926-1929ز) مامۆستای یاریدەدەری ئادابی زمانە سامییەکان بووە لە زانکۆی پرینستن و، پاشان ساڵانی (1929-1954ز) تا کاتی خانەنشین بوونی مامۆستا و پاشان مامۆستای کورسی و دواتر سەرۆکی بەشی زمان و ئادابەکانی خۆرهەڵات بووە. لە چەندین کۆمەڵە و ئەکادیمیادا بە ئەندام هەڵبژێرراوە. ئەمەش ناوی هەندێکە لە بەرهەمەکانی: «أصول الدولة الإسلامية» 1916ز، «تأريخ العرب» 1927ز، «تأريخ سوريا ولبنان وفلسطين» 1951ز، «لبنان في التأريخ» 1960ز.

#### هەندێ لە وتەکانی:

1- «شێوازی قورئان لە هی غەیری ئەو جیاوازە، پاشان بەراورد قبووڵ ناکات لەگەڵ هیچ شێوازێکی دیکەدا و، لە تواناداا نییە لاسایی بکرێتەوە. «ئیعجازی قورئان»یش لە بناغەدا هەر ئەمەیە. «قورئان» لە نێوان هەموو موعجیزەکاندا موعجیزەی هەرە گەورەیە»[2].

2- «... ئیعجازی قورئان ڕێی لەوە نەگرت کە کاریگەریی بە ئەدەبی عەرەبییەوە دەربکەوێت. کەچی ئێمە گەر سەیری ئەو نوسخەیەی تەورات و ئینجیل بکەین کە لە سەردەمی «پادشا جەیمز»دا کرا بە ئینگلیزی، دەبینین ئەو کاریگەرییەی لەسەر زمانی ئینگلیزی بەجێی هێشت یەکجار کەمە، لە چاو ئەو کاریگەرییەدا کە قورئان لەسەر زمانی عەرەبی بەجێی هێشت. هەر قورئان بوو کە زمانی عەرەبیی پاراست لەوەی بۆ چەند زارێک پارچە پارچە ببێت»[3].

### حەننا

«دکتۆر جۆرج حەننا» مەسیحییەکی خەڵکی لوبنانە. بیرکردنەوەکانی لە ڕەهەندێکی ماددیی سروشتیی پەتییەوەیە، وەک بە ڕوونی لەو کتێبەیەوە دەردەکەوێت کە ناوی: «قصة الإنسان»ە.

#### لە وتەکانی:

«دەبێ دان بەوەدا بنرێت کە «قورئان» جگەی لەوەی کتێبی ئایین و شەریعەت دانانە، کتێبی زمانی عەرەبیی فوسحایشە. قورئان فەزڵێکی گەورەی لە بووژاندنەوەی زماندا هەیە. زۆرجار پێشـەوایانی زمان - چ موسڵمان بن و چ مەسیحی - لە بواری ڕەوانبێژی و ڕەوانکاریی وشەدا دەگەڕێنەوە بۆلای قورئان. جا ئەگەر موسڵمانەکان لەو باوەڕەدا بن کە ڕاست و دروستیی زمانی قورئان ئەنجامێکی بێ گومانی ئەوە بێت کە قورئان کتێبێکی نازڵ کراوە و بەهەڵەدانان هەڵناگرێ، ئەوا مەسیحییەکانیش دان بەم ڕاست و دروستییەدا دەنێن، بێ ڕوانینە ئەوەی کە نازڵکراو بێت یان دانراو. بۆیە هەرکاتێ گرفتێکی زمانەوانییان بێتە پێش، دەگەڕێنەوە بۆلای قورئان بۆ نموونە هێنانەوە بە زمانە ڕاست و دروستەکەی»[4].

### داوود

«عامر عەلی داوود» لە بنەماڵەیەکی هیندیی بە ئایین براهمیە. لەسەر دەستی ئەو موبەشیرانە بووەتە فەلە کە لەگەڵ پێشەنگی ئیستیعماردا هاتبوون. کتێبە ئایینییەکانی بە زۆری دەخوێندەوە. کاتێکیش بۆی ڕەخسا قورئان بخوێنێتەوە، موسڵمان بوو.

#### هەندێ لە وتەکانی:

1- «نوسخەی تەرجەمەی واتاکانی قورئانم بە زمانی ئینگلیزی هێنا، چونکە زانیبووم کە ئەوە «کتێبی پیرۆز»ی موسڵمانانە. دەستم کرد بە خوێندنەوەی و بیرکردنەوە لە واتاکانی. هەموو بایەخێکی منی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. گەلێ حەپەسام کاتێ کە وەڵامی قەناعەت بەخشی ئەو پرسیارە سەرسامکەرەم (ئامانج لە بەدیهێنان) لە یەکەم لاپەڕەکانی قورئاندا دۆزییەوە. ئایەتەکانی (30-39)ی سوورەتی «البقرة»م خوێندەوە کە چەند ئایەتێکن بە ڕوونی «حەقیقەت» بۆ هەموو لێکۆڵەرێکی بە ویژدان دەخەنە ڕوو. ئەم ئایەتانە بەوپەڕی ڕوونی و ئاشکرایی و بە ڕێگایەکی قەناعەت بەخش داستانی بەدیهێنانمان بۆ دەگێڕنەوە»[5].

2- «... لێکۆڵینەوەکەم لە قورئانی پیرۆزدا گەلێ کێشەی فیکریی لە پێش چاوی مندا دەرخست و، گەلێ ناسازیشی ڕاست کردەوە کە لە کتێبە ئاسمانییەکانی پێشوودا بینیبووم»[6].

(1) رجال ونساء اسلموا: 2/86.
(2) الإسلام منهج الحياة: 620
(3) هەمان سەرچاوە: 7/118: 287-288.
(4) قصة الإنسان: 79-80.
(5) رجال ونساء اسلموا: 7/116-118.
(6) هەمان سەرچاوە: 7/118: 7/118.

### دێرمینگەم

«ئێمیل دێرمینگەم» Emile Dermenghem خۆرهەڵاتناسێکی فەڕەنسییە. بەڕێوەبەری کتێبخانەی جەزائیر بووە. ئەمانەش هەندێکن لە بەرهەمەکانی: «حیاة محمد» پاریس 1929ز، کە یەکێکە لە وردترینی دانراوەکان کە خۆرهەڵاتناسێک لەبارەی پێغەمبەرەوە ﷺ دایینابێت. هەروەها «محمد و السنة الإسلامية» پاریس 1955ز. هەروەها گەلێ توێژینەوەی لە گۆڤارە بەناوبانگەکاندا بڵاو کردووەتەوە، چەشنی «المجلة الافريقية» و «حوليات معهد الدراسات الشرقية» و «نشرة الدراسات العربية» و... هتد.

**هەندێ لە وتەکانی:**

1- «مەسیح - درودی لەسەر بێت - لە قورئاندا پلەیەکی باڵای هەیە، چونکە لەدایکبوونی وەک هی خەڵکی تر نییە. هەروەها ئەو پێغەمبەرەی خوایە کە بە ئاشکرا لەبارەی مەبەستەکانی خۆیەوە لەگەڵ خوادا دواوە و، ئەوەشی بۆ یەکەم کەس گێڕاوەتەوە کە قسەی لەگەڵ کردووە. مەسیح لە قورئاندا وشەی گۆیای خوای گەورەیە، جگە لە «وەحی». قورئان مەبەستی لە «نەسرانییەتی ڕاستەقینە»یە کاتێ دەڵێ: «عیسا وشەی خوایە، یان ڕۆحی خوایە ئاڕاستەی مەریەمی کردووە و، یەکێکە لە مرۆڤەکان». هەروەها زەمی ڕێچکەی ئەوانە دەکات کە دەڵێن عیسا - درودی لەسەر بێت - خوایە. هەروەها زەمی ئەو ڕێچکەیەش دەکات کە «نان» پێشکەشی «مەریەم» دەکەن و بە پەرستشی دەزانن و پاشان دەیخۆن. ئەمانە و شتەکانی تری ڕێچکە ئیلحادییەکانی نەسرانی، نەک نەسرانیەتی ڕاستەقینە. نەسرانیی (ڕاستەقینە) بوارێکی تری نییە جگە لەوەی کە بەو هێرشەی قورئان ڕازی بێت کە دەیکاتە سەر سێ کوچکەی پێکهاتوو لە خوا و عیسا و مەریەم»[(7)].

2- «محەممەد ﷺ خۆی بە هۆکاری گەیاندنی «سرووش» دادەنێت و، ئەوپەڕی سوور بووە لەسەر ئەوەی کە گوێ بیستێکی ئەمین یاخود تۆمارێکی ڕاستگۆ، یان گێڕەوەیەکی پارێزراو بێت بۆ گوفتاری سێبەرە درەخشانەکە و، دەنگە بێ ورتەکەی گوفتاری ئەزەلی، لە شێوەیەکی دنیایی گوفتاری خوادا کە «ام الکتاب»ە.. بۆ ئەو گوفتارەی کە چەندین مەلائیکەتی بەڕێز لە ئاسمانی حەوتەمدا لەبەریان کردووە.

هەموو پێغەمبەرێک دەبێ بەڵگەیەکی هەبێت لەسەر پێغەمبەرێتییەکەی و، موعجیزەیەکیش کە تەحەددیی پێ بکات. قورئانیش تاقانە موعجیزەی محەممەدە ﷺ. چونکە شێوازی دەستەوسانکاری قورئان و بەهێزیی باسەکانی، هەتا ئێستاش لایەنی نەجووڵاوی ئەو کەسانە دەوروژێنن کە دەیخوێننەوە، هەرچەندە لە خواپەرستە خاوەن تەقواکانیش نەبن. محەممەد ﷺ تەحەددیی جیننی و ئادەمیزادی دەکرد کە هاوشێوەی قورئان بهێنن. ئەم تەحەددییەش ڕاست و دروست ترین بەڵگەی محەممەدە ﷺ لەسەر ڕاستیی پەیامەکەی.

بێ گومان هەموو ئایەتێکی قورئان - تەنانەت گەر ئاماژەشی بۆ وردترین ڕووداوی ژیانی تایبەتیی ئەو کردبێت - بە جۆرێک بۆی دێت (بۆی وەحی دەکرێت) کە سەرانسەری گیانی مرۆڤ لەو موعجیزە عەقڵییە دەلەرێنێتەوە. گومانیش لەوەدا نییە کە دەبێ توێژینەوە لە نهێنیی کاریگەری و مەزنیی سەرکەوتنەکەیدا بکرێت»[(8)].

3- «محەممەد ﷺ کە دوورە لە داڕشتن و دانانی قورئان، هەندێ جار بە بێ سوود چاوەڕێی هاتنی «وەحی»ی دەکرد، خەفەتی بەوە دەخوارد و حەزی دەکرد پەیتا پەیتا «وەحی»ی بۆ بێت»[(9)].

(7) حیاة محمد: 131-132.
(8) هەمان سەرچاوە: 279-280.
(9) هەمان سەرچاوە: 285.

### دی کاستری

«کۆنت هێنری دی کاستری» Cte. Henry De Castries (1850-1927ز) بە ڕەگەز هۆڵەندییە و، موقەدەم بووە لە سوپای فەڕەنسادا. ماوەیەک لە باکووری ئەفریقیا ژیاوە. ئەمەش ناوی هەندێکە لە بەرهەمەکانی: «مصادر غير منشورة عن تأريخ المغرب» 1905ز، «الاَشراف السعديون» 1921، «رحلة هولندي إلي المغرب».

**هەندێ لە وتەکانی:**

1- «ژیری سەرسامە لەوەدا کە چۆن دەکرێت ئەو ئایەتانە لە کەسێکی نەخوێندەوارەوە سەرچاوە بگرێت، لە کاتێکدا کە هەموو خۆرهەڵات دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوانە چەند ئایەتێکن هزری مرۆڤ دەستەوسانە لە هێنانی وشە و واتای هاوشێوەیاندا. ئەو ئایەتانەی کە عەقەبەی کوڕی ڕەبیعە بیستنی سەری لە جوانییان سوورما! بەرزیی دەستەواژەکانی بەس بوون بۆ ئەوەی کە قەناعەت بە عومەری کوڕی خەتتاب بکەن، بۆیە ئیمانی بە خوای خوێنەرەکەی هێنا و، چاوی نەجاشیی حەبەشە فرمێسکی هەڵڕشت کاتێ جەعفەری کوڕی ئەبووتالیب سوورەتی زەکەریا (مەریەم)ی بۆ خوێندەوە و ئەوەش کە باسی لە دایک بوونی یەحیا دەکات. قەشەکانیش دەنگیان لێ هەڵبڕی کە ئەم گوفتارە لە هەمان سەرچاوەی گوفتاری عیساوە هەڵقوڵاوە.

بەڵام ئێمەی خۆرئاوایی ناتوانین لە واتاکانی قورئان وەک خۆی تێبگەین، چونکە پێچەوانەی هزر و بیرەکانی ئێمەن و، جیاوازن لەوەی کە نەتەوەکانی ئێمەی لەسەر پەروەردە کراوە. لەگەڵا ئەوەشدا نابێ ئەوە هۆی ڕێگریمان بێت لەو باوەڕەی کە چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیریی عەرەبەکان بووە.

«جان جاک ڕۆسۆ» لەوەدا پێکاویەتی کە دەڵێ:

«هەندێ کەس شتێکی کەمی زمانی عەرەبی فێر دەبێت و، ئنجا قورئان دەخوێنێتەوە و پێی پێ دەکەنێت. خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ گوێی لە محەممەد ﷺ بووایە کە بەو زمانە ناسکە فوسحایە بۆ خەڵکی دەخوێندەوە کە دەنگە پڕ و قەناعەت بەخشەکەی گوێی گوێبیستانی ئاو دەدا و، کاری لە دڵەکان دەکرد، ئەوا سەری سوژدەی دەنایە زەوی و، هاواری لێ دەکرد: ئەی پێغەمبەری خوا! دەستمان بگرە و بمان بە بۆ هەڵوێستەکانی شەرەف و سەربەرزی، یان شوێنە پڕ لە مەترسییەکان. ئێمە لە پێناوی تۆدا، حەز بە مردن یان سەرکەوتن دەکەین!

چۆن دەچێتە عەقڵەوە کە ئەم کتێبە بەو زمانە فوسحایە پێغەمبەر ﷺ دایینابێت، لە کاتێکدا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا - بە وێنەی زمانی لاتینی - تەنها کەسانی زانا شارەزای بوون. خۆ ئەگەر قورئان جگە لە درەخشانیی واتاکانی و جوانیی داڕشتنەکانی شتێکی دیکەی تێدا نەبێت، ئەوا بەسە بۆ ئەوەی کە بەسەر هزرەکاندا زاڵ ببێت و دڵانی بۆ کەمەندکێش ببن»[(10)].

2- «محەممەد ﷺ قورئانی وەک بەڵگەیەک هێنا لەسەر ڕاستیی پەیامەکەی. هەتا ئەمڕۆش قورئان یەکێکە لەو نهێنییانەی کە ئەستەمە کۆدەکانی بکرێنەوە و، کەس ناتوانێت بڕواتە ناخی ئەم نهێنییە پارێزراوە، مەگەر کەسێک باوەڕ بەوە بهێنێت کە لە لایەن خوای گەورە نازڵ کراوە»[(11)].

3- «لە هەندێک شوێندا لەوانەیە لێک چوونێک لە نێوان قورئان و تەوراتدا ببینین، بەڵام زانینی هۆی ئەوە ئاسانە گەر تێبینیی ئەوە بکەین کە قورئان هاتووە تەواوکاری تەورات بێت، هەروەک پێغەمبەر ﷺ خۆیشی دواهەمینی پێغەمبەرانە»[(12)].

(10) الإسلام خواطر وسوانح: 18-20.
(11) هەمان سەرچاوە: 20.
(12) هەمان سەرچاوە: 22-23.

# زانستە شاراوەکانی ئیسلام/ بەشی دووەم

و/ هاوژین طالب hawzhin@gmx.de




ئەم بابەتە ئەڵقەی دووەمی بەرنامەی زانستە شاراوەکانی ئیسلامە کە (هێندریک های) لە کەناڵی (RTL2)ی ئەڵمانی پێشکەشی کرد.

(هێندریک های) لە پێشەکی ئەڵقەی دووەمی بەرنامەکەیدا (جیهانی موعجیزەکان) دەڵێت: «باسی ئەمڕۆ لەسەر زانستە شاراوەکانی ئیسلامە، کە چۆن ئێمەی مەسیحیەکانی ئەوروپا ئەو زانستانەمان دەدزی و تا ئێستاش ڕاستیی سەرچاوەی زانستە تازەکانمان دەشارینەوە.»

پاشان (های) دەڵێت: «دوو سەرکردەی گەورە لە سەردەمی جەنگی خاچپەرستاندا بە یەکگەیشتن، (سوڵتان سەلاحەدین) کە توانی قودس بۆ موسڵمانان بگەڕێنێتەوە، لەگەڵ (ڕیتشارد دڵی شێر) گەورەترین سوارچاکی سەدەی ناوەڕاست کە دەیویست قودس بە شێوازێکی دڕندانە بگەڕێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی بگاتە ئامانجەکەی، هەربۆیە گەیشتە ئەوەی یەکەم ڕێکەوتنی دبلۆماسی لە مێژووی قودسدا بکات، بەوەش سەلاحەدین بەسەرکەوتوویی مایەوە.. بەڵام نەیدەزانی کە ماوەیەک بوو سەرکردە خاچپەرستەکان دەستیان بە دزینی ئەوەی کە نرخی لە سەرکەوتنەکە زیاتر بوو کردبوو!»

لە ساڵی 1187ز سوڵتان سەلاحەدین سوپای خاچپەرستانی لە (حوتین) شکاند، بەوەش توانی دەست بەسەر قودسدا بگرێت و، دوای نزیکەی 100 ساڵ لە حوکمی خاچپەرستان شاری پیرۆز جارێکی تر کەوتەوە دەستی موسڵمانان، ئەوە لە سەردەمێکدا کە زانست و تەکنەلۆجیا لە بازنەی کەلتوری ئیسلامیدا بە هەنگاوی گەورە پێش دەکەوت. کە ئەمەش ئێستا بەلامانەوە سەیرە! بەهۆی کاری دبلۆماسی سەلاحەدینەوە نزیکبوونەوە لە نێوان مەسیحییەکان و موسڵماناندا ڕویدا و، ئەمەش ڤاتیکانی نیگەران کردبوو، پاپا (گریگۆریوسی سیانزەیەم) بەهۆی کەوتنی قودسەوە ورەی لە دەستدابوو، هەر بۆیە داوایکرد قودس بە خێرایی بگەڕێتەوە، قەیسەرەکان و پادشاکانی ئەوروپاشی کردە لایەنێکی ئەو بەرپرسیارێتیە و بانگەشەی بۆ هێرشی خاچپەرستی سێیەم کرد.

یەکێک لە حاکمە ئەوروپییەکان کە ئەم ئەرکەی پێ سپێردرا، پادشای ئینگلتەرا (ڕیتشاردی یەکەم) بوو، ئەستێرەی دەرکەوتووی سەدەی ناوەڕاست کە بەهۆی بەهێزیی سەرکردایەتیەوە نازناوی دڵی شێریان لێنابوو.. دوای مردنی قەیسەری ئەڵمانی (فریدریک بایبروس)، ریتشارد ساڵی 1190ز بە دوو ساڵ پێش هێرشە خاچپەرستییەکەی ڕوویی لە باشووری ئیتاڵیا کرد و، سوور بوو کە ناو و پلە و پایەی خۆی تەنانەت لە فەلەستینیشدا دروستبکات، بۆیە لە ساڵی 1191ز کەشتیگەلەکەی لە (سیسلیا)وە بەڕێکەوت و لە ئەپریلدا گەیشتە بەندەری (عەکا).. لەوکاتەوە کە خاچپەرستان لە حوتین شکابوون، شاری عەکا لە ژێر حوکمی مسوڵماناندا دەژیا، بەڵام لە دوای چەندین مانگ لە گەمارۆدان ڕیتشارد توانی قەڵاکە تێکبشکێنێت و فەرمانی بە قەسابخانەیەکی ڕاستەقینە بەسەر گەلی عەکا کرد، ئەوانەشی کە ڕزگاریان بوو نزیکەی سێ هەزار کەس بوون بە دیل بردنی و داوای لە سەلاحەدین کرد ڕزگارانە (فیدیە)یان بۆ بدات.. بە هەواڵی گەیشتنی ڕیتشارد و کەوتنی عەکا زەنگی مەترسی لەلای سوڵتان لێیدا، بۆیە ناچار بوو بەرگری قودس بەهێز بکات.. سوڵتان سەلاحەدین فرمانی بە مامۆستا (بهاءالدین) و (ابن الاثیر) کرد بڕێکی زۆر لەو شلەمەنییە دروستبکەن کە پێی دەوترا ئاگری ئیغریقی (لەوانەیە بۆیە بەوە ناونرابێت چونکە ئیغریق یەکەم کەسبوون دایان هێناوە و بەکاریان هێناوە).



ڕۆژهەڵاتناس پڕۆفیسۆر (فوات زێتسگین – Fuat Sezgin) دەڵێت: ”موسڵمانان بە پلەی یەکەم هەستان بە وەرگرتن لە زانستەکانی کەلتورەکانی تر وە و بە شێوەیەکی گەورە پەرەیان پێدان، یۆنان پاشان فارس و ماوەی بابلییەکان هەروەها هندییەکان ئەم کەلتورانە گرنگترین سەرچاوە سەرەکیەکانی زانستەکانی عەرەب بوون.“



ئاگری ئیغریقی تێکەڵەیەک بوو بەشێوەیەکی خێرا گڕی دەگرت، دەکرایە جۆرە دەفرێکی فەخارییەوە و دوای داگیرساندنی پڵیتەکەی، تەقەمەنییە ئاگرەکە بەسەر دەستدرێژکاراندا دەدرا.. لەم وێنانەشدا شارەزای تەقەمەنییەکان (بیت ڕۆتەر) لە کارگەکەیدا لە شاری (میونشن) پیشانمان دەدات کە چۆن ئاگری ئیغریقی کاردەکات، چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەم تێکەڵەیە و دروستکردنی ئەم بۆمبانە لە نوسراوەکانی سەدەی ناوەڕاست وەرگیراوە لەو وێنانەی کە لە دەستنوسەکاندا هەن و باس لەتەکنەلۆجیای جەنگی عەرەب دەکەن

(بیت رۆتەر) دەڵێت: "تێکەڵەکە بریتی بوو لە (نەفتالین) یان بەناوێکی تر (نەوت) لەگەڵ نیتراتی پۆتاسیۆم و فسفۆر.. تایبەتمەندیەکەشی لەوەدایە کە بە ئاسانی و بە ئاو ناکوژێتەوە، ئەگەر لەبەردەستدا بێت تەنها بە (لم) دەکوژێتەوە، بێگومان ئەوان لمیان لەگەڵ خۆیان هەڵنەدەگرت و ئاویش هەمیشە بەردەست نییە بەو شێوەیە مەحاڵ بوو کوژانەوەی ئەمە."

لەم کاتانەدا کە سوپاکانی سەلاحەدین چەکیان بۆ بەرگری لە قودس ئامادە دەکرد، سوڵتان تیامابوو، بارودۆخ لە عەکا بەو شێوەیە بوو، ریتشارد دڵی شێر سێ هەزار دیلی مسوڵمانی لە ژێر دەست بوو، هەموو خەم و خەفەتی سوڵتان لەلایەکەوە حاڵی گەلە دیلەکەی بوو کە ئازاری دەدا، لەلایەکی تریشەوە نەیدەویست مل بۆ پاڵەپەستۆکانی دڵی شێر کەچ بکات، لەگەڵ قورسی بڕیارەکەیدا ڕازی نەبوو ڕزگارکەرانە (فیدیە)ی پارە بدات، بۆیە خۆی بۆ جەنگ کردن لەگەڵ فەرەنجییەکان لە قودسدا ئامادەکرد.

(ابن الاثیر) دەڵێت: "مامۆستای بەڕێزم چەکێکی تری پیشاندام کە ئەو دیزاینی کرد بوو، گیراوەیەکی ڕەش بوو بەڵام مەترسی لە دەفرە سوتێنەرەکان زیاتر بوو، گیراوەیەک مەترسیەکەی بە خەیاڵدا نەدەهات! بەڵام پرسیارم لێ کرد، چۆن دەتوانین لە دژی فەرەنجییەکان بەکاری بهێنین؟ ئەویش بۆی ڕوونکردمەوە کە دەتوانرێت بە بەکارهێنانی ئەو گیراوەیە تیری ئاگر بگرنە دوژمن، بەمەش خۆپارێزی لە شەڕی ڕاستەوخۆ دەکرێت".



لەم وێنانەشدا (بیت رۆتەر) ئەم چەکەی سەدەی ناوەڕاست تاقیدەکاتەوە و دەڵێت: "بەمە دەڵێین موشەکی عوسمانی کە پڕ دەکرێت لە بارودی ڕەش، هاوێژەر لێرەدا وا دیزاین کراوە کە بۆ دوورترین ماوە بتوانرێت بتەقێنرێت، ئەمە لە بنەڕەتدا گەورەتر بووە و لە کانزا بووە، دەبێت زۆر قورستریش بوبێت، پێشم وایە نەیتوانیوە بۆ ماوە زۆرەکان بفڕێت.. بیرۆکەکە لە بنەڕەتدا لەو موشەکانە دەچێت کە بۆ جەژنەکان دروستدەکرێت، پێکهاتووە لە لاشەی موشەکەکە و هاوێژەرێکیش کە پڕ دەکرێت لە بارودی ڕەش، کونێکی بچووکی هەیە هەڵدەستێت بە ئەرکی پاڵنان بە هاوێژەرەکەوە بەشێوەیەک کە تەنگ بە ئاگرەکە بدات، هەروەها شا پڵێتەی تەقەمەنیەکە کە گڕدەگرێت و لولەیەکیش لە پێناو بەدەستخستنی خاسیەتی بالستیکی باشتر، کە بەبێ ئەو موشەکەکە ماوەیەکی کەم و بەبێ ئاراستە دەفڕێت و پاشان دەکەوێتە سەر زەوی، سەبارەت بە موشەکی عوسمانیی بەم شێوەیە بوو بەڵام بەجۆرێک قورس بوو کە نەیدەتوانی ماوەیەکی زۆر زیاتر لەم نموونەیە بفڕێت".



جگە لە دەفرە سوتێنەر و موشەکەکان کارامە موسڵمانەکان دواتر لە سەدەی چواردەی زاینیدا پەرەیاندا بە زرێ پۆشێکی جەنگی، کە دەسکێکی پێوە بوو بۆ تێکدانی دیوارەکان و دەرگاکانی قەڵاکان، جەنگاوەرەکانیش لەناو زرێ پۆشەکەدا پارێزراو دەبوون لە هاوێژەر و تەقەمەنی یە سوتێنەرەکان.

هەرچەندە سەلاحەدین سوپا و چەکی زیاتری هەبوو بەڵام نەیتوانی دیل کراوەکانی لە عەکا ڕزگار بکات، ڕازی نەبوونی بەوەی کە ڕزگارانە (فیدیە) یان بۆ بدات بووە هۆی ڕوودانی قەسابخانەیەکی تر.. ریتشارد دڵی شێر فرمانی بە پەڕاندنی سەری هەر سێ هەزار دیلەکە کرد و، بڕیاریشیدا هێرش بەرێتە سەر سەلاحەدین لە قودس.. بەڵام لە دووری چەند کیلۆمەترێک لە دەرگاکانی شارەکە ریتشارد نەخۆش کەوت و ناچار بوو بوەستێت، چونکە پزیشکەکەی دەستەوسان بوو لە چارەکردنی و نەیتوانی یارمەتی پادشا بدات و بە پەروەردگاری سپارد...




مێژوونوس (تۆماس شویتس- Thomas Schuetz ) دەڵێت: "لە ڕاستیدا لە سەدەی ناوەڕاستدا پزیشکێکی عەرەب هەلی بۆ ڕەخسا کە ئاستی کاری پزیشکێکی مەسیحی ببینێت و شایەتی کاری پزیشکییان بێت.. ئەو پزیشکە عەرەبەی کە بانگ کرا بۆ کۆشکی مەسیحی بەهۆی دەرکەوتنی چەندین دیاردەی نەخۆشی ئەو کاتە.. ئافرەتێکی بینی کە لەوە دەچوو نەخۆشی دەروونی هەبێت سەریان بە تەواوی تاشی بوو، لە پێستی سەریدا وێنەی خاچێکیان کردبوو، کە ئەمە لای مەسیحییەکان شێوازی چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان بوو".

ئەوکاتە کە کەسی ئەوروپی هەوڵی دەدا نەخۆشی بە جادوو و نزا چارەسەر بکات، پزیشکە عەرەبەکان بەهۆی زانیارییان بە زانستی توێکاری لاشەی مرۆڤ، دەیان توانی نەشتەرگەری ئاڵۆز و، نەشتەرگەری لە ئێسک و ئۆرگانەکانی ناوەوەشدا ئەنجام بدەن، چەندین ئامێری میکانیکیشیان بۆ پشکنین و دیاریکردنی نەخۆشییەکان پێش خست.



کارمەندی پسپۆڕ (لوتس کۆتهۆف-Lutz Kotthof ) دەڵێت:
ئەم ئامێرە لەسەر دەستنوسێکی سەدەی دوانزەی زایینی دروستکراوەتەوە، کە بۆ پێوان و پشکنینی بڕی خوێنی دەرهاتوو لە دەرچەی خوێنبەرەکان بەکاریان دەهێنا، خوێنەکە ڕۆدەکرێتە ئەم تەشتەوە، بەهۆیەوە خوێنەکە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو دەفرێکی شێوە لولەیی کە پارچەیەکی سەرئاوکەوتوو لە خۆی دەگرێت، ئەو پارچەیەش هەموو ئامێرەکە دەجولێنێتەوە.. ئەو دوو پەیکەرەی سەر سەقفی ئامێرەکەش ئەرکیان دڵخۆشدانەوەی نەخۆشەکەیە و ئاماژەش بە بڕی خوێنی دراو دەکات.

(ابن الاثیر) دەڵێت: " سوڵتان سەلاحەدین فەرمانی پێ کردین کە بچین هەوڵی چارەسەری پادشای فەرەنجییەکان ریتشارد بدەین، کە من لەوە تێنەدەگەیشتم بۆچی دەبێت ئێمە چارەسەری گەورەترین دوژمنمان بکەین!؟ بەڵکو سوڵتان دیارییشی پێدا ناردین بۆی! ئایا دەبێت ئامانجی لەم کارە چی بێت؟ مامۆستاکەم دەیزانی چی ڕوودەدات بەڵام پێی نەدەوتم؟ هەرچۆنێک بێت من تامەزرۆی ئەوەبووم بزانم چۆن کافران پێشوازیمان لێدەکەن، کە گەیشتینە لای دوژمنە خاچپەرستەکان بە ساردییەکەوە پێشوازییان لێ کردین و هەستم بە گیانێکی دوژمنایەتی شاراوە دەکرد.. پادشا لەسەر جێگاکەی ڕاکشابوو حاڵی زۆر لاواز بوو، مامۆستاکەم پشکنینی بۆ کرد و بە خێرایی و بە ڕوونی بۆی دەرکەوت کە ریتشارد دڵی شێر تووشی چی بووە! خۆراک خواردنی بەشێوەیەکی خراپ بووە، لە پزیشکە فەرەنجییەکەشەوە زانیمان کە پادشا چەند هەفتەیەکە تەنها گۆشتی وشکی خواردووە بە بێ سەوزە و میوە، مامۆستام پزیشکە فەرەنجییەکەی دڵنیاکردەوە و بۆی ڕوونکردەوە بەم زووانە پادشا چاک دەبێتەوە بەمەرجێک میوە بخوات و لە ژینگەیەکی پاک و خاوێندا خزمەتبکرێت".

هەروەها (تۆماس شویتس) دەڵێت: "لە سەدەی یانزەی زایینیدا لە کەلتوری ئیسلامیدا ئاسایی بوو کە هەموو ماڵەکانیان بۆری هاتن و دەرچوونی ئاویان هەبوو، هەموو ڕۆژێک بۆ خۆشتن دەچوونە حەمام، بەڵام لە سەدەی دەی زایینییەوە خەڵکی شارەکانی ئەوروپا دەستیان کرد بە لە پێکردنی کەوشی تەختە (پێڵاوی تەختە) بە پاژنەی بەرز تا بتوانن بەسەر جادەدا برۆن و قاچیان نەچێتە پیساییەوە کە بە جادەکانیاندا بلاو بوو".

ئەوە بارودۆخی تەندروستیی ئەو کاتەی شارەکانی ئەوروپا بوو.. بەڵام موسڵمانان نەک تەنها لە شارەکانیاندا بەڵکو لە کشتوکاڵیشدا ئاویان بۆ شوێنە پێویستەکان دەگواستەوە.



(لوتس کۆتهۆف) دەڵێت: "ئەم نموونەیە ترومپایەکی بەرزکردنەوەی ئاوە بەم شێوەیە کاری دەکرد، تەوژمی ئاوەکە دۆڵابە ئاوییەکە دەجولێنێ، دۆڵابەکەش لە ڕێی ئەو دانەپێچکەوە سورانەوەکەی دەگوێزێتەوە بۆ ئامێری بەرزکردنەوەی ئاوەکە، ئەویش پاڵ بە ئاوەکەوە بۆ سەرەوە دەنێت کە کێڵگەکانی کشتوکاڵی لێیە، بە بەکارهێنانی ئەم ترومپایانە دەتوانرێت بڕێکی زۆر لە ئاودان بکەین."

(ابن الاثیر) دەڵێت: "من دواتر تێگەیشتم بۆچی سوڵتان ئێمەی بۆ خێوەتگای فەرەنجییەکان و چارەسەرکردنی ریتشارد نارد، ئەو دەیویست چارەسەری ململانێکەی قودس بەڕێگەی دبلۆماسی بکات."

سەلاحەدین تەنها سەرکردەیەکی سەربازی بەهێزنەبوو، بەڵکو سیاسییەکی زرنگیش بوو، نەخۆشی ریتشاردی بە هەل زانی بۆ نزیککردنەوەی نێوان موسڵمانان و خاچپەرستەکان، نەخشەکەشی سەریگرت ریتشارد دڵی شێر زانی کە ناتوانێت بچێتە قودسەوە، بۆیە بە مەرجەکانی سەلاحەدین ڕازی بوو، قودس لەژێر دەستی مسوڵماناندا دەبێت لە بەرامبەری ئەوەدا خاچپەرستەکان لە شارەکانی ڕۆخ دەریادا دەمێننەوە (یافا و عەکا و صور)، لە ئەنجامی ئەم نەخشەیەی سەلاحەدین یەکەم نزیک بوونەوەی ئاشتیانە لە مێژووی نێوان مسوڵمانان و خاچپەرستاندا ڕوویدا و دوای گەمارۆیەک کە دوو ساڵی خایاند هێزی خاچپەرستان لە سێپتەمبەری 1192 ز لە فەلەستین کشانە دواوە.

(هێندریک های) لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەدا دەڵێت: "لە دەوروبەری ساڵی 1215 ی زایینیدا (سەدەی سیازدەیەم) لە ئیسپانیا جگە لە (تەلیتەلە) و (قورتوبە) شاری (بالیرمۆ)ش، یەکێک بووە لە گەورەترین ناوەندەکانی زانستە ئیسلامیەکان، کە بەرپرسی ئەو شارە قەیسەری ڕۆمانی (فریدریکی دووەمی ئەڵمانی) بوو، کە لە ناخەوە ئەو دواکەوتنە دڕندانەیەی ئەوروپای لا بێزراو بوو، پاڵپشتی کەلتوری عەرەبی و زانستی دەکرد، بەمەش ببووە چقڵی چاوی کەنیسەی کاسۆلیکی، بۆیە کەنیسە نەیهێشت هیچ نزیک بوونەوەیەک لەنێوان ئەو دوو دینەدا ڕووبدات.! چۆن ئەوەیان بۆ کرا لە ئەڵقەی سێ یەمی بەرنامەی جیهانی موعجیزەکاندا باسی دەکەین".

وەرگێڕ: وەک لە ئەڵقەی یەکەمدا باسمان کرد، ئێمە لەبەر ئەمانەت پارێزی، بابەتەکە بەبێ دەسکاری وەک خۆی بڵاو دەکەینەوە، ئەگەر نا ئەوا تێبینی خۆمان لەسەر ئەو بابەتە و مێژووی سەلاحەدین هەیە کە پێشکەشکاری بەرنامەکە هێناویەتی..

سەرچاوە:
https://www.youtube.com/watch?v=79R9azF1mig

# کۆنترین کۆپی قورئانی پیرۆز










زانا ئەڵمانیەکان کۆپیەکی قورئانی پیرۆزیان دۆزیوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زاینی و، لە ساڵی 1864 دا گەیشتۆتە زانکۆی «توبینگن»ی ئەڵمانی و بڕوا وایە کە ئەو قورئانە پاش وەفاتی پەیامبەر موحەممەد ﷺ بە 20 تا 40 ساڵ نوسرابێتەوە، بە پێی زانکۆی ناوبراوی ئەڵمانی لە ڕۆژی دووشەممەی 2014/11/10 ئەو کۆپیەی قورئانی پیرۆز کە ئێستا وا لە کتێبخانەی ئەو زانکۆیە کۆنترە لەوەی کە یەکەمجار مەزەندەکرابوو، چونکە پێشتر بڕوا وابوو کە ئەو کۆپیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم یان نۆیەمی زاینی، بەڵام لە ئێستادا بۆیان دەرکەوتوە کە ئەو کۆپیەی قورئانی پیرۆز دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وە بە پێی تۆژەرەوانی ئەو زانکۆیە ئەو کۆپیە پاش وەفاتی پەیامبەر (ساڵی 632 ز) بە 20 تا 40 ساڵ نوسراوەتەوە، پشکنینی ورد کراوە بۆ نمونەی ئەو نوسراوە لە میانەی پرۆژەیەکی تۆژینەوەیی جیهانی کە تیایدا مەبەستیانە زۆر بە وردی مێژووی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز دیاریبکەن، وتەبێژی زانکۆکە ڕوونیکردەوە کە کۆپیەکە بە خەتی کوفی نوسراوە، ئەوەش یەکێکە لە کۆنترینی خەتە عەرەبیەکان کە دەتوانرێت بە وردی مێژووی ئەو دەقە قورئانیە پیرۆزانە دیاریبکرێت لە میانەی تایبەتمەندیەکانی ئەو جۆرە خەتەوە، هەروەها دەشتوانرێت لە ڕێگای فیزیاویەوە ڕاستاندن بۆ ئەو ئەنجامانە بکرێت، وە بە پێی ئەو ژنە وتەبێژە ئەو نوسراوە کۆنترینە کە لای ئەوان هەبێت. ئەو کۆپیە لە ساڵی 1864 دا دەگاتە کتێبخانەی زانکۆی «توبینگن» لە میانەی کڕینی هەندێك کتێب تایبەت بە قونسوڵی ڕوسی ( یۆهان گۆتفرید فیتس شتاین ).

سەرچاوە:

arabic.rt.com/news/764434-
goo.gl/sCKj31

# ئادەم و حەوا
# بـە بەڵگەی زانستی

ن: کارزان زانست خواز hozan-hawleri@hotmail.com

بە درێژایی مێژوو ئەوانەی کە بڕوایان بە خودا و کتێبە ئاسمانیەکان نـەبوو تیۆری (خەلق)یـان ڕەتدەکردەوە و جێگرەوەی ماددی و هۆکاری سروشتیان دەخستە شوێنی، وە هەموو ئایینە ئاسمانیەکان کاتێک باسی بنەڕەتی مرۆڤیان دەکرد دەیانبـردەوە سەر دوو کەس، کە باوک و دایکی مرۆڤایەتین ئەوانیش: «ئادەم و حەوا» یان (ئادەم و ئیڤە). هەموو زمانە جیاوازەکانی دونیا بەم شێوەیە ناوەکەی دێنن، واتە ئەم دوو ناوە نەگۆڕە هەتا لە هەموو کتابە ئاسمانیەکانیشدا.

چەند ساڵێک لەمەوبەر زانستی بۆماوەزانی مرۆیی human genetics هەڵسا بە لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار مەزن و دورودرێژ و ئاڵۆز لەسەر ڕەچەڵەکی مرۆڤی زیرەک Modern man.

- بۆ مرۆڤە (نێرەکان) لە ڕێگای پشکنینی (مایکرۆی)ی ئەنجامدرا لەسەر «کرۆمۆسۆمی Y» لە چەند شوێنێکی جیاواز بۆ ڕەگەزی نێر لە وڵاتە جیاجیاکاندا، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی هەموو مرۆڤە نێرەکانی سەر زەوی ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ یەک باوک. واتە درەختی (Y) کرۆمۆسۆمی هەموو نێرەکان ڕەگەکەی یەک کەسە ئەویش:

« Y-chromosomal Adam (Y-MRCA)» واتە : Y کرۆمۆسۆم ئادەم

ئەمانەش لینکی سایتی (سکای نیوز) و (ویکیپیدیا) و (ناشیونال جیوگرافیک) و (کەناڵی Ufo) لە (یوتیوب)ن وەکو بەڵگە:

http://www.sci-news.com/genetics/science-y-chromosomal-adam-01709.html

http://en.wikipedia.org/wiki/Y-chromosomal_Adam

http://ngm.nationalgeographic.com/print/2006/03/human-journey/shreeve-text

https://www.youtube.com/watch?v=jVrtiK3XqTM

–هەروەها لە بەرامبەریشدا بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەک و بنەڕەتی مرۆڤە (مێـیەکان) پشکنین و لێکۆڵینەوە ئەنجامدرا لە هێڵەکانی (مایتۆکۆندریا)ی خانەی ئافرەتان کە ئەمەش لە شوێنی جیاجیا لە وڵاتەکان ئەنجامدرا وە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ڕەچەڵەکی هەموو مرۆڤە مێـیەکانی سەر زەوی دەگەڕێتەوە سەر یەک کەس، واتە درەختی (مایتۆکۆندریا)ی حەوای هەموو مێیـەکان ڕەگەکەی یەک کەسە ئافرەتە ئەویش: ( Mitochondrial Eve ) واتە: مایتۆکۆندریای ئیڤ یان مایتۆکۆندریای حەوا.

–ئەمانەش لینکی سایتی (ویکیپیدیا) و (ساینس دەیلی) و (جینیت کوێدوکەن) وەکو بەڵگە:

http://es.wikipedia.org/wiki/Eva_mitocondrial

http://www.sciencedaily.com/releases/2010/08/100817122405.htm

http://www.gentequeeduca.org.br/planos-de-aula/eva-mitocondrial-nossa-mae-africana

بێگومان هیچ کەسێک هەتا هیچ زانایەکیش ناتوانێ ئەم دۆزینەوە گرنگە ڕەت بکاتەوە چونکە ئەمە بیردۆزێک نیە یان بیرۆکەیەک بێت وەکو (پەرەسەندن)!! بەڵکو ئەمە تاقیکراوەتەوە لە تاقیگەی زانستی و بە بەڵگەی زانستی سەلمێنراوە هەتا (ناشنال جیۆگرافیک) کە گرنگترین و باوەڕپێکراوترین سەرچاوەی زانستیە زۆر بە جوانی باسی ئەمە دەکات و دەڵێت ڕەچەڵەکی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی دەگەڕێتەوە سەر یەک پیاو و یەک ئافرەت واتە یەک دایەن و یەک باوان:

https://www.youtube.com/watch?v=p4AwIkzut48

زانست پێشکەوت و لێکۆڵینەوەی کرد و گومانی بێ دینەکانی ڕەواندەوە دەربارەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ و بۆی سەلماندین کە ئەوەی هەزاران ساڵە ئایینە ئاسمانییەکان باسی دەکەن دەربارەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ کە ئادەم و حەوان ڕاستە و ئەمڕۆ هیچ گومانێک نەماوە کە ئێمە هەموومان نەوەی یەک دایک و یەک باوکین. نەوەک وەکو ئەوەی بێ دین و کافران بە درێژایی مێژوو گاڵتەیان بەوە دەهات کاتێک دەمانگوت ئێمە هەموومان لە ئادەم و حەواین بەڵکو بە ئەفسانەی پێشینان ناویان دەبرد!!

ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون لەسەر ئادەم و حەوای زانستی بەس لە ڕووی کاتەوە هەندێ جیاوازیان هەیە هەروەکو هەندێکیان دەڵێن ئادەم 60,000 ساڵ پێش ئێستا ژیاوە.




وە هەندێکی تریان دەڵێن 100,000 تا 200,000 ساڵ پێش ئێستا ژیاوە.

وە حەواش 180,000 ساڵ پێش ئێستا ژیاوە. وە هەندێکی تریان دەڵێن 100,000 تا 200,000 ساڵ پێش ئێستا ژیاوە.

وە لە نوێترین توێژینەوەکاندا کە لە (ویکیپیدیا)ش ئاماژەی پێداوە دەڵێن مێژووی ئادەم و حەوا زۆر لەیەک نزیکن و لەیەک کات ژیاون هەر وەکو نوسراوە:

Two reports in August 2013 suggest much younger ages, and in fact, suggest that both (Y-chromosomal Adam) and (Mitochondrial Eve) could have lived at the same time .

واتە: دوو توێژینەوە لە ئەیلولی 2013 ئەنجامدراوە بە پێی تەمەنە بچووکەکان بە ساڵانێکی زۆر، وە لە ڕاستیدا ئاماژە بەوەدەکات کە هەر یەک لە ئادەم Y کرۆکۆسۆم و ئیڤ مایتۆکۆندریا لە یەک  سەردەمدا ژیاون.

هەروەها لە لێکۆڵێنەوەیەکی تردا دەڵێت:

((In the study, led by Stanford University School of Medicine geneticists reported the Y-MRCA to have lived between 120,000 and 156,000 years ago, based on genome sequencing of 69 men from 9 different populations. In addition, they estimated the age of Mitochondrial Eve to about 99,000 and 148,000 years. This would imply that the discrepancies between the age of male and female MRCA are reconcilable))

واتە: لە لێکۆلێنەوەیەکدا کە لە زانکۆی (ستانفۆرد)، کۆلیژی جینۆمی پزیشکی ئەنجام دراوە بە سەرپەرشتیاری مامۆستای پزیشک کە دەڵێت: Y-MRCA واتە ئادەم ژیاوە لە نێوان 120, 000 تا 156, 000 ساڵ لەمەو بەر، لەسەر بنەڕەتی ڕیزبەندی جیناتی کە لە 69 پیاو لە 9 گرووپی نیشتەجێی جیاوازدا وەرگیراوە، وە لە بەرامبەریشدا کات و سەردەمی ژیانی ئیڤ مایتۆکۆندریا دەگێڕێتەوە بۆ 99, 000 تا 148, 000 ساڵ لەمەو بەر، کە ئەمەش گرەنتی و بەڵگەیەکە کە هەردووکیان لەیەک سەردەمدا ژیاون.

لەم دوو توێژینەوە دا تەمەنی ئادەم و حەوا دیاریکراوە:

بۆ ئادەم دەڵێ 208،300 ساڵ پێش ئێستا ژیاوە :

http://www.sci-news.com/genetics/science-y-chromosomal-adam-01709.html

وە بۆ حەوا 200,000 ساڵ پێش ئێستا ژیاوە :

http://www.sciencedaily.com/releases/2010/08/100817122405.htm

کەواتە بە پێی نوێترین توێژینەوە 8,300 ساڵ نێوانی ئادەم و حەوایە، وە لە ئاینیشدا حەوا لە دوای ئادەم دروست کراوە.

## لە کۆتـــاییدا:

تایبەتمەندی جیناتی مرۆڤ وادەکات خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت لەسەر ڕەچەڵەکی مرۆڤ و کات و شوێن و ژمارەکەی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە مێژوو و ڕەچەڵەکی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ بدۆزرێتەوە و هەرهەموویان بباتەوە سەر دوو کەس کە باوک و دایکی مرۆڤایەتین بە ناوەکانی (ئادەم و حەوا) وە هەموو گومانەکانی ڕەواندەوە دەربارەی ئەوەی کە باوانی ئێمە مەیمون بووە! چونکە بە پێی بیردۆزی پەرەسەندن (Evolution) مرۆڤ لە مەیموونەوە پەرەی سەندووە، بەڵام زانست تیۆری ئیڤۆلیشنی لە زۆر تیوبەوە پوچەڵکردەوە یەکێک لەمانە Y ئادەم و مایتۆکۆندریای حەوا بوو. ئەمەش یەکێکە لە بەخششە مەزنەکانی خودای باڵادەستی کارامە کـە زانست بە مرۆڤ دەدات تا بتوانێت گومانەکان بڕەوێنێـتەوە و بیرو باوەڕی خۆی تۆکمەتر بکات بۆ ئەوەی سەربەرز بێت لە هەردوو دونیا.

# چارەسەری ژەهراویبوون لە ئەنجامی پیسبوونی خۆراك

و: رامان عبدالخالق

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من تصبح بسبع تمرات من عجوة لم يضره ذلك اليوم سم ولا سحر) [مسند أحمد/صحيح]. واتا: هەرکەسێك بەیانی بە حەوت دەنکە خورمای عەجوە بکاتەوە، ژەهراویبون و جادویی توش نابێت).

لەم فەرمودەیەدا ئیعجازی زانستی ئاشکرای تیا دەردەکەوێت، لەوانە:

١ ـ پێغەمبەر ژمارەی خورماکانی دیاری کردوە، حەوت دەنکە خورمای عەجوە. ئەو ژمارەیەش بەڵگە و ئاماژەی زۆری هەیە لە گەردوون و قورئان و سوننەتدا، ئەوەش بەسە بزانین کە یەکەم ژمارە لە قورئانی پیرۆزدا باس کرابێت ژمارە حەوتە!!!

٢- کێشی حەوت دەنکە خورما بە نزیکیی ٧٠ گرام دەبێت، ئەو بڕەش گونجاوە بۆ لەشی مرۆڤ و، بڕێکی باش لە کانزاکان و خوێیەکان و ڤیتامینەکانی تێدایە.

٣ـ ئەو بڕە لە خورما یارمەتی لەش دەدات بۆ ڕزگاربوون لە بەشێکی زۆری ئەو ژەهرانەی کە لە خانەکانیدا کۆبۆتەوە، وەك مادە قورسەکانی نمونەی قورقوشم، کە ئەو ژەهراوی بوونە لەم سەردەمەی ئێستادا بەهۆی پیسبوونی ئاو و هەواو و خواردنەکانمانەوە زۆر بووە.

٤ ـ وشەی (سم) لە فەرمودەکەدا ئاماژەیەکی شاراوەی تێدایە بۆ ئەو مادە زیانبەخش و ژەهراوییانەی دێنە ناو لەش، کە بە خواردنی خورما تا ڕادەیاکی زۆر زیانی ئەو مادانە لەسەر لەش کەم دەکاتەوە.

٥ـ هەروەها لەسەرمانە لە فەرمودەکە وا تێبگەین کە خواردنی ئەو بڕە خورمای عەجوەیە لە هەموو ڕۆژێکدا بە ڕێسایەکی ڕێك کاریگەری لەسەر باری دەرونی دەبێت و هاوسەنگی دەکات و جادوو زیانی پێ ناگەیەنێت کە بریتییە لە کرداری تێکدانی باری دەروونی مرۆڤ تا وای لێ دەکات بیرلە شتێك بکاتەوە و بەشێوەیەك بێتە پێش چاوی کە لە ڕاستیدا وانەبێت، وە بوونی ئەو هەمووە لە کانزا و خوێ و ڤیتامینی زۆر لەناو خورمادا، وا دەکات کاریگەری لەسەر مێشك هەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو مادە خۆراکیە پێویستانەی لە لەشدا کەم بوونەوە، بەوەش مرۆڤ لە بارێکی جێگیری دەرونیدا دەبێت.

٦ـ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دوای خواردنی حەوت دەنکە خورمای عەجوە ئێمە هەڵسین بە خواردنی مادەی ژەهراویی، تا بزانین کاریگەریی دەبێت لەسەرمان! بەڵکو بە ئەنجامدانی ئەو کارە خۆمان دەخەینە تەهلوکەوە. پێویستە ئێمە لە فەرمودەکە وا تێبگەین کە خورمای عەجوە کاریگەری بۆ ژەهراویبوونەکە هەیە و زیانەکانی کەم دەکاتەوە. وە کاریگەریەکەشی کارتێکەر و چالاك دەبێت لە کاتێکدا پارێزگاری بکرێت لە خواردنی ئەو حەوت دەنکە خورمایی عەجوەیە هەموو ڕۆژێك، وەك ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی پێداوە.

هەروەها ماوە بزانین کە خورما چارەسەری جگەر دەکات و لە ژەهرەکان پاکی دەکاتەوە، وە ئەگەر ڕۆژوشکاندن بە خورمابوو، ئەوە لە هەرە باشترین دەرمانەکانە کە پارێزگاری لە جگەر دەکات و پاکی دەکاتەوە لەو ژەهرانەی تێیدا کۆبوونەوە.. هەروەها شەرابی خورما توانای چارەسەرکردنی هەڵئاوسانی قورگ و چەندین جۆری تری تا و هەڵامەت و نەخۆشی سەرما دەکات. لەکۆتایشدا فەرمودەیەکی تری پێغەمبەرمان ﷺ هەیە کە دەفەرموێت: (لا يجوع أهل بيت عندهم التمر) [صحيح مسلم]. واتا: (خەڵکی ئەو ماڵە برسی نابن کە خورمای تێدایە).



www.kaheel7.com/ar

# قەدەغەکردنی خواردنەوە لە شوێنی شکاویەوە

هەیڤ

پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردووە، لە شوێنی قرنجاوی یاخود درز و شکاویی جام و پەرداخەوە شلەمەنی بخورێتەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پیس بوونی ئەو شوێنە بە میکرۆبی زیان بەخش، کە دواتر زیان دەگەیەنێت بە تەندروستی ئەگەر کەسێك بەکاری بهێنێت و تێیدا بخواتەوە، لە فەرمودەیەکدا هاتووە: (نهى رسولُ اللهِ ﷺ عن الشُّربِ مِن ثُلمةِ القَدَحِ)واتە: پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە خواردنەوە لە شوێنی درز و قرنجاوی جام و پەرداخەوە [صحيح ابن حبان: ٥٣١٥] شێخ (ئەلبانی)ش ڕووی ئیعجازی زانستیی ئەم فەرموودەیە لە (السلسلة الصحيحة) کەیدا ژمارە 2689 ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: لەوانەیە نەهی کردنەکە بە هۆکاری تەندروستی، ئەم مانایە لە پێشتر بێت بۆ فەرمودەکە، چونکە بە مایکرۆسکۆب بینراوە ئەگەر شکاویەکە بچوك بێت یان گەورە شوێنی کۆبونەوەی میکرۆب و بەکتریا زیان بەخشەکانە و ئاسایی پاك نابێتەوە و، کاریگەری خراپی خۆی هەر دەبێت، تەنانەت شۆردنیش سودی نیە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ نەهیکردوە لەمە، نەکا ئەو میکرۆبانە بچنە ناو لەشی مرۆڤەوە، لەبەرئەوە قەدەغە کردنەکە ورد و پزیشکییە.



لەسەدەی حەڤدەشدا دۆزرایەوە کە شوێنی ئەو قرنجاوی و شکاوی و درزانە، دەبنە مۆڵگەی بەکتریای زیانبەخش، کە بەشتنی ئاسایی ئەو مۆڵگانە پاك نابنەوە، بگرە ئەوەندەی تریش ڕێژەی پیسبوونی بە ئەو بەکتریایانە زیاد دەکات، هەروەها هەندێك جۆری قاپ و پەرداخ ماددەی قورقوشمیان تێدایە کە بە سیرامیك یان پلێت یان ئەلەمنیۆم یان شوشە و مادەی تر دەورە دراون، کاتێك شکانیان تێدابێت ئەو قورقوشمە دەچێتە ناو خواردنەکەوە و زیانی زۆری دەبێت. هەندێك ماددەی تریش کە قاپ وپەرداخیان لێ دروست دەکرێت کاتێك شکانیان تێدابێت و خواردن یان خواردنەوەیەکی گەرمیان تێ بکرێت کارلێکی کیمیایی ڕوو دەدات، کە ئەمەش زیانی زۆرە لەسەر تەندروستی.. بۆیە چارەسەر بۆ ئەو شکانانە فرێدانێتی بۆ زبڵخانە یان بنێرین بۆ کارگەی دووبارە دروست کردنەوەی شوشە یان مادەکانی تر.

لێرەوە دەبینین پێغەمبەری ئازیزیمان زۆر لەمێژە ئەم ڕێنماییە تەندروستییە وردەی ئاڕاستەکردوین، پاك و بێگەردی بۆ خودا، کە بەبێ هیچ هۆکارێکی پێشکەوتووی ئەمرۆ، ئەو ڕاستیەی بە سروش گەیاندووە بە پێغەمبەر، تا هەمووان ڕاستی پەیامەکەیمان لە هەموو بوارێکدا بۆ دەربکەوێت.




# دیاری کردن و دەرکەوتنی ڕەگەزی کۆرپەلە، گومانە یان موعجیزە!!

ئا: د. بەهێز محمد صالح بەکالۆریۆس لە هەناوی و نەشتەرگەری گشتیدا bahezmuhammed@hotmail.com

لەمیانەی ئەم توێژینەوە زانستییەدا، هەوڵ دەدەین بە بەڵگەی زانستی و لۆجیکی ڕاستییەک دەربارەی زانستی کۆرپەلەزانی لەسەر ڕەگەزی کۆرپەلە ڕوون بکەینەوە، لەلایەک تاکو چیتر خەڵکان چەواشە نەکرێن و ڕووبەری بیر و ژیریان بە ئەفسانە و ئەجێندای ناڕاست داگیر نەکرێن... لەلایەکیش ڕەواندنەوەی ئەو گومانەی بێباوەڕان بێت کە هەردەم وەک ڕەخنە لە دژی ئیسلام دووبارەی دەکەنەوە.. بێگومان هەموو پرۆژەیەکی زانستیش بەندە لە سەر کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و بینینەوە...

یەکێک لە ڕەخنەی بێباوەڕان، گوایە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ هەڵەی زانستی تێدایە کاتێک باس لە دروست بوون و دیاریکردنی ڕەگەزی کۆرپەلە دەکات!! لە (حوزەیفەی غەففاری)یەوە دەڵێت: (سمعت رسول الله بأذني هاتين يقول: إن النطفة تقع في الرحم أربعين ليلة..ثم يتصور عليها الملك... قال زهير: حسبته قال الذي يخلقها فيقول يا رب أذكر أم أنثى فيجعله الله ذكرا أو أنثى. ثم يقول يا رب اسوي أو غير سوي؟ فيجعله الله سوي أو غير سوي. ثم يقول يا رب ما رزقه؟ ما اجله؟ ما خلقه؟ ثم يجعله الله شقيا أو سعيدا. صحيح مسلم- الصفحة أو الرقم: 2645). ئەم فەرموودەیە بە ئاشکرا و بە ڕوونی ئاماژە دەکات بۆ ئەو ڕاستییە زانستییەی کە هەتا حەفتەی شەشەم هەردوو کۆرپەلەی نێر و مێینە وەک یەک دەبن و، لە هەفتەی حەوتەمەوە جیاکاری لە نێوانیاندا دەست پێدەکات و، خوای گەورە بڕیاریان لەسەر دەدات کە ئەو کۆرپەلەیە نێر بێت یان مێینە.

بێباوەڕان دەڵێن ئەم فە رموودەیە دژ بە بنەماکانی زانستی سەردەمە، چونکە دیاریکردن و جیاکردنەوەی ڕەگەزی کۆرپەلە لە سەرەتاوە واتە لە ساتی پیتاندندا دەبێت وا!! پێغەمبەریش ﷺ ئە م زانیاریانەی بە هەڵە لە (سوقرات)ەوە وەرگرتووە!.

سەرەتا پێش ئەوەی بچینە سەر فەرموودەکە دەبێت ئەوە بزانین کە پێویستە چەند ڕۆژێک بەسەر پیتاندنی هێلکۆکەدا بڕوات، ئەو کات ڕەگەزی کۆرپەلە لە ڕێی کرۆمۆسۆمە وە دیاری دەکرێت XY بۆ ڕەگەزی نێر وە XX بۆ ڕەگەزی مێ، هەروەک زانای بەناوبانگی کۆرپەلەزانی (کیس مۆر) لە لێدوانێکیدا دەڵێت: (لە 10 ڕۆژ بەرەوە سەر دەتوانم لەسەر ئاستی کرۆمۆسۆم ڕەگەزی کۆرپەلە دیاری بکەم)، هەروەها زانراویشە کە چەند ڕێگەیەکی پشکنینی جینی تریش هەیە کە دەتوانرێت لە هەفتە جیاوازەکانی تەمەنی کۆرپەلەدا بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێت لە وانەش aminocentesis, PGD, chorionic, villus sampling بەڵام ئەمانە زیاتر بۆ دیاریکردنی نەخۆشیە بۆماوەییەکانی کۆرپەلە پێش وەخت بەکاردێن و، زۆربەی کاتیش مەترسین بۆ لەبارچونی کۆرپەلە، قورئانی پیرۆزیش پێش 14 سەدە ئاماژە بە ئەم ڕاستییە دەکات، کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ ٤٥ مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ ٤٦﴾ النجم. (واتە: هەر خوای گەورەیە کە ڕەگەزی نێر و مێینەی بەدی هێناوە لە نوتفەیەک کاتێک بەرنامەڕێژی بۆ دەکرێت، وشەی (تمنی) بە واتای دەرچونی نوتفەکە و گەیشتنی بە هێلکە دەگەیەنێت، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (تقدر) دێت. واتە: کاتێک نوتفەکە بەرنامەی بۆ دادەنرێت و مرۆڤێکی نوێ ئەندازە دەکرێت، هەر ئەو کاتە نێر و مێینە لەگەڵ بەرنامەڕێژیەکەدا دروست دەکرێن کە ئەمە لەسەر ئاستی کرۆمۆسۆمەکانە و، لەکاتی پیتاندنی هێلکە هەموو بەرنامەڕێژیەک بۆ مرۆڤێکی نوێ دەکرێت لە ڕێگای کرۆمۆسۆمەکانەوە. هەروەک ئایەتێکی تر دەفەرموێت: ﴿مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ١٩﴾ عبس. واتە: (کاتێک نوتفەی نوێ دروست دەکرێت ڕاستەوخۆ بەرنامەڕێژیشی بۆ دەکرێت).. ئەم ئایەتە زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە درووستبوون و دیاریکردنی ڕەگەزی کۆرپەلە دەکات لەساتی پیتاندا لە جینەوە لەسەر کرۆمۆسۆمەکان. لێرەوە بەکورتی دەست دەکەین بە شیکردنەوەی ئەو ئاماژە زانستییەی (چل ڕۆژەکە) کە لە فەرموودەکەی پێشەوەدا هاتووە.. مانای فەرموودەکە بەزمانی عەرەبی زۆر ڕوون و ئاشکرایە باسی دەرکەوتنی ئەندامانی زاوزێ دەکات، کە هەتا 40 ڕۆژ هیچ جیاوازیەک نابینرێت لە نێوان کۆرپەلەی نێر و مێینە و وەک یەک دەبن، زانستیش ئەمەی سەلماندووە و هیچ بوارێک بۆ گومان نەماوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا تێگەیشتنی سەردەمانی پێشوو لە بارەی نێر و مێینەوە بە جیاوازی ئەندامی زاوزێیان بووە..! بێباوەڕان دەیانویست ئەم موعجیزەیە بکەنە گومان کە گوایە ئەم فەرموودەیە مەبەستی دەرکەوتنی ڕەگەزی کۆرپەلەیە لەسەر ئاستی کرۆمۆسۆم!!!

فەرموودەکە دەفەرموێت: (فریشتەکە پرسیار دەکات: ئەی خوای گەورە کوڕ بێت یان کچ؟ خوای گەورەش فەرمانی پێدەکات بە کوڕ یان کچ)، لەڕووی زانستیشەوە ئەمە ڕاستە، چونکە دوای دابەشبوونی خانەکان گۆڕانکاری ڕوودەدات، لەوانەیە ئەو کرۆمۆسۆمەی هەڵگری سیفەتی مێینەیە دوای دروست بوون بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ببێت بە کوڕ.. تا ئێستاش هیچ ڕێگایەک نییە بۆ زانینی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەگەزی کۆرپەلەدا لەسەر هەر سێ ئاستەکە (کرۆمۆسۆم، توخمەخانەکان، ڕژێنەکان)، کەواتە جیاوازی هەیە لە

نێوان کرۆمۆسۆمی سەرەتایی لەگەڵ کرۆمۆسۆمی هەمان کۆرپەلە دوای تەواوبوونی و درووست کردن (خەلق)کردن.

با بزانین پێناسەی (نێر و مێینە) لە ڕووی پزیشکییەوە چییە؟

Gender: The sex of an individual, male or female, based on reproductive anatomy female /fe•male/ (fe´mal)

واتە: (ڕەگەزی تاکەکان نێر یان مێ بە ندە لە سەر توێکاری ئەندامانی زاوزێ) ئایەتێکی قورئانیش پاڵپشتی ئەم ڕاستییە دەکات، خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ ﴿٣٩﴾﴾ القیامة، لەم ئایەتەدا خوای گەورە زۆر بە وردی باسی قۆناغەکانی گەشەکردن و دەرکەوتنی ڕەگەزی کۆرپەلە دەکات، ئایەتی (37) ئاماژە بە کاتی پیتاندنی هێلکۆکە دەکات لەلایەن (تۆ) وەوە، واتە fertilization، لە ئایەتی (38) یش پیتی (ثم) بەکارهاتووە واتە دوای پیتاندن ماوەیەکی پێدەچێت پاشان دەبێت بە هەڵواسراوێک (علقة)، دوای ئەویش جوراو (مضغة)، دوای ئەوە یەکسەر دەفەرموێت: (فَسَوَّىٰ) واتە ڕێکبوونەوە یان ڕاوەستاو (استواء)، کاتێک لە پرۆفیسۆر (کیس مۆر)یشیان پرسی: لە وەڵامدا وتی ئەو قۆناغە دروست بوونی ئێسکە کە ئەویش لە هەفتەی حەوتەم دەبێت. بۆیە ئەم ئایەتە باسی جیابوونەوەی نێر و مێ دەکات ڕاستەوخۆ دوای قۆناغی گەشەکردنی ئێسک واتە ڕێک بوونەوە دوای ئە وەی لە سەر شێوەی چەماوە (مضغة) بوو , خوای گەورە فەرمویەتی: (فجعل) نەی فەرمووە: (ثم جعل)، واتە ڕاستەوخۆ دوای ئێسک و ڕێک بوونەوەی کۆرپەلە بەهۆی ئێسکەوە، لە هەفتەی حەوتەمەوە ئەندامانی ناوەوەی ڕەگەزەکانی نێر و مێ جیا دەبنەوە و دەردەکەون... بڕوانە ئایەتەکە دەفەرموێت: (فجعل منه الزوجين) و نافەرموێت: (خلق الزوجين) چونکە ئەم ئایەتە مەبەستی لە دروست کردن نییە، بەڵکو باسی جیابوونەوە لە بەشێکی کۆرپەلە دەکات لەسەر ئاستی ئە ندامی زاوزێ. بەم شێوەیە ئەم گومانەی بێباوەڕانیش بوو بە ئیعجاز، پاک و بێگەردی بۆ خوای گەورە. ئەگەر بە وردیش سەیری ئەم وێنەیە بکەین، دەبینین لە شەشەم هەفتەوە تا نۆیەم هەفتە ئەندامانی زاوزێ لە دەرەوە جیا ناکرێنەوە و هەردوو ڕەگەز وەک یەکن، لە ژمارە (5) دا نوسراوە genital tuber لە شەشەم هە فتەدا، هیچ جیاوازیەک نابینین.




لێرەدا ئەگەر پرسیارێک بکەیین چۆن پێغەمبەر ﷺ زانی لە ڕۆژی 40 هیچ جیاوازیەک نییە لە ئەندامانی زاوزێی هەردوو ڕەگەزەکە؟ کە تەبارەی کۆرپەلە ئەوەندەی دەنکە فاسۆلیایەکە؟ بەڵێ لەگەڵ پێشکەوتنی بواری (جینێتیک و مۆڵکیولەر بایەلۆجی) و دروست بوونی مایکرۆسکۆبدا زیاتر ئەم ڕاستییە ڕوون بۆتەوە، پرۆفیسۆر (کیس مۆر) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (the developing human) بواری کۆرپەلەزانیدا کە لە زۆرێک لە کۆلێژە پزیشکیەکان دەخوێنرێت، دەڵێت:

Although the chromosomal or genetic sex of an embryo is determined at fertilization by the kind of sperm that fertilizes the secondary oocyte.Male and female morphological characteristics do not begin to develop until seventhz week.)

واتە: هەرچەندە کرۆمۆسۆم و جینی کۆرپەلە دەتوانرێت دیاری بکرێت لەکاتی پیتاندندا بە تۆوێکی تایبەتی کە هێلکۆکە کە دەپیتێنێت، و بەڵام تایبەتمەندی شکڵ و شێوەی نێر و مێ دەست پێ ناکات بە گەشەکردن تاوەکو هەفتەی حەوتەم.. واتە تاوەکو هەفتەی شەشەم جیاوازییان نییە بۆیە لەم کاتەدا پێی دەوترێت: indifferent stage، دوای هەفتەی شەشەم جیاوازییەکان دەردەکەوێت و دەگۆڕێت بۆ قۆناغی different stage و خانە سەرەتاییەکان دەردەکەون، (گونەکان لەگەڵ هێلکەکان) دروست دەبن لە هەفتەی حەوتەمدا... هەروەها لە کتێبی Longmans medical embryology لە چاپی 12 دا کە دوا چاپە نوسەر دەڵێت: [Germ cell do not appear in the genital ridges until six week of development.] ، واتە: توخمە خانەکان (ئەو خانانەی دەبن بە هێلکە و گونەکان) دەرناکەون لە genital ridge تا شەشەمە هەفتەی گەشەکردن. (واتە تا هەفتەی شەشەم توخمەخانەکان دەرناکەون و لە هەفتەی حەوتەمەوە دەست دەکەن بە گەشەکردن).

هەروەها دەڵێت: although the sex of embryo is determined) genetically at the time of fertilization, the gonads do not acquire male and female morphological characteristics (until seventh week of development واتە: هەرچەندە دەتوانرێت لەکاتی پیتاندندا ڕەگەزی کۆرپەلە لە ڕێگەی جێنێتیکەوە دیاری بکرێت، بەڵام کۆرپەلە شێوە و خاسیەتی نێر و مێ وەرناگرێت هەتا هەفتەی حەوتەمی گەشەکردن.. ئەمەش بە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەیان لەسەر کردووە و گەیشتوون پێی، کە بووە بە بەڵگە کە هەتا شەشەم هەفتە کۆرپەلەی نێر و مێ هیچ جیاوازیەکیان نییە.

ئەوەی کە جیاکاری دروست دەکات کرۆمۆسۆمی Y یە کە جینێکی تێدایە بە ناوی SRY پرۆتینێک دروست دەکات ناوی testis –determining factor بە هۆی ئەمەوە گونەکان دروست دەبن (نێر) و، نەبوونی ئەمە دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕەگەزی مێ.

لەوانەیە لێرەدا یەکێک پرسیار بکات دەربارەی ئەوەی کە ئێستا هەندێک ڕێگە هەیە دەتوانین بەهۆیەوە ڕەگەزی کۆرپەلە هەڵبژێرین؟ پێیان دەڵێین ئەمە تا ڕادەیەک ڕاستە بەڵام هیچ گەرەنتییەکیان نییە، بە نموونە ئەوەتا یەکێک لە پێگە بەناوبانگەکانی بواری پزیشکی ئەم دەستەواژەیەی لە کۆتا دێریدا نووسیووە:




واتە: بەڵام ناتوانرێت هیچ گەرەنتییەک بدرێت.. چونکە ئەو ڕێگەیانە هەمووی پشت دەبەستن بە هەندێک ئەگەرەوە نەک باوەڕێکی چەسپاو.. ڕێژەی بوونی کوڕ51% بەهۆی ئەو هۆرمۆنەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئەویش سروشتی و ئاساییە، وە ڕێژەی کچ 49% بەبێ هیچ ڕێگایەک (واتە ئەگەری ڕاست دەرنەچوونی هەڵبژاردنەکە زۆرە).. لەگەڵ ئەوەدا هۆکاری دیکەش هەن لەوانە خواردن، پلەی گەرمی ناو لەشی ئافرەت، کاتی جووتبوون، ڕێژەی ترشی و تفتی دەمی منداڵدانی ئافرەت، ئەمانە وەکو چەند هۆکارێک دانراون و، هەندێک هۆکاری دیکەی تریش کە هێشتا نەزانراون.

له پێگه‌ی (webmd.com)ی پزیشكی ئه‌مریكی ئه‌م ده‌سته‌واژایه نوسراوه:

A news release from the Genetics and IVF Institute reports that Micro Sort has a %91 success rate among couples wanting girls, and a %73 rate for those wanting boys. The American Society for Reproductive Medicine recommends neither PGD nor CVS as a sex selection method for couples looking to balance the gender ratio in their families.

واته: ئه‌مه ئه‌وه ده‌سه‌لمێنێت كه ئه‌م رێگایه واته (Micro sort) رێژه‌ی سه‌ركه‌وتنی له ئه‌مه‌ریكا %91 بووه بۆ ئه‌وانه‌ی كچیان ویستووه، بۆ كوریش %73 بووه , ده‌سته‌ی زاوزێی هه‌ناوی ئه‌مه‌ریكی پێشنیاری كردووه كه ئه‌م رێگایانه (PGD , CVS) بۆ هه ڵبژاردنی ره‌گه‌ز ده‌كرێت نابنه هۆی دیاریكردنی ره‌گه‌زه‌كه و هاوسه‌نگی بۆ خێزانه‌كان. (كه‌واته رێژه‌كه له %100 نییه).

به‌ڵام له‌مه سه‌یر تر ئه‌وه‌یه، ئه‌گه‌ر بتوانیت به ده‌ستی خۆت تۆوێك كه هه‌ڵگری خاسیه‌تی مێینه بێت بپیتێنیت به هێلكۆكه‌یه‌ك و100٪ بزانیت ره‌گه‌زه‌كه مێینه ده‌رده‌چێت، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هه‌ر گه‌ره‌نتی نییه و له‌وانه‌یه كۆرپه‌له‌كه نێر بێت، به نموونه حاڵه‌تی (XX (MALE SYNDROME كه به لاشه نێره به‌ڵام كرۆمۆسۆمی مێینه‌ی هه‌یه XX كه ئه‌مه هۆكاره‌كه‌ی نه‌زانراوه. (رێژه‌ی ئه‌مه‌ش 1 تا 20-25 هه‌زار ده‌بێت)، هه‌روه‌ها له كتێبی (Ggynecology by ten teachers)دا چاپی (18) به م ده‌سته‌واژه‌یه نوسراوه:

IN XX MALE SYNDROME, THE PERSON HAS FEMALE CHROMOSOMES BUT MALE PHYSICAL FEATURES.

واته: له‌م نه‌خۆشیه‌دا مرۆڤه‌كه كرۆمۆسۆمی ره‌گه‌زی مێینه‌یه به‌ڵام له هه‌مانكاتدا ئه‌ندامی نێرینه‌ی هه‌یه...

به هه‌مان شێوه حاڵه‌تێكی دیكه هه‌یه XY FEMALE، ئه‌م مرۆڤه ره‌گه‌زی نێره به‌ڵام له هه‌مانكاتدا ئه‌ندامی مێیه‌ی هه‌یه، هه‌روه‌ها یه‌كێك له حاڵه‌ته‌كانی دیكه‌ش نه‌خۆشییه‌كه به‌ناوی intersex یاخود Ambiguous genitalia واته تێكه‌ڵبوونی هه‌ردوو ئه‌ندامی زاوزێی نێر و مێ كه زۆربه‌ی كات له‌كاتی له دایك بووندا ده‌رده‌كه‌وێت، ئه‌میش به زۆری به هۆی تێكچوونی رژێنه‌كانی سه‌ر گورچیله‌یه congenital adrenal hyperplasia، منداڵه‌كه 46 xx كرۆمۆسۆمی هه‌یه.. به‌و شێوه‌یه ده‌توانین بڵێین كرۆمۆسۆم ده‌وری له دیاری كردنی ره‌گه‌زدا هه‌یه به‌ڵام هه‌موو شتێك نییه و كۆتایی پێ ناهێنێت..

هه‌روه‌ها یه‌كێك له گومانه‌كانی تر ئه‌وه‌یه كه ده‌ڵێن (سوقرات) له وتارێكیدا باسی ده‌ست نیشانكردنی ره‌گه‌زی كۆرپه‌له‌ی له 42 رۆژدا كردوه، پێغه‌مبه‌ریش ﷺ ئه‌م زانیاریه‌ی له‌و وه‌رگرتووه، كه ئێستا زانست سه‌لمانویه‌تی هه‌ڵه‌ی كردووه.

به‌ڵام له‌لایه‌كه‌وه هه‌تا ئێستا نه‌سه‌لمێنراوه كه هیچ په‌رتوكێكی (سوقرات) به زمانی عه‌ره‌بی له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ردا ﷺ هه‌بووبێت به‌تایبه‌تی له دورگه‌ی عه‌ره‌بیدا، له‌لایه‌كی تریشه‌وه ئه‌وه‌ی كه (سوقرات) لێی دوواوه باسی ره‌گه‌زی كۆرپه‌له نییه له دوای حه‌وته‌م هه‌فته‌وه، به‌ڵكو باسی دروست بوونی په‌له‌كانی كۆرپه‌له ده‌كات و ده‌ڵێت: ماوه‌ی دروستبوونی په‌له‌كان له مێینه‌دا 42 رۆژه و له نێرینه‌دا 30 رۆژه، كه ئه‌مه‌ش له دوور و نزیك هیچ په‌یوه‌ندیه‌كی به فه‌رمووده‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ره‌وه نییه.. (سوقرات) باسی ره‌گه‌زی نێر و مێ ده‌كات له پێش هه‌فته‌ی شه‌شه‌م، به‌ڵام پێغه‌مبه‌ر ﷺ باسی ده‌ست پێكردنی جیاكاری ره‌گه‌زه‌كان ده‌كات له دوای هه‌فته‌ی شه‌شه‌م.

له پێگه‌ی (journal)ی زانكۆی كامبریج (Cambridge)دا هاتووه (ئه‌وه‌ی ره‌نگی زه‌رد كراوه):




واته سه‌ره‌تای ده‌ست پێكردنی وه‌رگێرانی یۆنانی-عه ره‌بی، له نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی هه‌شته‌مه‌وه بووه له (به‌غداد).. به‌مه‌ش ئه‌و گومانه ده‌ره‌وێته‌وه كه هیچ په‌یوه‌ندییه‌ك هه‌بوو بێت له نێوان ئه‌فسانه‌كانی سوقرات و ئیسلام..

**روویی ئیعجاز:**

سه‌ره‌نجام گه‌یشتینه ئه‌وه‌ی كه قورئانی پیرۆز و فه‌رمووده پێش چوارده سه‌ده ئاماژه به‌و راستییه زانستییه ده‌ده‌ن كه ره‌گه‌زی كۆرپه‌له له‌سه‌ر ئاستی كرۆمۆسۆم دیاریده‌كرێت، زانستی سه‌رده‌میش ئه‌م راستیانه زۆر به‌روونی ده‌سه‌لمێنێت كه تا هه‌فته‌ی شه‌شه‌م هه‌ردوو كۆرپه‌له‌ی ره‌گه‌زی نێر و مێینه وه‌ك یه‌ك ده‌رده‌كه‌ون (واته تا ناردنی فریشته‌كان)، له هه‌فته‌ی حه‌وته‌میشه‌وه جیاكاریان ده‌ست پێ ده‌كات، له هه‌فته‌ی نۆیه‌میشه‌وه ئه‌ندامانی زاوزێی ناوه‌وه ده‌ست به‌گه‌شه كردن ده‌كات.. هه‌ردوو ئه‌و سه‌رچاوه زانستییه‌ی پێش تر ئاماژه‌مان پێدان و له ئه‌مڕۆدا له زۆرێك له كۆلێژه پزیشكیه‌كاندا ده‌خوێنرێن ئه‌وه باس ده‌كه‌ن كه له هه‌فته‌ی دوانزه‌وه ئه‌ندامانی زاوزێی ده‌ره‌وه‌ی كۆرپه‌له گه‌شه ده‌كه‌ن و، ده‌توانرێت نێر و مێ جیا بكرێنه‌وه.. كه‌واته ئایا پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ له سه‌رده‌می خۆیدا چۆن ئه‌م راستیه زانستییه‌ی زانیوه!؟ له كاتێكدا كه ته‌نها ئه‌مه له‌رێگه‌ی توێژینه‌وه زانستییه‌كان و تا قیگه گه‌وره‌كانی ئه‌مڕۆ وه سه‌لمێنراوه؟ بێگومان ئه‌م هه‌واڵ پێدانه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت كه هه‌رگیز له‌خۆیه‌وه قسه ناكات و ته‌نها له رێگه‌ی نیگا (وحی) په‌روه‌ردگاره‌وه ده‌بێت ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ۝٤﴾ النجم: ، ئه‌مه‌ش شاهێدیه‌كی گه‌وره‌ی تره له‌سه‌ر بوونی ئیعجاز كه به ته‌نها له قورئان و فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ردا ﷺ هه‌یه بێ هیچ گومانێك..

سه‌رچاوه‌كان:

كتێبه‌كان:

1) the developing human ,professor Keith Moore ,8th edition
2) Longmans medical embryology ,T.W Sadler ,12th edition
3) gynecology by ten teachers

پێگه‌كان:

http://www.webmd.com
http://www.mayoclinic.com/health/prenatal-care/PR00112
http://www.healthline.com
http://www.emedicine.com/ped/topic1492.htm



# ئایا لە ئاسماندا زیندەوەر هەیە؟!!

مامۆستا صدیق عبدالعزیز

ئەوەی لەناو قورئاندا هاتووە هەمووی موعجیزەیە واتە هەموو مرۆڤایەتی ناتوانن وێنەی قورئان بهێنن، ڕووەکانی ئیعجازی قورئانیش زۆرن و جۆراو جۆرن، لەوانە:

(دەربڕین و زمانەوانی، هەواڵە مێژووییەکان، هەواڵەکانی ئایندە، تەشریعی، ژمارەیی، زانستی).

زانایانی هەر زانستێک لەو بوارانەی سەرەوە لە هەموو سەردەمەکاندا دیراسەیان لە قورئاندا کردوە و نەگەیشتونەتە کەمێک لەوەی کە لە قورئاندا هەیە.

بەڵام ئەوەی کە زیاتر خەڵکی ئەم سەردەمانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەرسام کردووە ئەوەیە هەواڵەکانی قورئان دەربارەی دەرەوەی گۆی زەوی و بونەوەری فراوان هەروەها هەواڵەکانی ناخی مرۆڤ و پێکهاتەی زۆر ورد و سەرسوڕهێنەرن بەشێوەیەک دوای زۆرێک لەگەڕان و لێکۆڵینەوە ئەوجا زانایان ئەگەنە ڕاستییەکانی قورئان

## ئایا لە ئاسماندا زیندەوەر هەیە؟!!

﴿ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مِن دَابَّةٍ وَالْمَلَائِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾ النحل.

واتە: «ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە لەگیاندار و فریشتەکان کڕنووش بۆ خوا دەبەن، ئەوان خۆ لە خوا بە گەورەتر نازانن، لە خوای بانی سەر دەترسن هەرچی فەرمانێکیان پێ بکرێ جێبەجێی دەکەن.»

﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَابَّةٍ وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَاءُ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾ ﴾ الشورى.

واتە: «دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لە نیشانەکانی خوایە و ئەوەشی لە زیندەوەر بڵاوکراوەتەوە لە زەوی و ئاسمانیشدا، ئەگەر ویستی هەبێت دەتوانێ کۆیانبکاتەوە.»

خوێنەری بەڕێز:

لەو ئایەتانەی سەرەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە بەدی دەکەین:

1/ ئاسمانەکان و زەوی دروستکراوی خوان و لە هەردووکیاندا زیندەوەری داناوە.

2/لە ئایەتی یەکەمیاندا (دابە)ی بە جیا و (ملائکە)یشی بە جیا باسکردووە کەواتە ئەوانیش دروستکراوی جیاوازن لە فریشتەکان.

3/ ئەگەری ئەوە هەیە زیندەوەری ئاسمانەکان و زیندەوەری زەوی پێکەوە کۆببنەوە.

ئەمانە هەمووی هەواڵی نادیارە و خوا داوییەتی، پێشبینیە و هەموویشی هەقە بەڵام ڕێگە بۆ گەیشتن بەمانە چییە؟!




ئایەتەکانی خوا هەمووی هەقە، ئەگەر موسڵمانان بیانەوێ بەهەق شوێنکەوتەی قورئان بن دەبێت لە هەوڵی پراکتیزەکردنیان بن تا بەخەڵکی بسەلمێ خوا ڕاستی فەرمووە و محەمەدیش گەیەنەری پەیامی خوایە.

بەڵام بەداخەوە موسڵمان قورئان خوێندنەکەی تەنها بۆ وەرگرتنی پاداشتی قیامەتە و ئەوەی لا ونبوە کە قورئان بەرنامەی ژیانی دونیایە و بۆ دەستەمۆکردنی هەموو بونەوەرە لە دەستی مرۆڤ، واتە کاتێک مرۆڤ قورئان دەخوێنێ و تەدەبوری دەکات و دەیخاتە بواری کارپێکردن ئەوکات هەموو پاداشتێکی گەورەی دونیا و قیامەتی دەست دەکەوێ.

لەو زانیارییەی سەرەوە دەربارەی زیندەوەری ئاسمانەکان و گەشتی دەرەوەی ئەم کۆمەڵەی خۆرە کە خوا لە قورئاندا هەواڵی پێداوین (زانایانی ئەمریکا و روسیا و ئەڵمانیا و یابان بۆیان دەرکەوتووە کە لە قوڵایی ئاسمانەکاندا گوێ یان لە قسەی ژیرانە دەبێت و دەڵێن پێویستە گوێ یان لێ بگرین، یەکێک لەو زانایانە وتویەتی: ئەگەر دەتانەوێ لە تەرجەمەی ئەو قسانە بگەن دەبێت کەشتیەک ئامادە بکەین کە توانای ئەوەی هەبێت لەم کۆمەڵەی خۆرەی خۆمان دەربچێت، ئەوکاتە زیاتر ئەو بیستن و حاڵی بوونە ئاسان دەبێت)[1]

جا ئایا محەمەدێکی نەخوێندەوار دەتوانێ ئەو هەموو زانیارییە بدات کە زانایانی سەدەی بیست و یەکیش نەگەشتبنە یەکدەرسەدی ئەو زانیاریانە یان دەبێت بڵێین خوا تاقانەیە خاڵقی بونەوەرە، موحەمەدیش لە نێردراوەکانی خوایە بۆلای بەندەکانی خوا.

1 -الموسوعة الذهبية في اعجاز القران الكريم د/ احمد مصطفى متولي ص30/2005



# وەسفکردنی سێبەر لە قورئانی پیرۆزدا

ن: د. یحیی وەزیری     و. بە دەستکاریەوە: نەجات کەریم بەرزنجی

**پێشەکی:**

سێبەر یەکێکە لە بەخششەکانی خوای گەورە کە منەتی پێ دەکات بەسەرماندا و، شوێنێکە پەنای بۆ دەبەین لەکاتی گەرمادا، دروست دەبێت لەکاتی بوونی بەربەستێک لەبەردەم بڵاو بوونەوەی تیشکی خۆر.. ئێمە لەم بابەتەدا ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە باسی سێبەر دەکات ڕوون دەکەینەوە ئەویش لە دووتەوەردا:

**یەکەم:** ڕاڤەکردنی لایەنە زانستیەکانی ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە باسی سێبەر دەکەن.

**دووەم:** هێنانی ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز باسی لەوە کردووە و ڕوونی کردۆتەوە کە سێبەر یەک جۆر نیە و، هێنانەوەی چەند نمونەیەک لەسەر هەندێ لە جۆرەکانی سێبەر.

**چۆنیەتی دروستبوونی سێبەر و شێوەی جوڵەکەی لە سروشتدا:**

سێبەر لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی تیشکی ڕووناکی بە هێڵی ڕاست پەیدا دەبێت.. سێبەر بەو ناوچانە دەوترێت کە ڕێگە لە تیشکی ڕووناکی دەگیرێت پێی بگات بەهۆی تەنێکی ڕووناکی گرەوە. ئەگەر هەر تەنێکی ڕووناکی گر بکەوێتە بەر تیشکی ڕووناکی (سرووشتی بێت وەک خۆر، یان ڕووناکی دەست کرد وەک ئاگر و گڵۆپ و...)، ئەوا ئەو لایەی ڕاستەوخۆ ئەو ڕووناکیە بەری دەکەوێت ڕۆشن و ڕووناک دەبێتەوە و ئەو لایەی تر کە پێچەوانەی ڕووەکەی ترە ناوچەیەکی سێبەر پەیدا دەبێت و پێی دەوترێت (سێبەری ڕاستەقینە). وە سێبەرەکە دەکەوێتە سەر ڕووی زەوی یان هەر تەنێکی تر کە لە پشت ئەو تەنەوە بوونی هەبێت.



وێنەی (١) شێوەی درووست بوونی سێبەری تەنە بەرجەستەکان

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین شێوەی جووڵەی سێبەر ڕوون بکەینەوە بە چاودێری کردنی هەر تەنێک یان ستوونێک کە لەبەر خۆر دانرابێت، لەکاتی خۆر هەڵاتن لە بەیانیەوە تاکو کاتی نیوەڕۆ، دەکەوێتە لای خۆرئاوا. بەڵام لە پاش نیوەڕۆوە تاکو ئاوابوونی خۆر سێبەری تەنەکان دەکەونە لای خۆر هەڵاتەوە، سێبەری تەنەکان گەورەترین بڕی دەبێت لەکاتی خۆر هەڵاتندا، پاشان دەست دەکات بە بچووک بوونەوە تاکو خۆر دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان (کاتی بانگی نیوەڕۆ) لەم کاتانەدا سێبەری هەموو تەنەکان کەمترین یان بچوکترین بڕی دەبێت، پاشان کاتێک خۆر بەئاڕاستەی خۆرئاوادا دەجوڵێت سێبەری تەنەکان جارێکی تر دەست دەکەن بە زیاد بوون تاکو دەگەنە گەورەترین بڕ لەکاتی خۆر ئاوابووندا.




وێنەی (٢) جووڵەی سێبەر بە کشان و چوونەوەیەک بە درێژایی ڕۆژێک

پەیوەندی یەکی بەهێز هەیە لەنێوان گۆشەی بەرزی خۆر لە ئاسماندا لەگەڵ درێژی سێبەری پەیدابوو لەسەر ڕووی زەوی و ڕووبەرە جۆرا و جۆرەکان. هەرچەندە گۆشەی بەرزی خۆر کەم بێت درێژی سێبەری پەیدابوو گەورە دەبێت، ئەمەش لەکاتی خۆر هەڵاتن و خۆر ئاوابوون ڕوودەدات، وە هەرچەندە گۆشەی بەرزی خۆر زۆر بێت ئەوا درێژی سێبەری پەیدابوو بچووک دەبێت. واتە پەیوەندی نێوان گۆشەی بەرزی خۆر لەگەڵ درێژی سێبەر پەیوەندیەکی پێچەوانەیە بە زیادبوونی هەریەکەیان ئەوی تر کەم دەکات.

**ئاماژە زانستییەکانی ئایەتەکانی سێبەر:**

قورئانی پیرۆز لە چەندەها ئایەتدا و لە چەند سورەتێکی جیاوازدا باسی سێبەری کردووە:

**١ ـ جیاوازی نێوان سێبەر و خۆرەتاو:**

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَمَا يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ ﴿٢٠﴾ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلْحَرُورُ ﴿٢١﴾ ﴾فاطر. ئەمە ڕاستییەکە هەموو مرۆڤیک دەیزانێت و هەست بەو جیاوازیە دەکەن لە نێوان ئەو شوێنانەی کە ڕاستەوخۆ بەر خۆر دەکەون و شوێنە سێبەرەکانیش.

**٢ ـ وەسفکردنی جوڵەی سێبەر:**

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْأَصَالِ ۩ ﴿١٥﴾ ﴾ الرعد، (قورتبی) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: باسی (بەرەبەیان و دەمە و ئێوارانە) چونکە لەم دووکاتەدا سێبەر زیاتر

دەر دەکەوێت و لار دەبێتەوە لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر، (السجود) بەمانای لار بوونەوە دێت، ئەمەش وەک ئەم ئایەتە پیرۆزە دێت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَىٰ مَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ يَتَفَيَّأُ ظِلَالُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالشَّمَائِلِ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾ النحل، لەم ئایەتانەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی جوولەی سێبەری کردووە و کاتی (الغدو والاصال، بەرەبەیان و دەمەو ئێوارانە) چونکە لەم دووکاتەدا زیاتر هەردوو جوولەی سێبەر روونتر و ئاشکرا ترە، جوولەی یەکەمی سێبەر جولەی گواستنەوە (انتقال)ی سێبەرە لە خۆر ئاواوە بەرەو خۆرهەڵات، جووڵەی دووەمیش جولەی سێبەر بەکشان و چوونەوەیەکە (درێژبوون و کورتبوون)، ئەم دوو جووڵەیەش هاوکات و پێکەوە روو دەدەن.

*** جۆری یەکەمی جولەی سێبەر:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَىٰ مَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ يَتَفَيَّأُ ظِلَالُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالشَّمَائِلِ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾النحل. خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە هەموو تەنەکان بەلای راست و چەپدا سێبەر پەیدا دەکەن بەمانای بەیانیان و ئێواران.

*** جۆری دووەمی جووڵەی سێبەر:**

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا ﴿٤٥﴾ ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا ﴿٤٦﴾ ﴾ الفرقان، لە تەفسیری (التحریر والتنویر)دا هاتووە: ئەو تیشکەی لە خۆرەوە دەردەچێت و دەکەوێتە سەر رووی تەنەکان ئەگەر لە خاڵێکی (شوێنێکی) نزمەوە بێت ئەوا سێبەری تەنەکە گەورە دەبێت، تاکو بەرزیی خۆر زیاد بکات ورده ورده سێبەرەکە کەم دەکات تاکو دەگاتە خاڵێک لە سەر رووی تەنەکەوە بەستوونی، لەم کاتەدا هیچ سێبەرێک بۆ تەنەکان درووست نابێت یان وەکو ئەوەیە ئەو تەنە سێبەری نەبێت، ئەمەش راڤەی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت:﴿ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ﴾ بەمانای: سێبەرەکە یەک بڕی دەبێت نەکەم دەکات و نەزیاد دەکات، بەمانای: ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بوایە گۆی زەوی بە جێگیری (بە نەجووڵاوی) بەرامبەر بە تیشکی خۆر دەهێشتەوە، بەمەش بڕی سێبەری تەنەکان بە نەگۆڕی دەمایەوە و سوودی زۆر گەورەمان لە دەست دەچوو.

لەم ئایەتانەی پێشوو زۆر بە وردی باسی جۆری دووەمی جووڵەی سێبەر کراوە کە بریتییە لە کشان و چوونەوەیەک (درێژبوون و کورتبونەوە) لەگەڵ باسکردنی ئەگەری روودانی ئەو جۆرەی سێبەر کە دەتوانین ناوی بنێین سێبەری نەجوڵاو کە لەم ئایەتەدا هاتووە:﴿ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ﴾.

**٣ ــ سێبەر یەک شێوە نییە:**

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَالًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْجِبَالِ أَكْنَانًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ ﴿٨١﴾ ﴾النحل. خاوەنی (التفسیر المیسر) لە راڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: سێبەری دارەکانی بۆ کردوون و لە شاخەکانیش ئەشکەوتی وای بۆ دروست کردوون کە شوێن گەلێکی وای تیایە دەتوانن لەکاتی پێویستدا پەنای بۆ بەرن.. وشەی (ظِلَالًا) بەشێوەی کۆ هاتووە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سێبەر هەمووی یەک شێوە (جۆر) نییە لەکاریگەریدا.. ئەمەش ئیعجازێکی تری قورئانە کە لەتەوەرەی چوارەمدا باسی لێوە دەکەین.

**٤ ــ باسی چەند نموونەیکی دیاری کراو لە جۆرەکانی سێبەر:**

**أ‌ـ سێبەری بەسوود (سێبەری سۆز و رەحمەت):**

ـ سێبەری رەحمەت: خوای گەورە چەند شێوەیەک لە سێبەری رەحمەتی باس کردووە کە بە درێژی باسی لێوە دەکەین:

ـ سێبەری هەورەکان (هەوری سپی):

﴿ وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿١٦٠﴾ ﴾الأعراف.

(قورتبی) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: هەورەکانمان کردووە بە سێبەر بە سەرتانەوە. (السدی) دەڵێت: (الغمام) بە مانای هەوری سپی دێت. خوای گەورە بەم شێوەیە سێبەری (بۆ بەنی ئیسرائیل) کردووە بۆ ئەوەی لە گەرمای خۆر بیانپارێزێت..

ـ سێبەری چڕ وپڕ (الظل الظلیل):

الظل الظلیل:﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا لَّهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلًّا ظَلِيلًا ﴿٥٧﴾ ﴾ النساء.

(ئیبن کەسیر) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: سێبەرێکی چڕ وپڕ. (ئەبو هورەیرە) دەڵێت: پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (لە بەهەشتدا دارێک هەیە ئەگەر ئەسپ سوار لە سێبەرەکەیدا سەد ساڵ بڕوات، نایبڕێت ئەویش داری نەمرییە).

ـ سێبەری بەردەوام (الظل الممدود) و ئاوی بە ژێردا بڕوات:

﴿ وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ ﴿٢٧﴾ فِي سِدْرٍ مَّخْضُودٍ ﴿٢٨﴾ وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ ﴿٢٩﴾ وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ﴿٣٠﴾ وَمَاءٍ مَّسْكُوبٍ ﴿٣١﴾ ﴾الواقعة.

(أَصْحَابُ الْيَمِينِ) چ پلە و پایەیەکیان هەیە و چ پاداشتێکیش دەدرێنەوە، لە باخێکدان درکی نییە، مۆزی جوان ریزکراو و، سێبەرێکی بەردەوامی دوور و درێژ و ئاوی زۆر و تاڤگە و حەوزی زۆری تیایە کە هەرگیز وشک ناکات. ئەم ئایاتانەی پێشوو نمونەیەکە لەسەر سێبەری سوود بەخش ئەویش سێبەرێکە بەردەوامە و ئاویش بە ژێریا دەڕوات کە لەگەڵ سێبەرەکە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کەم کردنەوەی پلەی گەرما.

**ب‌ـ سێبەری زیان بەخش (سێبەری سزا):**

قورئانی پیرۆز چەند نمونەیەکی لە سێبەری زیان بەخش هێناوەتەوە:

سێبەری دووکەڵی رەش: ﴿ وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ ﴿٤٣﴾ لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ ﴿٤٤﴾ ﴾ الواقعة، لە کتێبی (الجامع البیان)دا هاتووە: (ظل من یحموم) بە مانای دووکەڵ هاتووە. (قتادە) دەڵێت: (یحموم) سێبەری دووکەڵە، دووکەڵی دۆزەخ، خوای گەورە دەفەرموێت سارد و فێنک نییە وەک سێبەری هەموو شتێکی تر بەڵکو گەرمە، چونکە دووکەڵی ئاگری دۆزەخە (خۆشی بەخش) نییە بەڵکو ئازار بەخشە بۆ ئەو کەسەی پەنای بۆ دەبات.

*** سێبەری دوکەڵی سێ بەش (ظِلٍّ ذِي ثَلَاثِ شُعَبٍ):**

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ انطَلِقُوا إِلَىٰ ظِلٍّ ذِي ثَلَاثِ شُعَبٍ ﴿٣٠﴾ لَّا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِي مِنَ اللَّهَبِ ﴿٣١﴾ ﴾ المرسلات، (تەبەری) لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموێت: خوای گەورە کە باسی ئەو کۆمەڵە کەسانە دەکات کاتێک ئەو هەموو بەڵگانەی بوونی رۆژی دواییان بە درۆ دەخستەوە:﴿ انطَلِقُوا إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾ المرسلات لە دنیا (تُكَذِّبُونَ) لە عەزابی خوا بۆ کافران ﴿ انطَلِقُوا إِلَىٰ ظِلٍّ ذِي ثَلَاثِ شُعَبٍ ﴿٣٠﴾ ﴾بە مانای برۆنە سێبەری دوکەڵێکی سێ بەش چونکە دووکەڵەکە لە سووتەمەنییەکەوە بەرز دەبێتەوە و لە کاتی بەرزبوونەوەیدا دەبێتە سێ بەشەوە.

**سزای رۆژی سێبەرەکە (هەوری ئەشکەنجە بەخش):**

﴿ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ إِنَّهُ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٨٩﴾ ﴾الشعراء

نموونەیەکی تر لەسەر سێبەری زیان بەخش (ئەشکەنجە بەخش)، ئەشکەنجەی قەومی شوعەیبە﴿ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ ﴾لە تەفسیری (الآلوسی) هاتووە ئەو قەومە بەردەوام بوون لە بە درۆخستنی (شوعەیب) سەلامی خوای لێ بێت. ئەمەش بووە هۆی سزا دانیان ﴿ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ ﴾ واتە: سزای رۆژی هەور و سێبەر دایگرتن کە لە ژێریدا ئاگر باران کران (تەفسیری ئاسان).

**روون کردنەوەی لایەنەکانی ئیعجازی زانستی لە ئایەتەکانی سێبەر:**

ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە باس لە سێبەر دەکەن لە چەند روویەکەوە ئیعجازی تێدایە، بەم شێوەیە:

١- گشتگیری و وردی لە وەسف کردنی باسی سێبەر:

قورئانی پیرۆز کاتێک کە باس لە سێبەر دەکات وەسفی دەکات وەک دیاردەیەکی سروشتی کە پەیوەندی هەیە بە جولەی خۆرەوە، باس کردنەکەش بە شێوەیەکە کە هیچ دژی تیانییە لەگەڵ ئەو ڕاستییە زانستیانەی کە دۆزراونەتەوە و باسییان لێکراوە.

ئاماژەکانی قورئانی پیرۆز لەم بابەتدا:

ا - جیاوازی نێوان سێبەر و خۆرەتاو.

ب - وەسف کردنی زۆر وردی بۆ شێوەی جوولەی سێبەر و بە شێوەکی دوور و درێژ.

ج - باس کردنی جۆرەکانی سێبەر، کە لە یەک جۆر زیاترن.

د - باس کردنی جۆرەکانی سێبەر لەو لایەنەی کە سوود بەخش و زیان بەخشی (سزا بەخش) هەیە.

٢-سەلماندنی ئەو لایەنەی کە سێبەر یەک جۆر نییە:

خوای گەورە لە سورەتی النحل:٨١ دەفەرموێت: ( وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا ) وشەی (ظِلَٰلًا ) کە بە شێوەی کۆ هاتووە، ئاماژەیەکە بۆ جۆرەکانی سێبەر، پلەی گەرمی ناوچە سێبەرەکان دەگۆڕێت بە گوێرەی ئەو تەنەی کە درووستی کردووە.

لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە کە جیاوازی هەیە لە پلەی گەرمی باڵەخانە و دیوارەکان کاتێک سێبەری دەکەوێتە سەر بە گوێرەی ئەو تەنەی کە ئەو سێبەرە درووست دەکات. ئەو لێکۆڵینەوانە دەریان خستووە ئەو سێبەرەی باڵەخانەکان دەیخەنە سەر یەکتر جیاوازە لەگەڵ ئەو سێبەرەی کە ڕووەکە هەڵواسراوەکان و درەختەکان دەیخەنە سەر باڵەخانەکان، هەروەها ئایەتەکە ئاماژە بۆ جیاوازی سێبەری تەنە سروشتیەکان دەکات وەک (دار و درەخت و شاخ و کێوەکان) کە کاریگەری زیاترە لە دابەزینی پلەی گەرمی.

ئیعجازی باس کردنی چەند شێوەیەکی سێبەری سوود بەخش و زیان بەخش.

١- باسی سێبەری بەردەوام و ئاوی بە ژێردا بڕوات:

لەبەر گرنگی سێبەر بۆ فەراهەم کردنی کەشێکی خۆش بۆ مرۆڤ، بە تایبەتی لە شوێنە گەرمەکاندا، قورئان لە چەند شوێنێک و لەچەند ئایەتدا نموونەی هێناوەتەوە لەسەر (سێبەری سوود بەخش)، وەک سێبەری هەوری سپی، وەک ئەم ئایەتە پیرۆزە:﴿ وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلْغَمَٰمَ ﴿١٦٠﴾ ﴾ الأعراف.

وە لەچەند ئایەتێکی تردا باسی سێبەری بەردەوام (کاتێک ئاوی بەژێردا دەڕوات) کراوە وەک ئایەتەکانی 27 ـ 31 ی سورەتی (الواقعة) ﴿ وَأَصْحَٰبُ ٱلْيَمِينِ مَآ أَصْحَٰبُ ٱلْيَمِينِ ... ﴾ بەکارهێنانی ئاو بۆ شێدارکردن و فێنک کردنەوەی هەوای ناوچە سێبەرەکان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر نزم بوونەوەی پلەی گەرمی هەوای ناوچە سێبەرەکان، ئەمەش وا دەکات کە هەست بە خۆشی بکەیت، بە تایبەتی لە شوێنە گەرمەکاندا وەکو دوورگەی عەرەب شوێنی دابەزینی قورئان.

٢- سێبەری چڕ و پڕ (ظل ظليل):

ئایەتی (٥٧)ی سورەتی (النساء) باسی یەکێک لە نیعمەتەکانی خوای گەورە دەکات کە بۆ ئەهلی بەهەشت ئامادەی کردووە ئەویش سێبەری چڕ و پڕە: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ لَّهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلًّا ظَلِيلًا ﴿٥٧﴾ ﴾ النساء. کە بریتیە لە چەند چینێک سێبەر لەسەر یەکتر، باشترین نموونە لەسەر ئەم جۆرە سێبەرە بریتییە لە سێبەری گەڵای دار لەسەر یەکتر.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە باشترین ڕێگە بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری پلەی گەرمی لەسەر ڕووی دەرەوەی خانوو و باڵەخانەکان بریتیە لە درووست کردنی سێبەر لەسەر ئەو ڕووە دەرەکییە ئەویش بەدانانی سەقفێکی زیادە لەسەر ئەو خانووە یان باڵەخانەیە (وێنەی٣)، کە ناهێڵێت ڕاستەوخۆ تیشکی خۆر بکەوێتە سەر ڕووەکەی ژێرەوە (سەقفە بنەڕەتیەکە) بەم شێوەیەش گواستنەوەی وزەی گەرمی (الانتقال الحراری) کەم دەبێتەوە لە ڕووە دەرەکیەکەوە بۆ بنەڕەتیەکە بە بوونی بۆشاییەک لە نێوان هەردوو ڕووەکە بە شێوەیەک کە ڕێگە بدات بەتێپەڕ بوونی هەوا لەنێوان هەردوو ڕووەکە، کە ئەم بۆشاییە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی گواستنەوەی وزەی گەرمی. ئەمەش نموونەیەکی سێبەری چڕ و پڕە (ظليل).




وێنەی (٣) برگەیەک لە خانوویەکی نوێ، تیایدا شێوەی سێبەر دروست کردن ڕوون دەکاتەوە بە بەکارهێنانی سەقفی کانزایی کە ڕووناکی خۆر دەداتەوە بۆ ناو هەوا.

٣- سێبەری دووکەڵی ڕەش:

نموونەی سێبەری زیان بەخش ئەم ئایەتە پیرۆزەیە:﴿ لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ ﴿٤٤﴾ ﴾الواقعة.. باس کردنی سێبەری زیان بەخش سەبقێکی قورئانە چونکە (يحموم) بریتیە لە دووکەڵێکی ڕەش کە هەر سەیرکردنی ئازارە، بە زمانی عەرەبی (الضبخان)ی پێ دەوترێت وە بە ئینگلیزی (smog)، کە لە تەم و دووکەڵێکی ڕەش وگەرم پێک دێت، ئەم جۆرە دوکەڵە نەک هەر نەناسراو بوو، بەڵکو هەر بوونی نەبووە تاکو شۆڕشی پیشەسازی و بڵاوبوونەوەی پیسکەرە کیمیاییەکان کە بەشێوەی هەڵم و دووکەڵ بەرز بوونەوە بۆ ناو بەرگە هەوا (لە هەندێ بارودۆخی تایبەتیدا)، کە ئەمەش وا دەکات پەڵە هەوری ڕەش پەیدا ببێت و بەر لە تیشکی خۆر بگرێت. بەڵام ئەم دووکەڵە ڕەشە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و هەستکردن بە کەش و هەوایەکی ناخۆش، لەلایەکی تریشەوە دیمەنێکی ناشرینە.

سەرچاوە: موسوعه الأعجاز العلمي فی القران والسنه، بۆ زانیاری زیاتر و خوێندنەوەی دەقە عەربییەکەش ئەمە لینکی بابەتەکەیە:
http://quran-m.com/container2.php?fun=artview&id=964

هەندێک لە سەرچاوەکانی نوسەر:

(1) Baroum, A.H. (1983). Energy responses to vernacular shelter and settlement in continental Morocco, North Africa. Proceedings of the second international plea conference: "Passive and low energy Architecture". Pergamon press, New York

(2) Givoni, B. (1994). Passive and low energy cooling of buildings. Van Nostrand Reinhold company, New York

(3) Yehia Wazeri (2001). The natural cooling systeman approach for improving the thermal performance of buildings in North Africa (Ph.D.). Institute of African Research and Studies, Cairo University

(4) WWW.ar.wikipedia.org

(5) WWW.Lampa.Bibalex.org

بەدیهێنانێکی ورد لە زیندەوەرێکی بچوکدا

# مێرووی تەختە شیکەرەوە

و: تارا موحەممەد

بەتەنها سەیرکردن و تێ ڕامان لە بەدیهێنراوەکانی ناو ئەم جیهانە، داخوازی ئیمان هێنانە بە بەدیهێنەرێکی خاوەن دەسەڵاتی ڕەها و دانایی بێ سنوور. ئەو بەدیهێنەرەی کە جێ دەستی خۆی بە بەڵگەی ئاشکرا لەناو بەدیهێنراوەکانیدا جێ هێشتووە. پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیا ڕێگەی خۆش کردووە بۆ وردبونەوەی زیاتری مرۆڤ لە پێکهاتەکانی ناو ئەم گەردوونە و لەناویشیاندا زیندەوەرانی تر، ئەمەش منەتێکی گەورەیە کە خوای گەورە بەخشیویەتی بە ئادەمیزاد و دەسەڵاتی بەسەر هەموو زیندەوەرانی تردا هەیە.

لەگەڵ بیرکردنەوە لەو ئایەتەدا کە دەفەرموێت: ﴿... صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ ...﴾ (٨٨) النمل، واتە: ئەمەیە دەستکردی ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی بەوپەڕی ڕێکوپێکی دروستکردووە.

لە سوڕی ژیانی زیندەوەرێکی بچوک کە بە «مێرووی تەختە شیکەرەوە» ناودەبرێت، ورد دەبینەوە.

ئەم مێرووە لە پێناو ژیان و مانەوەیدا، داری زیندوو یاخود کەلوپەلی لە تەختە دروستکراو دەکاتە ناوەندێکی گونجاو بۆ دانانی هێلکەکانی، ئەم مێرووە خاوەنی ئەندامۆچکەیەکی بەهێزە کە وەک ئامێری (درێل) کاردەکات و ئەرکی کونکردنی تەختەکە و دروستکردنی دەرچەیەکە بۆ کردنە ناوەوەی هێلکەکان لەو ڕێگەیەوە بۆ ناو کرۆکی تەختەکە، کە ئەم هێلکانە بۆماوەی (١ بۆ ٤ هەفتە) لەناو تەختەکەدا دەمێننەوە و لەپاشان دەبنە کرمۆکە (یرقة)، گومانی تێدا نی یە ئیلهامێکی ئیلاهی ئەم مێرووەی فێرکردووە کە ئەو کرمۆکانەی لەپاش ترووکانی هێلکەکان دێنە دەرەوە، بۆ ژیان و گەشەکردنیان پێویستیان بەو تەختەیە هەیە.



ئەم کرمۆکانە بە سود وەرگرتن لە مادده پێکهێنەرەکانی تەختەکە لەڕێی شیکردنەوەیەوە و پلەی گەرمی و شێداری ناوەندەکە دەژین.. کرمۆکەکان ماوەی (١) مانگ تا چەند ساڵێک لەناو تەختەکەدا دەتوانن بمێننەوە و لە پێکهاتەی تەختەکە بخۆن. تا ئەو قۆناغەی سوڕی ژیانیان تەواودەکەن.



وێنەی مێرووی ڕاوچی

ئەوەی جێی سەرسامییە بونی جۆرە مێرووییەکی ترە کە بە ڕاوچی (Voracious Insect) ناودەبرێت. ئەم مێرووە مشەخۆرە چاودێری ترووکانی هێلکەکانی مێرووی تەختە شیکەرەوە دەکات تاکو کرمۆکەکان بخوات بەر لە گەشەکردنیان.

بە سەرنجدان لە سوڕی ژیانی ئەم زیندەوەرە بچوکانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە خوداوەندی ڕۆزیدەر هێندەی کە بۆ ژیانیان پێویست بێت ژیری و ئاوەزی بەو مێرووە بچوکانە بەخشیوە و هەروەها کردونی بە بەڵگەی ئاشکرا لەبەرچاوی مرۆڤی سەرداری زیندەوەراندا تاکو لێی ڕابمێنن و بەدیهێنەرەکەی بناسن.

سەرچاوە:
http://lancaster.unl.edu/pest/resources/wooddestroying103.shtml
http://www.usda.gov/wps/portal/usda/usdahome

# بۆچی؟!

## زیناکەر و ئارەق خۆر جەڵدەیان لێ دەدرێت

خوێنەری بەڕێز ئایا بڕوا دەکەی هەندێ لە زانایان شێوازێکی کاریگەری نوێیان داهێناوە بۆ چارەسەرکردنی ئالودەبوون (الأدمان) بە سێکس و مادده هۆشبەرەکان لە ڕێگای لێدان (جەڵدە) لە پشتیان..! ئایا ئەمە سزای زیناکەر و ئارەق خۆر نیە لە ئایینی میانڕەوی ئێمە..؟

ن: عبدالدائم الكحيل          و: کارزان زانست خواز

ڕۆژنامەی (دەیلی مەیلی بەریتانی) بەناوبانگ وتارێکی بڵاوکردەوە لە بەرواری 2013-7-1 لە بارەی شێوازێکی نوێ بۆ چارەسەری ئالودەبوون بە سێکس و مادده هۆشبەرەکان و ئارەق و... هتد. ئەمەش لە ڕێگای جەڵدەکردنی یان لێدانی کەسی ئالودە بوو بە چەند جارێک لەسەر پشتی. ئەمەش بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێگەخۆشکەر دەبێ لەسەر ڕزگاربوون لە ئالودەبوون.




پرۆفیسۆر Marina Čuhrova جەڵدکردن بەکاردەهێنێت بۆ چارەسەری ئالودە بوون

زانا (ڕوسیەکان) دەڵێن ئەم ڕێگایە کاریگەری خۆی سەلماندووە و سەرکەوتوو بووە، لەکاتێکدا زۆربەی هەرەزۆری شێوازە کۆن و کلاسیکییەکان هەرەسیان دەهێنا و سەرکەوتوو نەدەبوون بۆ چارەسەری ئالودەبوون، بەڵام نهێنی ئەمە چیە؟ دکتۆر Dr. German Pilipenko کە زانایەکی سێبیرییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە زیاتر لە 1000 حاڵەتی بەم شێوازە چارەسەرکردووە، هەتا لە زۆربەی وڵاتانەوە دێن بۆ سەردانی تا چارەسەریان بۆ بکات و سود لەم ڕێگایە وەربگرن.










هەرئەم زانا سێبیرییە (لە سێبیریا) دەڵێت لێدانی ئالوودەبوو بە سێکس بە ئامانجی پاککردنەوەی لە گوناح و تاوان، دەبێتە هۆی دەردانی ماددەی ئەندرۆفین «Endorphin» لە دەماغ کە ماددەیەکی بەرپرسە لە (کامەرانی و دڵخۆشی)، واله کەسی ئالوودە بوو دەکات هەست بەخۆشی بکات و ئەمەش یارمەتی دەدات لەسەر تەرککردنی کردارە سێکسیەکان و وەرگرتنی مادده هۆشبەرەکان.



وە زانایانی دەروونناسی دەڵێن: ئەم شێوازە جۆرێکە لە سزادانی جەستەیی لەسەر ئەو تاوانانەی کەسەکە کردوویەتی کە ئالودەی ماددەی هۆشبەر و زینا بووە، کە وای لێدەکات هەست بە گوناحەکەی بکات و بزانێت کە ئەوەی کردوویەتی هەڵەیەکی گەورە بووە و هەر دەبێ وازی لێ بێنێت و نەگەڕێتەوە سەری، ئەمەش شیوازێکی کاریگەرە و هەندێ لە گەورە قەشەکانی کەنیسە کردوویانە پێش سەدان ساڵ.

وە دکتۆر Dr. Sergei Speransky کە بەڕێوەبەری توێژینەوە زیندەییەکانە لە پەیمانگای Novosi-birsk Institute of Medicine دان بەوەدەنێت کە شێوازی لێدان بە دار یان حەیزەران لەسەرپشتی کەسەکە زۆر کاریگەر دەبێت لە چارەسەرکردنی نۆرە خەمۆکی و هەست کردن بەتاوان.

وە کرداری لێدان یان جەڵدەکردن هەندێ ناوچە لە دەماغ هاندەدات لە لایەن کەسی ئالوودە بوو بۆ نموونە بە مادده هۆشبەرەکان وە کرداری زۆر ئاڵۆز ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی ڕزگار بوون لە ئالوودەبوون بە ئاسانی.

ئێستا با چەند پرسیارێک بکەین:

بۆچی وڵاتانی خۆرئاوا هەموو ڕێگایەک وەردەگرن و بەکار دەهێنن بۆ چارەسەر هەتا ئەگەر جەڵدەکردنی ئالوودەبوو بێت بە سەد جەڵدە!!! وە کاری پێ دەکەن و برەوی پێ دەدەن لە کاتێکدا لە ئیسلام دوورن؟ وە بۆچی ئەمە ڕەتدەکەنەوە کاتێک ئیسلام بانگەشەی بۆ بکات؟ لە کاتێکدا ئاکارەکانی ئیسلام سۆز و میهری پێیە بۆ مرۆڤایەتی، وە کەسی زیناکەر چاوەڕێ ناکات تا بگاتە قۆناغی ئالوودەبوون؟

ئێمە دەزانین کە خودای باڵادەست دیاردەی ئالودەبوونی بە سێکس چارەسەرکردووە لە ڕەگ و ڕیشەوە، لە ڕێگای ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖ ... ﴿٢﴾ ﴾ النور.

ئەم سزایەش زیناکەر پاک دەکاتەوە و کەسانی تریش دووردەخاتەوە لەم کارە و کارەساتی بێ ڕەوشتی و بەرەڵلای لە ڕەگ و ڕیشەدا دەبڕێت... وە ملیۆنان گەنج لەم تەنگژە تاوانیانە ڕزگار دەکات.

هەر بۆیە دەتوانین بڵــێین:

1- چارەسەری کێشەی زینا و خواردنەوەی مەی لە ڕێگای جەڵدەکردن لە سەر پشتی کەسەکە، چارەسەرێکی تەندروستە و تاقیکراوەتەوە لەلایەن تایبەتمەند و سپێشیەڵەکانەوە لە بواری چارەسەری دەروونی و چارەسەری ئالوودەبوون.

2-بوونی ئەم سزایە یان ئەم حەددە لە کتابی خودای پەروەردگار (حەددی ئارەق و زیناکەر بە هەردوو ڕەگەز) بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی ئەمە کتابێکە لەلایەن خوداوە دابەزیوە، نەوەک بەم شێوەیەی کە لافی ئەوە لێدەدەن ئیسلام فەرمان بە توند و تیژی دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی مرۆڤ. شایەنی باسە لە ئیسلامدا دەبێت جەڵد لە پشت بدرێت و، لە کاتی جەڵدەلێداندا دەست تا نیوە بەرز بکرێتەوە و، نابێت ئازاری زۆری کەسی لێدراو بدرێت، هەروەها نابێت لە دەم و چاو بدرێت...تاد

3- جێبەجێکردنی حەددی زینا ملیۆنان کەس ڕزگار دەکات لە مردن بە هۆی نەخۆشیە سێکسیەکان. وە ملیاران دینار و دۆلار دەگێڕێتەوە کە خەرج دەکرێت بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیانە و ملیۆنان خێزان لە هەڵوەشانەوە و توند و تیژی خێزانی دەپارێزێ و، چەندان کێشەی تر کە هەندێک جار دەبێتە هۆی خۆکوشتن..!

کامەیان باشترە: سەد جەڵدە یان مردن و نەخۆشی؟

4- دانپیانانی ئەو کەسانەی کە چارەسەری دەروونی دەکەن بەوەی کە لێدانی ئالوودەبوو دەبێتە هۆی چارەسەر، ئیعجازی قورئان دووپاتدەکەنەوە لە حەددی زینا. وە ئیعجازی قورئان تەنها لە بوارە زانستی و زمانەوانیەکان ناوەستێ! بەڵکو لە جێبەجێکردنی حەددی شەرعیش ئیعجاز هەیە.

وە ڕەنگە لە ماوەکانی داهاتوودا توێژینەوەکانیان بۆمان بێت لە بارەی «دەست بڕین»ی دز بۆ چارەسەری کێشەی دزین لە ڕەگ و ڕیشەوە.. ئەگەر سەرنج بدەین لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا بۆ نموونە دەبینین سەدان هەزار دز بوونیان هەیە!! لەگەڵ بوونی ئەم هەموو سزایەی دەرهەق بە دزەکان بەڵام هەر دەبینیــین ڕێژەی دزی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە، وە هەموو جیهان چارەسەرێکی باشتر و بە سۆزتر نادۆزێتەوە لە دەست بڕینی دز بۆ چارەسەری ئەم ئافە و کارەساتە لە ڕەگ و ڕیشەیەوە. خودای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٣٨﴾ ﴾ المائدة.

ئا ئەمەیە حیکمەت و دانایی پەروەردگار.. ئەی کوا دانایی مرۆڤ؟

وە لە کۆتاییدا ئەم ئایینە بە سۆز و میهرەبانی هاتووە بۆ هەموو جیهانەکان، بۆیە شتێکی سەیر نیە کاتێک دەبینین کەوا هەرچەند جەنگ و دژایەتی لەسەر ئیسلام زیاد دەکات، لە بەرامبەردا بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە خێراتر دەبێ، بە تایبەت لە وڵاتانی خۆرئاوا کە خەڵک خاوەنی ئازادی بیروڕا و ئایدیای خۆیەتی.. ئەمەش بەڵگەیەکی ماددی لەسەرئەوەی کە مرۆڤی ژیر کاتێک بواری ئازادی بیروڕای بۆ فەراهەم دەبێت ئایینی میانڕەوی هەڵدەبژێرێت.

سەرچاوە:
http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-22-25-21/1712-2014-10-26-00-36-35

سەرچاوەکانی نوسەر:
http://www.dailymail.co.uk/news/article-2258395/How-beat-addictions-literally-Siberian-psychologists-thrash-patients-sticks-help-kick-habits.html
http://www.nydailynews.com/life-style/russian-patients-pay-therapists-cane-article-1.1960979
http://siberiantimes.com/other/others/features/beating-addiction-out-of-you-/literally

# سیستمی دابڕینی تەندروستی و ئیعجازێکی سوننەت

ناسك عزیز

پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ لە فەرموودەیەکدا پێمان ڕادەگەیەنێت: ( ئەگەر بیستتان لە شوێنێکدا تاعون کەوتۆتەوە، مەچن بۆ ئەو شوێنە، ئەگەر لەو شوێنەش کەوتەوە کە خۆتانی لێن)(صحيح مسند احمد).

بەمەبەستی بەجێهێنای ئەم فەرمودەیەش، پێغەمبەری ئازیمان، شورایەکی بەهێزی بەدەوری شوێنی پەتاکدا کردووە، بەڵێنی بە ئەوانەش داوە کە لە ناو ئەو شورایەدان و دانیان بەخۆیاندا گرتووە، هێندەی پاداشتی شەهیدێکیان بۆ دەنوسرێت، هەر کەسێکیش ئەو شورایە ببەزێنێت، هەڕەشەی سزای پەروەردگاری لێ کردوون، لە فەرمووودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ ئەو سزایە دووپات دەکاتەوە و دەفەرموێت:» ئەوەی لە دەست تاعون ڕابکات وەك هەڵهاتوو وایە لە شەڕی غەزادا، ئەو کەسەش کە دانی بەخۆیدا گرتووە و دەمێنێتەوە لە شوێنی خۆی، پاداشتی شەهیدێکی بۆ دەنوسرێت.» ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە.

ئەگەر دوو سەد ساڵ لەمەو بەر، ئەم ئامۆژگاریە بەپیاوێکی لەش ساغ بگوترابا، لەو کاتەی کە بەچاوی خۆی بەدەوری خۆیدا، قوربانیانی نەخۆشی تاعونی یەك لەدوای یەك، بەمردوویی دەبینی، ئەوا ئەو ئامۆژگاریەی بە گوفتارێکی شێتانە و دەست درێژیکردن دادەنا بۆ سەر مافی مانەوەی لە ژیاندا، هەر لەبەر ئەوە خۆی قوتار دەکرد لەو شوێنە و بەرە و شوێنێکی تر دەڕۆیشت کە پەتای تاعونی تێدا نیە. لەو سەردەمانەی پێشومان دا، تەنها کەسانێك کە شوێنی پەتای تاعونیان جێنەدەهێشت، موسڵمانان بوون، کە فرمانی پێغەمبەریان جێبەجێدەکرد، بەبێ ئەوەی بزانن حیکمەتەکەی لە کوێدایە.

ئەوا ئیمڕۆ زانست پێشکەوت و پەردەی نهێنیەکان هەڵدرانەوە لەسەر ئەو زیندەوەرە وردبینانە، و شێوازی زۆربوون و بڵاو بونەوەیان ئاشکرابوو، بەجۆرێك ئێستا دەزانرێت کە چۆن نەخۆشی و پەتا بڵاو دەکەنەوە، هەرچی ئەو کەسانەش کە نیشانەی نەخۆشیەکەیان پێوە دیار نیە لە شوێنی کەوتنەوەی پەتاکە، ئەوا هەڵگری میکرۆبی نەخۆشیەکەن و، گەورەترین سەرچاوەی هەڕەشەن بۆ گواستنەوەی پەتاکە لە شوێنی نیشتەجێبونیانەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەچن.

لە دەرەنجامی دۆزینەوەی ئەم ڕاستیەدا، سیستمی دابڕینی تەندروستی «Quarantine» داهات، کە لەجیهاندا ناوبانگی هەیە، و هەر ناوچەیەك پەتایەکی لێ بکەوێتەوە، ئەوا هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، لە چوونە دەرەوە قەدەغە دەکرێن، لە هەمان کاتیش دا، هاتنە ناوەوەی خەڵکی دەرەوەی ئەم ناوچەیەش قەدەغە دەکرێت.

ئاخۆ کێ ئەم زانستەی بەپێغەمبەرمان ﷺ ڕاگەیاندبێت لەو کاتەدا؟!

ئایا دەکرێت ڕاستیەکی وردی زانستی لەم جۆرە پێش چواردە سەدە بزانرێت، لەلایەن کەسێکی ئاساییەوە؟! ئەگەر خودایەکی زانا و ئاگادار لە هەموو شتێك ئەم ڕاستیەی بە پێغەمبەر ﷺ نەگەیاندبێت، بۆ ئەوەی دواتر باوەڕمان بەوە هەبیت، کە ئەم فەرموودانە لەلایەن پەیامبەری خوداوە ئاڕاستەمان کراوە، و ئێمەش سوپاسگوزاری هەموو ڕێسا و فەرمایشتەکانی ببین.



# سەرچاوەی ئاو لەسەر روی زەوی

٧

ئا: دەریا کاوە

## ئایا ئاوی زەوی لە کوێوە هاتوە؟ دەریاکان چۆن لەسەر زەوی دروست بون؟ ئایا قورئان باسی هاتنە خوارەوەی ئاوی کردوە لە ئاسمانەوە، بەو شێوەیەی کە زانایانی ئەمڕۆ باسی دەکەن؟

ئاو ماددەی ژیانە کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی دابین کردوە و، چەندین جار و بۆ چەندین مەبەست لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ کراوە.. بڕی ئاو لەسەر زەوی بە 1،4 بلیۆن کیلۆمەتر سێجا مەزەندە دەکرێت، ئەم ئاوە ڕێژەی (%97،22)ی دابەش دەبێت بەسەر دەریا و زەریاکاندا. وە نزیکەی (%2،15)ی بە شێوەی سەهۆڵ لەسەر جەمسەرەکانی زەوی و لەسەر لوتکەی شاخەکان دەیبەستێت، ئەوەشی کە ماوەتەوە واتە (%0،63) دابەش دەبێت لە نێوان ئاوی خەزنکراوی ژێر زەوی و دەریای ناوەکی خەزن کراو و ڕوبار و جۆگەلەکان، هەروەها وەک و (شێ)ش لە خاک و هەوادا هەیە بە ڕێژەی (0،027 %).. ئاو لە دوو گەردیلە هایدرۆجین و گەردیلەیەک ئۆکسجین پێکدێت، وە ئەم سێ گەردیلەیە بە دوو بۆندی هاوبەش بەیەکەوە بەستراون. وە گۆشەیەکیان دروستکردووە کە 105 پلەیە.

**ئێستا با بزانین ئاو چۆن و لە کوێوە هاتۆتە سەر ڕوی زەوی:**

ئەم دوو گەردیلەیە (هایدرۆجین و ئۆکسجین) لە مەجەرە دوورەکانەوە هاتون کە لەگەڵ نەیزەکەکان و ئەستێرە کلک دارەکاندا هەڵگیراون، پاشان ئەم نەیزەک و ئەستێرە کلکدارانە بە درێژایی ملیۆنان ساڵ بەر زەوی کەوتون، کە ئەمەش چوار ملیۆن ساڵ لەمەو پێش بوە، وە ئەو نەیزەکانەی کە کەوتونەتە سەر زەوی شوێنەواری (ئاو)یان لەسەر هەڵگیراوە و، زانایان باسی هەموو ئەمانەیان کردوە کاتێک شیکردنەوەیان بۆ هەندێ لەو نەیزەکانە کردوە کە بەرگە هەوایان بڕیوە و کەوتونەتە سەر ڕوی زەوی.. لەگەڵ تێپەڕ بونی کاتدا بەملیۆنان نەیزەک و هەندێ لە ئەستێرە کلکدارەکان خۆیان کێشاوە بە زەوی دا، وە کلکدارەکان کلکیان هەیە لە بەفر بەمەش بڕێکی گەورە لە ئاو دەگاتە زەوی و، دەریا و ئۆقیانوسەکان دروست دەبێت. هەروەها ئەم نەیزەکانە زۆر بەتوندی بەر مانگیش کەوتون کە شوێنەکەی وەکو چاڵ یان کونی گەورە دەردەکەوێ. بەڵام مانگ بەهۆی کەمی هێزی کێشکردنەکەیەوە ناتوانێت ئەو ئاوەی کە بەهۆی نەیزەکەکانەوە دەکەوێتە سەری بیگرێتە خۆی، بۆیە ئاوەکە دەفرێت بۆ ناوەندی دەرەوە و لەسەر ڕوی مانگ نامێنێتەوە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّٰهُ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ المؤمنون. واتە: هەر ئێمە لە ئاسمانەوە بە ئەندازە و نەخشەیەکی دیاریکراو بارانمان باراندوە و ئینجا لە ناخی زەوی دا جێگیرمان کردوە، بێگومان ئێمە بە جۆرەها شێوە دەتوانین ئەو ئاوە لەناو بەرین و ئەو سەرچاوانە وشک بکەین. لەم ئایەتەشەوە ئەو ڕاستی یە دەردەکەوێت کە ئاوی سەر زەوی لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً طَهُورًا ﴿٤٨﴾ لِّنُحْۦِىَ بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُۥ مِمَّا خَلَقْنَآ أَنْعَٰمًا وَأَنَاسِىَّ كَثِيرًا ﴿٤٩﴾ وَلَقَدْ صَرَّفْنَٰهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا۟ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٥٠﴾ ﴾ الفرقان.

واتە: (هەر ئەو زاتەیە کە باکانی نارد کە مژدەی بەزەیی ئەوتان بۆ بێنن. جا ئەوسا لە ئاسمانەوە ئاوێکی پاک و خاوێنمان باراندووە (به شێوەی باران و بەفر و تەرزە)... تا بەهۆیەوە زەوی هێز لێ بڕاو زیندو بکەینەوە، هەتا ئاوی خواردنەوەش ببەخشین بە ماڵات و خەڵکانێکی زۆر کە دروستمان کردون. ئەوەشمان هەر جۆرە جۆرە لە نێوانیانا دابەش کرد تا پەند بگرن، بەڵام زۆربەی خەڵکی هەر فێرن ناشککوری بکەن.)

ئەم ئایەتە باسی بارینی ئاو دەکات لە هەورەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیەکی شاراوەی هەڵگرتووە بەوەی کە سەرچاوەی ئاو لە ئاسمانەوە یە، هەروەها دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە ئەم دەستەواژەیە ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾ دوو واتا دەگرێتە خۆی:

**یەکەم:** بارینی ئاو لە ئاسمانەوە، لەناو بەرگە هەواوە، وە بەرگە هەوا ئاسمانە بە گوێرەی ئێمە، چونکە ئاسمان سەقفە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأنبياء.

واتە: ئێمە ئاسمانمان کردووە بە سەقفێکی پارێزراو، کەچی ئەوانە ڕوو وەردەگێڕن لە هەموو نیشانە و بەڵگەکانی ئاسمان. لێرەدا ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بەرگی هەوا ئەوەیە کە زەوی دەپارێزێت لە تیشکەکانی گەردون و تیشکی سەرو بنەوشەیی زەرەرمەند و لەناوبەر، کە ئەگەر ئەم تیشکانە بگەنە لەشمان دەیسوتێنێت. هەروەها زەوی لە بەلایین نەیزەک و بەرد و تیشک دەپارێزێت و دوری دەخاتەوە و پەرش و بڵاوی دەکاتەوە.

**دووەم:** لە ڕاستیدا ئاو سەرچاوەکەی لە ئاسمانەوە یە. وە لە فەزای دەرەوە ئاو دێتە سەر ڕوی زەوی.. ئەمەش لە گەورەیی و ئیعجازی قورئانە، کە ئەم ئایەتە چەندین واتامان بۆ کۆدەکاتەوە کە هەموشیان ڕاست و دروستن.

ئەمەو لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾

﴿أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا ٣١﴾ النازعات. واتە: دواتر زەویشی ڕاخست و تەختی کرد، ئاوی لێدەرهێناوە و لەوەڕگای بۆ ماڵات فەراهەم هێنا.

ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خوای گەورە لە ناخی زەوی یەوە ئاوی دەرهێناوە و بەهۆیەوە دەریا و زەریا و کانیاو و جۆگەلەکان دروست بووە کە زەوی شەق کردووە وەکو ڕێڕەوێک تا ئەو ئاوانەی پێدا بڕوات.

(ابن كثير) لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەڵێت: (دحى ذلك الأرض فأخرجت ماكان مودعا فيها من المياه فنبتت النباتات على اختلاف أصنافها و صفاتها ) تفسير ابن كثير102/1، هەروەها (شوكاني) دەڵێت: (اخرج منها ماءها و مرعاها: أي فجر من الأرض الأنهار و ألبحار و العيون.) فتح القدير 534/5.

وە ئێستا زۆربەی زانایان باسی ئەوە دەکەن لە بەڵگە و ئاماژەکانیاندا کە بارینی ئاو لە ئاسمانەوەیە و وە لە ناوەندی دەرەوە هاتووە، پاشان ئەم ئاوە ڕۆشتۆتە ناخی زەوی و دواتر بەهۆی گڕکانەکانەوە ئاوەکە هاتۆتە سەر ڕوی زەوی، لەمەوە دەردەکەوێت لە ڕاستیدا قورئان لە هەندێ ئاماژە پێکهاتووە کە ئێستا زانست جەختی لەسەر دەکاتەوە.

**بۆچوونی زانایان لەسەر سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی، کە زانایان دوو بۆچوونیان هەیە لەم بارەیەوە:**

**أ ـ بۆچوونی یەکەمی زانایان:**

ئاو لە فەزای دەرەوە هاتۆتە سەر زەوی، بەهۆی هەندێ شەپۆلی تیشکی گەردونی کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە بۆشایی گەردوندا دەجولێت و، پێکهاتوە لەو دەنکۆڵانەی کە وزەیەکی زۆر بەرزی هەیە و لە ناوکی گەردیلەی هایدرۆجین یان پرۆتۆنات پێکدێت، بەهۆی جوڵەی زەوی لەکاتی سوڕانەوەی بە دەوری خۆی یان خۆردا ئەم پرۆتۆنانە بەرگە هەوای زەوی دەبڕن و دەگەنە ئەلیکترۆنە گرنگەکان (پێویستەکان) و گەردیلەی هایدرۆجین پێکدەهێنێت. ئەمەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئۆکسجین کارلێک دەکات و گەردەکانی ئاو لەسەر بەرزاییە گەورەکان دروست دەبێت و، لەژێر پلەی گەرمی نزمدا بەشێوەی تۆزی گەردونی چڕدەبێتەوە.. زانایان بڕوایان وایە کە ئەو ئاوەی بەم شێوەیە دروست بووە بە درێژای مێژوو بە زەویدا تێپەڕیوە و دەریا و زەریاکانی دروستکردوە.

**ب ـ بۆچونی دووەمی زانایان:**

بەردەکان لە چینێک دروست بووە کە کەوتۆتە نێوان ناوکی زەوی و توێکڵەکەی، لە هەندێ شوێندا ئەم بەردانە دەتوێنەوە لەژێر کاریگەری گەرمی، کە لە ئەنجامی شیبونەوەی تیشکی هاوشێوەی تیشکدار دروستبوە. کاتێک پێکهاتەی دەرپەڕیوی لێ دەردەچێت وەکو ئۆزۆن و کلۆر پێکهاتە جیاوازەکانی کاربۆن و کبریت، کە زۆربەیان هەڵمی ئاون، ئەم پێکهاتانە فڕێ دەدرێت بۆ سەر ڕوی چینەکانی زەوی، یان بۆ سەر ڕووی زەوی بەهۆی هەڵچونی گڕکانەکان بەدرێژای مێژوی زەوی، ئەم برە ئاوەش دەوروبەری سەر ڕوی زەوی پڕ کردۆتەوە.

لە شارستانیەتی یۆنانی کۆندا (ئەفلاتون) لەساڵی (348-428 پ.ز) بۆچونی وابو: کە گەنجینەی ئاوی زۆر گەورە بەشێوەی چەند ڕێڕە و و جۆگەلەیەک لەژێر ڕوی زەوی دا هەیە، کە ئاو دەدات بە سەر ڕوی زەوی.

بەڵام (ئەرستۆ) لە ساڵی (385 ـ 322 پ.ز) ئەم بۆچونەی ڕەت کردەوە، لەبەرئەوەی کە ئەم عەماری ئاوە دەبێت لە قەبارەی زەوی گەورە تر بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە لەسەر هەموو ڕوبارە هەڵقوڵاوەکان، وە باسی ئەوەی کرد زەوی وەکو پارچە ئیسفەنجێکی زۆر گەورە ئیش دەکات کاتێک پڕ دەبێت لەو ئاوەی کە لەناو زەویدایە کە لە چڕبونەوەی هەوای ساردی ژێر زەوی دروستبوە ئەم ئاوە لێی دەچۆڕێت و ڕوبار و جۆگەلە و کانیاوەکانی لێ پڕ دەبێت.

هەروەها لە سەدەی یەکەمی زاینی (فیزۆفیون) کە یەکێکە لەبیرمەندانی شارستانی ڕۆمانی باسی لەوە کرد کە دۆڵی نێوان شاخەکان زیاتر گونجاون لە شاخەکان بۆ چڕبونەوەی ئاوی باران تیایدا، وە لە ڕاستیدا بەفر بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر زەوی دەمێنێتەوە، لەو ناوچانەی کە بە دارستانی چڕ داپۆشراون، جا ئەم بەفرانە لەکاتی توانەوەیدا دەگۆڕێت بۆ ئاو و ڕۆدەچێتە درزەکانی زەوی و پڕی دەکاتەوە و بەشێوەی جۆگە و کانیاوەکان پیایدا دەڕوات.

ژمارەیەک لە زانایان دەستە وسان مانەوە هەتا کۆتاییەکانی (سەدەی حەڤدەی زاینی) باوەڕیان بەو بۆچونە هەبوو کە (ئەشکەوتی گەورە) لەناو زەوی دا هەیە کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ڕوبارەکانە، یان ئەو ئاوەی کە کۆدەبێتەوە لە ژێر ڕوی زەوی دا لە دەریاکانەوە دێت.

دواترزانایەکی ئەوروپی بەناوی (ئەسناسیوس کیسەر) ساڵی (1602ـ1680ز) ئەم بیرو بۆچونە هەڵانەی کورتکردەوە و ئەم گریمانەی دانا: دەریاکان بەستراوە بە شاخی ناوبۆش کەڕووبار و جۆگەکانی لێ هەڵدەقوڵێت.

وە هیچ کام لە بیرمەند و زانا خۆرئاواییەکان نەیان توانی لەوە تێبگەن کە باران بەس بێت بۆ مانەوەی ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکان بە درێژایی کات.

هەرچەندە زانای فەرەنسی (فرنسيا باسم برنارد باليسى) ساڵی (1510 ز ـ 1590 ز) ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕوبار و کانیاوەکان هیچ سەرچاوەیەکی تریان نیە جگە لە ئاوی باران، وە ئاو بەهۆی گەرمی خۆرەوە دەبێت بەهەڵم و بای وشک هەڵی دەگرێت، کاتێک هەڵمەکە بەر زەوی دەکەوێت دەبێت بە هەور و بە هەموو ئاراستەکاندا دەجولێت، وە کاتێک (با) پاڵ بەو هەڵمانەوە دەنێت ئاوەکە دەکەوێتە سەر بەشەکانی زەوی، کاتێک خوا بیەوێت ئەم هەورە کە تەنها بارستەیەک ئاوە دەتوێتەوە و دەبێت بە باران و دەبارێتە سەر زەوی، وە لە ڕێگەی درزەکانی زەوی یەوە دەچێتە ناو زەوی یەوە بەردەوام دەبێت لە ڕۆچون هەتا دەگاتە (ناوچەیەکی داپۆشراو بە بەردی چڕ) وە لەوێدا بەشێوەی خەزنکراو جێگیر دەبێت، پاشان ئاوەکە هەڵدەقولێت و لە ڕێگەی درز و دەرچەکانی ڕوی زەوی بەشێوەی کانی و جۆگە و ڕوبار دێتە دەرەوە.

وە لێرەدا بە ڕونی دیارە کە (بالیسی) ئەم قسەیەی لە وشە وەرگێڕاوەکانی قورئانی پیرۆزەوە گواستوەتەوە لە وەرگێڕانی واتاکانی قورئانی پیرۆز کەلای ئەوروپیەکان هەبووە لە سەردەمی ئەودا. یان لە هەندێ کتێبی موسڵمانان کە ئەوروپیەکان لە سەرەتای سەردەمی هەستانەوەدا وەریانگێڕاوە بۆ لاتینی و یۆنانی کە لە کتێبخانە ئیسلامیەکان لە ئەندەلوس و ئیتاڵیا و سقلیە دا هەبووە، یان لەکاتی جەنگی خاچپەرستەکاندا کە ئەمەش دەرکەوتنی ئیسلام لە کتێبەکەیدا بە ڕون دیار دەدات.

**ڕوی ئیعجاز:**

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا ئەم ڕاستیانەی باسکردووە کە سەرەتا ئاوی زەوی بەو زۆری یەوە لە قۆناغی یەکەمیدا گواستۆتەوە و، لەناو زەوی دا جێگیر بووە. پاشان لە قۆناغی دووەمیدا لە ڕێی تەقینی بورکانەکانەوە لە ناو زەوییەوە هاتۆتە سەر ڕووی زەوی. کە هەردوو قۆناغەکە دابەزین لە ئاسمان و دەرهاتنەوەی لە زەوی لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە و ئەم ڕاستیانەش مرۆڤ هەتا ئەم دواییانە نەیزانیون.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَۚ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا ٨٢﴾ النساء.

واتە: ئەوە بۆ ئەوانە سەرنجی قورئان نادەن و لێکی نادەنەوە و لێی ورد نابنەوە؟ خۆ ئەگەر لەلایەن کەسێکی ترەوە بوایە جگە لە خوا بێگومان جیاوازی و دژایەتیەکی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە.

---

سەرچاوە:
http://www.jameataleman.org/main/articles.aspx?article_no=1674
http://www.kaheel7.com/modules.php?name=News&file=article&sid=560



أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا ۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ

# نەخشاندنی شاخ وکێوان بە ڕێگای سور و سپی و ڕەنگاوڕەنگ

و: سەمیرە تەیب

تابلۆی ئەم کێوانە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشن و، شایەتی بۆ گەورەیی پەروەردگارمان دەدەن. ئەمانە جۆرێکی نامۆن لە چیا و کێو، کە ڕەنگەکانیان وەک شەپۆل، شاخ و کێوەکانی داپۆشیوە بە سور و سپی و ڕەش... با ساتێک لە ئەم موعجیزە خوداییە ورد ببینەوە و ئەوسا بڵێین، پاکی و بێگەردی بۆ خودای گەورە.

لەو سەردەمەدا، کاتێک موحەممەد ﷺ وەک پێغەمبەر نێردرا، هیچ کەس لە دوورگەی عەرەبیدا، لە نهێنی و چۆنێتی پێکهاتنی شاخەکانیان نەدەزانی. بەڵام پێغەمبەرمان ﷺ ، زۆرێک لە نهێنیەکانی شاخ و کێوی لە ڕێگەی قورئانی پیرۆزەوە پێ ڕاگەیاندین، کە هەرگیز پێشتر نەزانرابون، بە تایبەتی ڕەنگەکانی شاخ.

بۆنمونە، شاخەکانی دوورگەی عەرەب بە ڕەنگی سوور وەسف نەکرابوون، هەروەها لە وڵاتی شامیشدا کە پێغەمبەر ﷺ بینی بووی شاخی ڕەنگاوڕەنگی لێ نەبوون، بەڵکو کێوی بەردین یاخود لمی هەبوون و، هیچ کەس زانیاری دەربارەی شاخی ڕەنگاوڕەنگ نەبووە.

بەڵام لەسەردەمی نوێدا، جۆرێکی تر لە چیا کەوتە بەرچاو، کە دەکەونە باکور و باشوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژهەڵاتی چین. ئەم شاخانە بە ئەوە جیادەکرێنەوە، کە ڕەنگاوڕەنگن بە ڕەنگی سور و سپی و چەندینی دیکە و، جۆرێکی دەگمەنن لە ڕووی جۆریانەوە، لەبەر بونی لوتکەی تیژ تیایاندا و، پێیان دەوترێت (Danxia landform).

ئەم جۆرە چیانە پێکهاتوون لە لمی سور و، بەردی کلسی کە ڕەنگی سپی دەداتەوە، هەروەها کۆمەڵێک ڕەنگی جیاواز و گونجاوی تیا بەدی دەکرێت، کە وا لە ئەو شاخانە دەکات، وەک تابلۆیەکی هونەری زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش دەربکەوێت و، توانا و دەسەڵاتی بەدیهێنەری گەردونی پێوە دیاربێت.

زانایان دەڵێن، کە توێژینەوە لەسەر ئەم چیانە، لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە دەستی پێ کردوە و، بۆیان دەرکەوت کە هەشتا ملیۆن ساڵ لەمەوبەر بەشێوەیەکی زۆر تایبەت پێکهاتوە، کە بە بونی لارییەکی زۆری ڕەنگ سور جیادەکرێتەوە، جگە لەڕەنگی دیکەی وەک سەوز و ڕەش و زەرد، کە وا هەست دەکەین کەسێک ئەو شێوە لاری و پێچاوپێچانەی وێنە کێشاوە و ڕەنگی کردوون.

ئێستا با پێش باسکردنی ئیعجازی قورئانی لەم دیاردەیەدا، کە ئاماژەی بە ئەم جۆرە شاخانە داوە، با کەمێک لە وێنەی هەندێک لەو زنجیرە چیانەی وڵاتی (چین) بڕوانین، ئەم تابلۆیانە وا لە بڕوادار دەکات، کە ناخی دەرونی بۆ پاکی و بێگەردی خوای پەروەردگار بهەژێت لە ئاست جوانی وێنەکان دا.



وێنەی (1)

لەم وێنەیەدا، (الغرابیب السود) کە ڕەنگە زۆر ڕەشەکانە دەردەکەون،

دیسان ڕێگە شەپۆلیە زۆر سپیەکانیش، هەروەک (الجدد الحمر) کە بەشە سوورەکانن، ئاشکرا دیارن، خوای گەورەلە سورەتی فاطر دەفەرموێت:

﴿...وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾﴾



وێنەی (2)

تەماشای ڕێگە پێچاوپێچە ڕەنگاوڕەنگەکانیان بکە.. ئەوە دەستکردی مرۆڤ نیە بەڵکو هی دروستکەری ئادەمیزادە.



وێنەی (3)

لەم شاخانەشدا، ڕێگە ڕەنگاوڕەنگە پێچاوپێچەکان بەجوانی بەدی دەکرێن، پاکی و بێ گەردی بۆ پەروەردگار.



وێنەی (4)

لێرەشدا ڕێچکە ڕەنگاوڕەنگەکان بەدی دەکرێن کە لە قورئانی پیرۆزدا بە (جدد) ناویان هاتووە.



وێنەی (5)

بڕوانن چۆن ئەو هێڵە ڕەنگاوڕەنگانە درێژدەبنەوە، کە وەک ڕێگەیەکی نەخشێنراوی ڕەنگاوڕەنگ وەهان، هەر وەک ئەوەی کەسێک وێنەی کێشابێت! ئێستا با پێکەوە بچینە لای پەرتووکی خودا و بپرسین: ئایا سەبارەت بە ئەم جۆرە چیا ڕەنگاوڕەنگە لە سوور و سپی و چەندین ڕەنگی تر، گفتووگۆیەک، یاخود ئاماژەیەک بەدی دەکرێت تێیدا؟ با پێکەوە لەم ئایەتە پیرۆزە ورد ببینەوە:

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا ۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾﴾ **فاطر**

واتە: (ئاخۆ نەتدی، خودا ئاوی لەو بەرزەوە باراندووە، میوەجاتی هەمەڕەنگمان پێ ڕواند؟ لە کێوانیش ڕێگەوبانی سپی و سووری جۆراوجۆری بەڕەنگ جیای وەدی هێنان؟ ڕەشی وەک قەلەڕەشەشیان تێدا هەیە) (قورئانی پیرۆز، مام هەژار)

یەکێک لە ئاماژە سەرسوڕهێنەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەیە، کە وەسفی ئەم چیایانە دەکات لە ڕووی شێوە و ڕەنگەوە، ئەم جۆرە شاخانە شێوازی شەپۆلیان هەیە، کە لەشێوەی ڕێگایەکی ڕەنگاوڕەنگ دەچێت، بە چەماوە و لێژایی زۆر دەناسرێنەوە و، بە ئەو جۆرەیە کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ کردوە بە (جُدَدٌ)، (**جدد**) ئەو ڕێگاو بانەیە کە ڕەنگی جیاوازە لە ڕەنگی شاخ. وە (**الغرابیب**) ڕەشێکی تۆخە (**القرطبی**)، وە لە فەرهەنگ دا، (جُدَدٌ) تاکی (جُدَّه) و (**جدید**)

واتە: نیشانە و هێڵی ئاشکرای دەرکەوتوو.

جا بێگومان گەر بێت و لە دورەوە سەرنجی ئەم شاخانە بدەین، ڕێگەی ڕەنگاوڕەنگ، بەڕەنگی جیاواز و هێڵی زۆر جوان و ئاشکرا بەدەردەکەون، بە شێوازێک گەر کەسێک بە ئەم ڕاستیە نەزانێت، وا هەست دەکات، کە کەسێک ئەم ڕێگایانەی بڕیوە و ڕەنگی کردوون بە شێوەیەکی دروستکراو، نەک هەر لە بنەڕەتدا سروشتی بن! بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە، کە ئەم ڕێگایانە دەستکردی خوای گەورەیە و ڕەنگ کراوێکی سروشتیە!

لێرەدا پرسیارێک دەمێنێتەوە: ئایا ئەم ئایەتانە، بەجوانی وەسفی ئەو شاخە ڕەنگالانەمان بۆ ناکات؟ ئایا چۆن پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم زانیاریەی زانیوە؟ چۆن بە ئەم ڕێگە چەماوە و ڕەنگاوڕەنگانەی شاخەکانی زانیوە؟ ئایا چووە بۆ چین و ئەو تابلۆ جوانانەی بینیوە؟ بێگومان نەخێر، کەواتە ئەو ئایەتە شایەتە، کە فەرموودەی خودای گەورە و پەروەردگاری ئەم گەردونەیە.

سەرچاوە:

http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-20-10-20/1718-2014-11-09-05-00-33

هەندێک سەرچاوەی نوسەر:

http://www.danxialandform.com/
http://www.globalgeopark.org/Portals/1/01-News_Events/Newsletter/Danxia2009.pdf
http://www.telegraph.co.uk/travel/picturegalleries/9550531/Colourful-rock-formations-in-the-Zhangye-Danxia-Landform-Geological-Park.html



# إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ

د. دیاری أحمد إسماعیل/ مۆڵەت پێدراو لەخوێندنەوەکانی قورئان (الشاطبية، الدرة، الطيبة)
diaryismaeil@yahoo.com

یەکێک لە موعجیزەکانی قورئان ئەوەیە، کە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو دوژمنانەی، وەک خۆی پارێزراوە، بێ زیاد و بێ نوقستان، ئەمەش تەئکیدی وەعدی خوای گەورە دەکات کە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر. تا ئەمڕۆ ملیۆنان نوسخەی قورئان لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە بێ ئەوەی جیاوازیەک هەبێت لە نێوانیاندا. کە ئەمە بۆ خۆی موعجیزەیەکی گەورەیە.

نەسەفی دەڵێت: (خوای گەورە لە هەموو کاتێکدا دەیپارێزێت لە زیادکردن و کەمکردن و شێواندن و گۆڕین، بە پێچەوانەی کتێبە ئاسمانییەکانی تر، لەواندا خوای گەورە خۆی کەفیلی پاراستنی نەکردووە و بەڵکو ئەوەی سپاردووە بە زانایانیان (الربانيون والاحبار)، ئەوانیش جیاوازی کەوتە ناویانەوە بەهۆی ستەمی خۆیان و تەحریف ڕووی کردە کتێبەکانیان.. کاتێک دەفەرموێت: ﴿ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ نیشانەیە لەسەر ئەوەی لەلایەن خۆیەوە هاتووە و موعجیزەیە، چونکە ئەگەر قسەی غەیری خوا بوایە یان موعجیزە نەبووایە، ئەوا زیاد و کەم ڕووی تێدەکرد وەک هەموو نووسراوە دەستکردەکان)[1].

خوای گەورە قورئانی پاراستووە لە دڵەکاندا و پاشانیش بە ڕێنموونی کردنی هاوەڵان بۆ نووسینەوەی و پاراستنی لە دوتوێی کتێبێکدا.

هەر لە سەرەتای هاتنە خوارەوەی قورئاندا پێغەمبەر ﷺ ئەو ئایەتانەی دابەزیبوون دەیگەیانە هاوەڵەکانی و ئەوانیش لەبەریان دەکرد و یەکتریان فێردەکرد.

هاوەڵان لە دەمی پێغەمبەرەوە قورئانیان وەرگرتووە: ئەوەتا عوبادەی کوڕی صامیت دەڵێت: (هەرکاتێک پیاوێک کۆچی بکردایە بۆ مەدینە، پێغەمبەر ﷺ دەیدایە دەست یەکێکمان تا قورئانی فێربکات)[2].

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەڵێت: (سوێند بە خوا حەفتا و ئەوەندە سورەتم لە دەمی پێغەمبەرەوە وەرگرتووە)[3].

ئیبن جەزەری دەڵێت: پشتبەستن لە گواستنەوەی قورئاندا بە لەبەرکردنی بووە لە دڵەکاندا، نەک بە نوسینی موصحەفەکان. ئەمەش بەرزترین تایبەتمەندی ئەم ئوممەتەیە کە خوا پێی بەخشیوە... ئەوەش بە پێچەوانەی ئەهلی کتێبەکانەوەیە کە ناتوانن کتێبەکانیان بپارێزن ئەگەر نەنوسرابێتەوە لە کتێبدا، ناتوانن لەبەر بیخوێننەوە بە تەماشاکردن نەبێت)[4].

ژمارەی ئەوانەی کە قورئانیان لەبەربووە زۆر بوون.. بۆ نموونە ئەوانەی هەردوو ڕووداوی بیری مەعونە و شەڕی یەمامە گەیشتبوونە 140 لە هاوەڵان.

جگە لە لەبەرکردنی لەلایەن هاوەڵان و دەماودەم کردنی و گرنگیدانیان پێی.. پێغەمبەری خوا ﷺ هەر لە سەرەتای دابەزینی نیگاوە، ئەو ئایەتانەی کە دادەبەزین داوای لە هاوەڵان دەکرد کە بیانوسنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش نوسەرانی نیگای هەبوو[5]، کە لەبەر دەستی پێغەمبەردا ﷺ قورئانیان بۆ دەنووسییەوە.. ئەمە جگە لەوەی هاوەڵان خۆیان —ئەوەی نووسین و خوێندنەوەی دەزانی— موصحەفیان بۆ خۆیان دەنووسی.. بەم شێوەیە هیچ ئایەتێک دانەبەزیبوو کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ خۆیدا بە نووسراوی نەپارێزرابێت.

**بەڵگەش لەسەر ئەوەی قورئان هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ نوسراوەتەوە:**

*عوسمانی کوڕی ئەبی عاس دەڵێت: جارێکیان لای پێغەمبەر ﷺ دانیشتبووم لە ناکاو چاوی بڕییە سەرەوە و پاشان هێنایە خوارەوە تا خەریکبوو بە زەویدا بینووسێنێت، جا جارێکی تر چاوی بەرزکردەوە و فەرمووی: جبریل هات بۆ لام و فەرمانی پێکردم کە ئەم ئایەتە بخەمە ئەم شوێنەوە لەم سوورەتەدا (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ)- احمد17340-[6]..دیارە جبریل لەلایەن خۆیەوە ئەمە ناکات گەر فەرمانی خوا نەبێت.

* ئیبن عومەر دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَسولَ اللهِ ﷺ نَهَى أَنْ يُسَافَرَ بِالقُرآنِ إلى أَرْضِ العَدُّوِ)[7].. واتە: (پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کرد لێمان بە قورئانەوە بچینە ناو زەوی دوژمن) دیارە قورئانی نوسراوەیە، چونکە مەبەستی فەرموودەکە قورئانی ناو سنگ نییە.

* لە عوسمانەوە دەگێڕنەوە: (قورئان لە کاتی جیا جیادا دەهاتە خوارەوە و، کاتێک شتێک دادەبەزی، بانگی هەندێک لەوانەی قورئانیان بۆ دەنوسی دەکرد و، دەیفەرموو: ئەمە بخەنە ئەو سورەتەی کە باسی فلانە شت دەکات و، کاتێک ئایەتێک دادەبەزی دەیفەرموو: ئەم ئایەتە بخەنە ئەو سورەتەی کە باسی فلانە شت دەکات و، کاتێک چەند ئایەتێک دادەبەزی دەیفەرموو: بیخەنە ئەو سورەتەی کە باسی فلانە شت دەکات)[8].

* لە چیرۆکی موسڵمانبوونی عومەری کوڕی خەتتابدا هاتووە: (كَانُوا يَقْرَؤونَ في بَيْتِ فَاطمَةَ بِنْتِ الخَطَّابِ، وَكان خَبَّابُ بنُ الأَرَتِ يُقْرِئُهُم القُرآنَ في صَحِيفَةٍ)[9]. دیارە ئەم ڕووداوەش لە مەککە، پێش کۆچکردن ڕوویداوە، کەواتە هەر لە سەرەتای دابەزینی قورئانەوە مۆڵەت دراوە بە موسوڵمانان کە قورئان بنووسنەوە.

لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ قورئان هەمووی لە دووتوێی پەرتوکێکدا کۆنەکرابۆوە، بەڵکو پەرتوبڵاو بوو.. لەهەمانکاتدا هەندێک لە هاوەڵان هەندێک لە قورئانیان لای خۆیان نوسیبووەوە[10]. زەیدی کوڕی سابت دەڵێت: (پێغەمبەر وەفاتی کرد و قورئان هێشتا لە شتێکی تایبەتدا کۆنەکرابۆوە)[11].

هۆی کۆنەکردنەوەی لە دووتوێی پەرتووکێکدا لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم: نەبوونی ترسی درووستبوونی جیاوازی لە نێوان هاوەڵاندا لە قورئاندا، ئەویش لەبەر بوونی پێغەمبەر ﷺ لە نێوانیاندا و زۆر هاوەڵ قورئانیان لەبەر بووە[12].

دووەم: لە ترسی ئەوەی نەوەک لە ژیانی پێغەمبەرەدا ﷺ ئایەت هەبێت نەسخ بکرێت.

سێیەم: قورئان بە یەک جار نەهاتە خوارەوە، بەڵکو بەش بەش لە ماوەی زیاد لە بیستساڵ.

---

1-تفسير النسفي، مدارك التنزيل وحقائق التأويل/ عبدالله بن أحمد بن محمود النسفي، إعتنى به: عبدالمجيد طعمة حلبي، دار المعرفة، بيروت، ط2،1429هـ، 2008م:578.. هەروەها سەیری (تفسير الكشاف)ی زومەخشەری بکە 558-559 .

2-ذكره الزرقاني في مناهل العرفان، 1/ 174.

3-البخاري في كتاب فضائل القرآن ، باب القراء من أصحاب النبي.

4-مناهل العرفان في علوم القرآن/ محمد عبدالعظيم الزرقاني، دار إحياء التراث العربي، بيروت، لبنان، ط2: 175/1.

5-نووسەرەکانی نیگا: ئەو هاوەڵانەن کە بە فەرمی لەبەر دەستی پیغەمبەری خوادا قورئانیان دەنووسییەوە کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکی 60 کەس، لەوانەش: ئەبو بەکر و، عومەر و، عوسمان و، عەلی.. لە کۆچکردووەکان و، زەیدی کوڕی سابت و، ئوبەی و،..لە پشتیوانان.

6-هەروەها: سنن أبي داوود، 440/2: 668، سنن الترمذي، 10/ 352: 3011.

7-البخاري: الجهاد والسير (2828)، مسلم: الإمارة (1869)، أبو داود: الجهاد (2610)، ابن ماجه: الجهاد (2880) ، أحمد (7/2)، مالك: الجهاد (979). هەروەها: السراج المنير في ترتيب أحاديث صحيح الجامع الصغير/ الحافظ جلال الدين السيوطي والعلامة محمد ناصر الدين الألباني، ترتيب وتعليق: عصام موسى هادي، مؤسسة الريان، بيروت، لبنان، ط3، 2009م، 1430هـ: 2/ 780 .

8-الترمذي: تفسير القرآن (3086)، أبو داود: الصلاة (786)، أحمد (57/1).

9-البزار 279.

10-مەککی ئەبوتالب دەڵێت: (هەندێك لە هاوەڵان موصحەفی تایبەتی خۆیان هەبووە و، هەندێکیان لە لێواری پەڕەکانی چەند وشەیەکی تەفسیریان لەسەر دەنووسی): الإبانة عن معاني القراءات/ أبي محمد مكي بن أبي طالب القيسي القيرواني ثم الأندلسي القرطبي، تحقيق: فرغلي سيد عرباوي، لبنان، ط1، 2011: 31.

11-الإتقان، 1/ 164.

12-زەرقانی دەڵێت: موسڵمانان لەسەر خەیر بوون و، قورئان خوێنان زۆربوون و، تا ئەو کاتەش ئیسلام زۆر بڵاونەبووبووەوە و، بواری فیتنەش نەبووو، زیاتریش پشت دەبەسترا بە لەبەرکردن نەك نوسین و، پێداویستی نوسین زۆر ئاسان دەست نەدەکەوت: مناهل العرفان، 1/ 179 .

چوارەم: ڕیزبەندی ئایەت و سورەتەکان بە پێی هاتنە خوارەوە نەبوو، بەڵکو بەپێی هۆکارەکانی دابەزین (أسباب النزول) بووە[13].

دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ قورئان خوێنەکان بەردەوامبوون لەسەر فێرکردنی ئەوانەی دوای خۆیان و، هەندێک لە هاوەڵان دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ توانیویانە هەموو قورئان لەبەر بکەن.. پشتبەستن لە ڕیوایەتکردنی قورئاندا هەر لەسەر ئەوە بووە کە لەناو سنگی قورئان خوێناندا پارێزراوبووە و هەروەها هەندێک لەو نوسراوانەی کە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ نوسرابوونەوە.. بەڵام دوای کوژرانی نزیکی 70 کەس لە قورئان خوێنەکان لە شەڕی یەمامەدا لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا، بۆیە عومەری کوڕی خەتاب داوای کرد لە ئەبوبەکر کە فەرمان بدات بە کۆکردنەوەی قورئان لە دووتوێی پەڕتوکێکدا و قایم بکرێت و بپارێزرێت لە ونبوون، نەوەکا قورئان خوێنی زیاتر بکوژرێن و بڕۆن، کە سەرچاوەی پارێزگاریکردنی ئەم قورئانەن.. دوای گفتوگۆیەکی زۆر پاشان ئەبوبەکر قەناعەتی هێنا و داوایان لە زەیدی کوڕی سابت کرد کە هەستێت بەو کارە[14].

کۆکردنەوەی قورئان لە دووتوێی پەرتوکێکدا لە دوای شەڕی یەمامەوە بوو - کە ساڵی 12ی کۆچی بوو- و ماوەی نزیکی ساڵێکی خایاند[15].

بۆ چەسپاندن و وەرگرتنی ئایەت و سورەتەکان دەبووایە لەسەر هەموو پارچەیەک دوو شایەت شایەتیان بدایە لە سەری.. ئیبن ئەبو داود لە ڕێگەی هیشامی کوڕی عورووەوە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە: ئەبوبەکر بە عومەر و زەیدی وت: لای دەرگای مزگەوت دانیشن -واتە بیکەن بە شوێنی کۆبونەوەکانتان- هەر کەس هات و دوو شایەتی هەبوو لەسەر ئەوەی کە قورئانە لێی وەرگرن و بینوسن[16]. بۆیە عومەر بڵاویکردەوە: (هەر کەسێک لە پێغەمبەرەوە ﷺ شتێکی لە قورئان وەرگرتووە با بۆمان بهێنێت، ئەوانیش ئەو ئایەتانەیان لەسەر پەڕە و پارچە تەختە و گەڵای پانی دارخورما نووسیبۆوە، جا هیچیان لەو نوسراوانە وەرنەدەگرت تا دوو شایەت شایەتیان نەدایە لەسەری)[17].

مەبەستیش لە شایەتی شایەتیدان نیە لەسەر ئەوەی کە نوسراوەکە قورئان بێت یان نا، چونکە بەڵگە لەسەر قورئانییەتی هەر نوسراوێک چەندین هاوەڵ شایەت بوون لەسەری، چونکە لەبەریان بووە (واتە گەیشتۆتە ڕاددەی تەواتور)، بەڵکو شایەتیەکە بۆ ئەوە بووە کە شایەتی بدەن لەسەر ئەوەی کە نوسراوەکە لەبەردەم پێغەمبەردا ﷺ نوسراوە و بە ئاگاداری ئەو بووە. چونکە هاوەڵەکان خۆیان چەندین پەڕەیان هەبووە (یان موصحەف) کە قورئانیان لەسەر نوسی بوو -وەک باسمان کرد- و لەماڵەکانی خۆیاندا پاراستبوویان[18].

کەواتە کۆکردنەوەی قورئان لەم سەردەمەدا بۆ پاراستنی ئەو بەڵگەنامانە بووە کە ئەصلەن لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ نوسرابوونەوە و، کۆکردنەوەیان لە شوێنێکدا.

موحەممەد تاهیر کوردی دەڵێت: لە کتێبی (نهاية القول المفيد)دا هاتووە: زەید خۆی هەموو قورئانی لەبەربووە، باشە بۆ بەدوای نوسراوەکاندا گەڕاوە؟ وەڵام: چونکە ئەوە بۆ تەئکید بووە و تا بزانێت نەوەک شێوەیەکی خوێندنەوە هەبێت لەو نوسراوانەدا کە ئەم نەیزانێت، با ئەگەر لەبەریشی بووبێت، پێویستە ئەوەی قورئانی لەبەرە هەمیشە سەرچاوەیەکی هەبێت بۆی بگەڕێتەوە، تا زیاتر تەئکید بێت[19].

دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە وڵاتاندا بە شێوەیەکی خێرا و، چەندین کەس هاتنە ناو ئایینی نوێوە و، قورئانخوێنان بڵاوبوونەوە و موسڵمانانیان فێری قورئان دەکرد و، هەر وڵاتە و قورئانیان لەو هاوەڵە قورئانخوێنانەوە وەردەگرت کە بۆیان ڕەوانە کرابوون.. هاوەڵانیش قورئانیان لە پێغەمبەرەوە ﷺ یان لە هاوەڵانەوە وەرگرتبوو، هەر یەکەو بە پێی ئەو ڕیوایەتە دەیخوێندەوە کە وەری گرتبوو، ئەوەشی فێری خەڵکی دەکرد.

کاتێک قورئانخوێنی شوێنە جیاکان بگەیشتنایە بە یەک -وەک لە فەتحی ئەرمینیادا ڕوویدا- و قورئانیان بخوێندایە بە ئامادەبوونی یەکتر، هەندێک جار دەبووە دەنگەدەنگ و ناکۆکیان لە نێواندا دروست دەبوو، ئەمە جگە لە زەرورەتی بوونی سەرچاوەیەکی ڕاست و متمانەپێکراو خەلیفە عوسمان —بە ڕاوێژ و ڕەزامەندی گەورە هاوەڵان— فەرمانیدا بە نوسینەوەی چەند نوسخەیەک لەو قورئانەی کە لە سەردەمی ئەبوبەکردا کۆکرابووەوە، پاش پێداچوونەوەیەکی کۆتایی، پاشان ئەم نوسخانە بنێررێت بۆ شارە سەرەکییەکان و بکرێتە تاکە سەرچاوە بۆ قورئانخوێنان و مامۆستایان، وسوتاندنی هەر نوسراوێکی تر کە لای خەڵکە، هەر کەسێک هەبێت، چونکە —وەک باس کرا- هەندێک لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان موصحەفی خۆیانیان هەبووە و تێبینی خۆیانیان لەسەر تۆمارکردبوو.

کۆکردنەوەی قورئان لەم قۆناغەدا کارێکی تاکڕەوی عوسمان نەبوو، بەڵکو ڕەزامەندی گەورە هاوەڵانی لەسەر بووە، نەک وەک ئەوەی کە هەندێک بڵاوی دەکەنەوە.. ئەبوبەکری ئەنباری لە سوەیدەوە، لە غەفلەوە، دەگێڕێتەوە، وتوویەتی: (گوێم لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە، دەیوت: خەڵکینە لە خوا بترسن و زیادەڕەوی مەکەن لە عوسماندا، پێی مەڵێن قورئانی سوتاندووە، سوێند بە خوا ئەو کارەی کردووە بە ئامادەبوونی گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ).. عومەری کوڕی سەعید دەڵێت: (عەلی وتوویەتی: ئەگەر والی بوومایە لە کاتی عوسماندا، منیش هەر ئەوەم لە موصحەفە زیادەکان دەکرد کە عوسمان کردی)[20].

عوسمان تاوانبار دەکرێت بە زیادکردن، یان کەمکردن، یان گۆڕینی هەندێک ئایەت لە کاتی کۆکردنەوەی قورئاندا، یان دەمارگیری کردبێ بەوەی وتوویەتی بە لەهجەی قوڕەیش بینووسنەوە، یان دەستکاری خەتی نوسینەوەکەی کردبێ. بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم ڕیوایەتانە، دەردەکەوێت کە عوسمان -ئەوانەشی کە لەگەڵی بوون- زۆر بە ئەمانەتەوە قورئانیان کۆکردۆتەوە:

* عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر بە عوسمانی وتووە: ئایەتی (وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا..) ئایەتەکەی دوای خۆی نەسخی کردۆتەوە، بۆ دەینوسیت -لە موصحەفەکەتدا-؟ وتی: هیچ شتێک لە شوێنی خۆی ناگۆڕم)[21].

* سەبارەت بەوەی کە عوسمان بە زەید و هاوەڵەکانی وتووە بە لەهجەی قوڕەیش بینوسن: ئەنەس دەگێڕێتەوە: (عوسمان بانگی زەیدی کوڕی سابت و عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و سەعیدی کوڕی عاس و عەبدولرەحمانی کوڕی حارسی کوڕی هیشامی کرد و، موصحەفیان نوسیەوە و، بە سیانەکەی تری وت: ئەگەر جیاوازیتان لە شتێکدا بۆ دروست بوو لە قورئاندا لەگەڵ زەید، ئەوا بە زمانی قوڕەیش بینووسن، چونکە بە زمانی ئەوان دابەزیوە. ئەوانیش وایان کرد)[22]. لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە:(إِذَا اخْتَلَفْتُمْ أَنْتُمْ وَزَيْدُ بْنُ ثَابِتٍ فِي عَرَبِيَّةٍ مِنْ عَرَبِيَّةِ الْقُرْآنِ فَاكْتُبُوهَا بِلِسَانِ قُرَيْشٍ)[23].

زەرقانی دەڵێت: (ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها بە زمانی قوڕەیش نووسرابێتەوە —چەند بەڵگەیەک دەهێنێتەوە- لەوانە: قورئان وشەی زۆری تێدایە لە زمانی هۆزەکانی تری عەرەبە و لە زمانی قوڕەیشیشدا نییە، وەکو سیوتی باسی دەکات لە (الاتقان) لە جۆری سی و حەوتەم، هەروەها پێمان نەگەیشتووە بە نەقڵێکی موتەواتیر کە لە کاتی نووسینەوەیدا هیچ کام لە حەوت پیتەکەی قورئانیان وازلێهێنابێت، ئەگەر وایان بکردایە ئەوا بە تەواتور پێمان دەگەیشت، لەبەر ئەوەی ئەمە ڕووداوێکی زۆر گرنگە، کە پێویست دەکات بگوێزرێتەوە بە تەواتور. تەنها ئەوەی پێمان گەیشتووە لە هەندێ ڕێگاوە ئەوەیە کە جیاوازیان تێکەوت لە نووسینی وشەی (التابوت) لەئایەتی ﴿ وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ءَايَةَ مُلْكِهِۦٓ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن ﴿٢٤٨﴾ ﴾ البقرة. ئایە بە تای درێژ بینووسن یان تای خڕ، ئەوەبوو عوسمان فەرمانی پێدان بە تای درێژ بینووسن، چونکە بەو شێوەیە دەنووسرێت لە زمانی قوڕەیشدا. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە عوسمان مەبەستی -لە ڕیوایەتەکەدا- جیاوازی بووە لە شێوازی نووسینەوە و ڕەسمدا نەک لە لەفز و لەهجە و حەرفدا..)[24].

13-مناهل العرفان/ 1/ 179.

14-زەرقانی دەڵێت: کاتێك دابەزینی قورئان تەواو بووو جێگیر بوو بە وەفاتی پێغەمبەر ﷺ بواری نەسخ نەما و ڕیزبەندی جێگیر بوو، بەڵکو زەڕورەتی نوسینەوەی هاتە کایەوە لە دووتوێی کتێبێك یان زیاتر، خوای گەورە خەلیفەکانی موەفەق کرد بۆ ئەو کارە: : مناهل العرفان، ١/ ١٧٩.

15-تأريخ القرآن، الكردي، 44 .

16-الإتقان، 156: لة (فتح الباري، 9/ 14):ئیبن حەجەر دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی فەرمودەیەکی (مقطوع)ە بەڵام ڕاوییەکانی خاوەن متمانەن

17- أخرجه ابن أبي داود في كتاب المصاحف ص10.

18-وەك سەخخاوی لە (جمال القرا)دا دەڵێت: مەبەست لەو دوو شایەتە لەسەر ئەوەیە کە ئەو نوسراوە لەبەردەم پێغەمبەردا نوسراوەتەوە : مناهل العرفان، 1/ 182 . هەروەها: الإتقان فی علوم القرأن، 156: دەڵێت: لە (فتح الباری)دا هاتووە 9/ 15، هەروەها: المرشد الوجيز، 57.

19- تأريخ القرآن، تأريخ القرآن وغرائب رسمه وحكمه/ محمد طاهر بن عبدالقادر الكردي المكي الخطاط، شركة ومطبعة مصطفى البابي الجلبي وأولاده بمصر، ط2، 1953م، 1372ه. 43.

20-مناهل العرفان، 1/ 188.

21-البخاري 4166.

22-البخاري 3244.

23-البخاري 4606 .

24-مناهل العرفان، 1 / 281.

# دیارنەمانی گەورەترینی دەریاکانی جیهان و گۆڕینی بۆ بیابان!!

ئا: خالید بەرزنجی

خوای گەورە زەوی بە سیستەمێکی هاوسەنگ دروستکردووە، یەکێک لەو نیشانە گەورانە ئەم ئایەتەی خوای گەورەیە: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي مَرَجَ ٱلۡبَحۡرَيۡنِ هَٰذَا عَذۡبٞ فُرَاتٞ وَهَٰذَا مِلۡحٌ أُجَاجٞ وَجَعَلَ بَيۡنَهُمَا بَرۡزَخٗا وَحِجۡرٗا مَّحۡجُورٗا ٥٣ ﴾ الفرقان.

واتە: خودا ئەو زاتەیە کە دوو دەریای گەیاندووە بەیەک، یەکێکیان سازگار و شیرینە و ئەوەی تریان سوێر و خوێیاوە و لە نێوانیاندا بەربەستێکی تەسکی داناوە تا هەریەک لە ئاوە سازگار و سوێرەکە وەک خۆیان بمێننەوە.

بێگومان خوای گەورە دیاردەیەک گرنگی زۆری لەسەر ژیانی مرۆڤ نەبێت باسی ناکات، هەر بۆیە باسکردنی ناوچەی بەیەکگەیشتنی دەریا سوێر و ڕووبارە سازگارەکان بەخششێکی گەورەیە کە ژیانی مرۆڤی پێوە بەستراوەتەوە، ئەگەر ئەم شوێنانە نەبوایە ئاوی ڕووبارەکان، دەریاکان سوێریان دەکرد و مرۆڤ زۆر بە دەگمەن ئاوی سازگاری دەست دەکەوت، قورئانی پیرۆز باسی ئەم دیاردەیە دەکات (شوێنی بەیەکگەیشتن و تێرژانی ئاوی ڕووبارەکان و دەریا سوێرەکان) هەتا مرۆڤ هەست بە گرنگی و مەزنیان بکات.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە خوای کار لەجێ ئەم سیستەمەی بەدیهێناوە هەتا ژیانێکی ئارام و ئاسودە بژین و جوڵەی ژیان و دەریا و ڕوبارەکان بەردەوام بێت، بەڵام مرۆڤ دژی ئەم یاسا خواییە وەستایەوە و هەوڵی نەهێشتنی ئەم بەربەستەی دا، بەڵام ئایا لە ئەنجامدا بە چی گەیشت؟

ئەنجام ئەوە بوو ڕووبەرێکی گەورەی زەوی ئاوەدانیان وێرانکرد و دەریا و ڕووبارێکی گەورەیان لەناوبرد!!

بۆ نمونە لە ساڵی 1918ز ڕوسیا بە بڕیاری لینین ڕێڕەوی دوو ڕوباری سیردریا و ئەمودریای گۆڕی کە دەرژایە ناو دەریای ئاراڵەوە کە دەریایەکی ناوکییە، دەکەوێتە ئاسیای ناوەڕاست لە نێوان کازاخستان لە باکوور و ئۆزبەکستان لە باشوور.




بە هیوای ئاودانی ئەو ناوچە بیابانانە و کشتوکاڵکردنی برنج و شوتی و دانەوێڵە و لۆکە، کە بە زێڕی سپی ناویاندەبرد، بەڵام ئەنجام کارەساتیان خوڵقاند، دەریاکە بەرەو وشک بوون چوو، ڕووبەرەکەی بە تەواوی بچوک بوەوە، هەتا ساڵی 2008، لە10%ی ڕووبەرەکەی مایەوە و زانایان دەڵێن ئەگەر بە ئەم شێوەیە بەردەوام بێت، لە ساڵی 2050 بەتەواوەتی وشک دەکات، ئەو دەریایەی کە ڕووبەرەکەی 68000کم چوارگۆشە و لە گەورەییدا پێنجەم دەریای جیهان بوو.

ئەمەش وێنەی دەریای ئاراڵ:


وێنەی دەریاچەی مارال ساڵی 1968


لای چەپ ساڵی 1989 گیراوە، لای ڕاست ساڵی 2008 گیراوە.

لە ئێستادا ئارال بە ئەم جۆرەی لێهاتووە





ناوچەکە و شکبونەوەی بە روونی پێوە دیارە



بڕوانە بۆ وێنەی دەریاکە لە ئێستادا چۆن وشک بووە و ئەم ئایەتە قورئانیە یاد بکەرەوە:

﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍۭ ﴿٣٠﴾ ﴾الملك، واتە: پێیان بڵێ: هەواڵم بدەنێ باشە ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچوو، کێ دەتوانێت ئاوی سازگار و ڕەوانتان بۆ بەدەست بهێنێت؟! (جگە لە خوای میهرەبان)

پاک و بێگەردی بۆ خودا ئەگەر زانایان گرنگی ناوچەی تێرژانی ڕووبار و دەریایان بزانیایە کە لە قورئاندا چەندین جار باسکراوە، ئەم کارەساتە ڕووینەدەدا کە دەریایەک بە تەواوی وشک بکات، لە ئێستادا خەڵکی ئەو ناوچانە دەناڵێن بەدەست گێژەڵوکە و گەردەلولی زۆر توندی لماوی و پیس بونێکی گەورەی ژینگەوە، زانایان دوای ئەوەی ئەم دیاردە وێرانکاریەیان بینی، بیر لەوە دەکەنەوە ڕێڕەوی ڕووبارەکان بخەنەوە سەر دەریاکە کە بەبڕی سەدان ملیۆن دۆلاریش تەواو نابێت، پاشان گۆرانکاریە ژینگەییەکان لەو ناوچانەدا بووەتە هۆی وشکبونی ڕووبارەکانیش، چونکە زۆربەی ڕووبارە بچوکەکان لە ئەم ساڵانەی دواییدا وشک بوون، بێگومان نۆرەی وشکبونی ڕووبارە گەورەکانیش دێت.

بڕوانە چۆن دەریایەکی زۆر گەورە بوەتە بیابانێکی وشک و برنگ.

سەرچاوە:
CNN
http://blog.cnn25.com/.../%D8%B4%D8%A7%D9%87%D8%AF-%D8%A8%D8.../
http://www.kaheel7.com/.../2010-02-02.../253-2010-09-10-13-32-00
http://www.jpl.nasa.gov/news/news.php?feature=4049

# جەرەیانی خۆر

و: دیدار ظاهر




ئەمە وێنەیەکە زانایان کێشاویانە بۆ گەردون یان بۆ ڕێگای خۆر لەدەوری سەنتەری مەجەرەکەمان کە بە نزیکی ٢٠٠ ملیار ئەستێرە دەگرێتەخۆ...

ئایەتێکی ئیعجازی لە قورئاندا هەواڵمان پێ دەدات کە خۆر جەرەیان دەکات.. سەیریش لەوەدایە کە زانایان لە کۆتایدا توانییان وێنەی جوڵەی خۆر بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بگرن... لە ڕاستیدا کتوپڕ بوو بۆ زانایان، کاتێك بینیان کە خۆر لە دەوری سەنتەری مەجەرەکەمان بە ڕێکی نا خولێتەوە، بەڵکو جەرەیان دەکات جەرەیانێکی ڕاستەقینە بەرز بوونەوە و دابەزین.. زانایان دەڵێن ئەگەر زەوی لە ساڵێکی تەواودا بە دەوری خۆردا بخولێتەوە، ئەوە لە ڕاستیدا خولێکی تەواوی خۆر بە دەوری سەنتەری مەجەرەکەماندا ٢٢٥ ملیۆن ساڵ یان زیاتر دەخایەنێت..

پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە کە دەفەرموێت:﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٣٨﴾ ﴾یس، واتە: خۆریش بەرەو بنەی خۆی لە جەرەیانداية، کە لە خاوەن دەسەڵاتی زاناوەیە، ئەو فەرمانەی پێ دراوە.

لەکۆتایدا بە دیارکەوت ئەو خولگەی خۆر کە دەیکێشێت لەکاتی جوڵەی بەناو مەجەرەکەماندا و بەناو ملیاران ئەستێرەدا لە شەپۆلی دەریا دەچێت..

خودای گەورەش دەفەرموێت:﴿ ...وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾ یس.

سەرچاوە:
http://www.nbcnews.com/id/40787453/#.UqMxL_sWrHs
http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-23-00-02/1552-2013-12-07-14-41-59



# موعجیزاتی قورئانی

## نووری دووهەم

**ئەم نوورە، لە «تایبەتکاریی ئیعجاز»ی ئەو پوختە باس و ناوە جوانانەی خوای گەورە دەکۆڵێتەوە کە شێوازی ناوازەی قورئان لە کۆتایی ئایەتەکاندا دایناون**

ن: مامۆستا سەعیدی نوورسی
و: فارووق ڕەسووڵ یەحیا Faruq_r@hotmail.com

بێدارکردنەوەیەک:

لەم نووری دووهەمەدا گەلێ ئایەت دەهێنینەوە کە تەنها تایبەت نین بەم نوورەوە، بەڵکو دەشبن بە نموونە بۆ بابەت و تیشکەکانی پێشووتریش. خۆ ئەگەر بمانەوێت مافی ڕوونکردنەوەی تەواوەتی بەم نموونانە بدەین، باسەکەمان درێژە دەکێشێت. بەڵام من لەم کاتەی ئێستادا ناچارم بە پوختی لێیان بدوێم، بۆیە لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەمان بۆ ئەو ئایەتانە کردووە کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم نهێنییە مەزنەی ئیعجازی قورئان، بە نموونە هێناومانەتەوە. بەو هیوایەی درێژەپێدانی باسەکە بۆ کاتێکی تر هەڵبگرین.

ئەوەتا قورئانی پیرۆز زۆربەی جار هەندێ چەمکی پوخت و کورت لە کۆتایی ئایەتەکاندا دادەنێت. جا ئەو پوختانە: یان چەند ناوێکی جوانی خوای گەورە، یان واتای ئەو ناوانەی خوایان لەخۆ گرتووە.. یاخود کێشە و باسەکانیان حەواڵەی «ژیری» دەکەن و مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە و تێڕامانیان هان دەدەن.. یان دەستوورێکی کوللیی نێوان ئامانجەکانی قورئانیان تێدایە کە پشتی ناوەڕۆکی ئایەتەکە دەگرێت.

بەڵێ، ئەو پوختە کۆتایییانەی ئایەتەکان، هەندێ ئاماژەی حیکمەتی بەرز و بڵندی قورئان و.. چەند پریشکێکی ئاوی ژیانبەخشی هیدایەتی ئیلاهی و.. هەندێ پزیسکی برووسکەی ئیعجازی قورئانیان لە ئامێز گرتووە.

وا لێرەدا تەنها «دە» دانە لەو ئاماژە زۆر و زەبەندانە بە کورتی باس دەکەین. هەروەک بە ئاماژە بۆکردن تەنها یەک نموونەی نێوان نموونە زۆرەکانی و.. یەک واتای پوختی تەنها یەک ڕاستیی نێوان ڕاستییە زەبەندەکانی هەریەک لەو نموونانەش، دەخەینە ڕوو.

زۆربەی ئەم «دە» ئاماژانەش لە زۆربەی ئایەتەکاندا کۆ دەبنەوە و، نەخش و نیگارێکی ئیعجازیی ڕاستەقینە پێکدەهێنن، هەروەک زۆربەی ئەو ئایەتانەی کە بە نموونەی ئاماژەیەک دەیانهێنینەوە، نموونەن بۆ زۆربەی ئاماژەکانی تریش.

وا لە هەموو ئایەتێکدا تەنها یەک ئاماژە ڕوون دەکەینەوە و، سووکەڵە ئاماژەیەکیش بۆ واتاکانی ئەو ئایەتانە دەکەین کە لە چەند «وتە»یەکی پێشووتردا لێیان دواوین.

### –یەکەم تایبەتکاریی «پاراوی»:

قورئانی پیرۆز، بە ڕوونکردنەوە ئیعجازبەخشەکانی خۆی، کار و ئاسەوارەکانی کردگاری مەزن لە پێشچاودا ڕادەخات، پاشان ناوە جوانەکانی خواوەند لەو کار و ئاسەوارانەیدا دەردەهێنێت، یاخود یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی قورئان، وەک: «حەشر» و «تەوحید» دەچەسپێنێت.

ئەم ئایەتەی خوارەوە یەکێکە لە نموونەکانی واتای یەکەم:

﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة.

ئەم ئایەتەی خوارەوەش یەکێکە لە نموونەکانی واتای دووهەم:

﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا ﴿٦﴾ وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿٧﴾ وَخَلَقْنَٰكُمْ أَزْوَٰجًا ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴿٩﴾ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ﴿١٠﴾ وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا ﴿١١﴾ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴿١٢﴾ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴿١٣﴾ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلْمُعْصِرَٰتِ مَآءً ثَجَّاجًا ﴿١٤﴾ لِّنُخْرِجَ بِهِۦ حَبًّا وَنَبَاتًا ﴿١٥﴾ وَجَنَّٰتٍ أَلْفَافًا ﴿١٦﴾ إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ كَانَ مِيقَٰتًا ﴿١٧﴾ ﴾ النبا.

لە ئایەتی یەکەمدا: قورئانی پیرۆز ئەو ئاسەوارە مەزنانەی خوای گەورە پێشچاو دەخات کە بە ئامانج و ڕێساکانیان بەڵگەن لەسەر «زانست» و «توانست»ی خواوەند، ئەمەش دەکات بە پێشەکیی ئەنجامێکی گرنگ و مەبەستێکی مەزن. پاشان ناوی جوانی «العلیم»ی خوای گەورەی لێ دەردەهێنێت.

لە ئایەتی دووهەمیشدا: کار و ئاسەوارە گەورەکانی خواوەند باس دەکات و، پاشان لە دەرەنجامدا باسی «حەشر» دەردەهێنێت کە ڕۆژی «فەصل»ە. هەروەک لە خاڵی سێهەمی تیشکی یەکەمی ڕۆشناییە یەکەمدا ڕوون کرایەوە.

### –دووهەم سەرنجی ڕەوانبێژی:

قورئانی پیرۆز، چنراوانی سنعەتی خواوەند لە پێشچاوی مرۆڤدا ڕادەخات، پاشان لە ناوەندی ناوە جوانەکانی خوا و لە پوختە کۆتایی ئایەتەکاندا کۆیان دەکاتەوە و دەیانپێچێتەوە.. یاخود حەواڵەی «ژیری»یان دەکات..

یەکێک لە نموونەکانی بەشی یەکەم، ئەم ئایەتەیە:

﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلْحَقُّ... ﴿٣٢﴾ ﴾ یونس.

ئەوەتا لە پێشدا دەفەرموێ: (کێ زەوی و ئاسمانی وەک چەند گەنجینەیەکی ڕۆزی بۆ ئامادە کردوون و، لەوێ بارانی هێناوەتە خوار و لێرەش دەغڵ و دانی دەرهێناوە؟ یان ئایا کێ هەیە جگە لە «خوا» بتوانێت ئەو ئاسمانە مەزن و زەوییە گەورەیە وەک دوو خەزنەدار و گەنجینەوانی گوێڕایەڵ لێ بکات بۆ فەرمانەکانی خۆی؟ کەواتە شوکر و سوپاس و ستایش تەنها هەر بۆ ئەو کەسەیە)..

لە بڕگەی دووهەمیشدا دەفەرموێ: (کێ خاوەنی هەستی «بیستن» و «بینین»ی ئێوەیە، کە بەنرخترین شتانی ناو ئەندامەکانتانن؟ ئایا لە چ کارگە و دوکان و بازاڕێکدا کڕیوتانن؟ باش بزانن تەنها ئەو کەسە خاوەن و «پەروەردگار»تانە کە ئەم هەستە ناسکانەی وەک چاو و گوێی پێ بەخشیون و، هەر ئەویش بەدییهێناون و پەروەردەی کردوون. کەواتە هەر تەنها ئەو – نەک کەسی تر– شایانی پەرستش و بەندایەتی بۆ کردنە)..

لە بڕگەی سێهەمیشدا دەفەرموێ: (یان کێیە ئەو کەسەی کە هەروەک زەوی زیندوو دەکاتەوە، سەدان هەزار دەستە و تاقمی مردووانیش زیندوو دەکاتەوە و ژیانیان پێ دەبەخشێتەوە؟ کێ هەیە جگە لە خواوەندی «حەق» و بەدیهێنەری گەردوون توانای ئەم کارەی ببێت؟ بێگومان هەر ئەوە کە ئەم کارە ئەنجام دەدات و زەویی وشک هەڵهاتووی مردوو، زیندوو دەکاتەوە. خۆ مادەم خواوەند خوایەکی «حەق»ە، ئەوا هیچ حەقێکی لەلا نافەوتێ و، وەک زەویی زیندوو کردەوە ئێوەش زیندوو دەکاتەوە و بۆ دادگای مەزنتان دەنێرێت)..

لە بڕگەی چوارەمیشدا دەفەرموێ: (کێ هەیە جگە لە «خوا» بە جۆرێکی ڕێکوپێک و بە ئەندازەی ئاسانیی بەڕێوەبردنی کۆشکێک یان

شارێک، کاروباری ئەم گەردوونە مەزنە بەڕێوە ببات؟ خۆ مادەم جگە لە «خوا» کەسی تر نی‌یە، ئەوا هیچ ناتەواوی‌یەکیش لەو توانستەدا نی‌یە کە دەتوانێت بەوپەڕی ئاسانی ئەم گەردوونە مەزنە و گشت تەن و قەبارەکانی ناوی بەڕێوە ببات و، چ پێویستی‌یەکی بە «هاوبەش» و «یارمەتی‌دەر» نی‌یە، بەڵکو توانستێکی هێندە ڕەهایە کە «سنوور» ناتوانێت سنووری بۆ دەستنیشان بکات! هەروەها ئەو کەسەی کە کاروباری ئەم گەردوونە مەزنە دەسازێنێت، هەرگیز بەڕێوەبردنی بەدیهاتووە بچووکەکانیش بە کەسی تر ناسپێرێت.. کەواتە ئێوە ناچارن لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێن: جگە لە «خوا» کەسی تر نی‌یە)!

ئەوەتا دەبینیت برگەی یەکەم و چوارەم دەڵێن: «خوا» (الله) و.. برگەی دووهەمیش دەڵێت: «پەروەردگار» (الرب).. هەروەک سێ‌هەمیش دەڵێت: «حەق» (الحق)! دەسا ئیتر فەرموو مەودای ئیعجاز تێبگە لە شوێنی ڕستەی: ﴿فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلۡحَقُّ﴾دا!

بەم جۆرە قورئانی پیرۆز: کارە گەورەکانی خواوەند و چنراوە مەزنەکانی سنعەتی ئەو باس دەکات، پاشان ناوی ئەو دەستە کاریگەرە دەهێنێت کە بەڕێوەبەر و کارسازی ئەو چنراوە مەزن و ئاسەوارە گەورانەیە: ﴿فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلۡحَقُّ﴾! واتە بە هێنانی ناوەکانی: «الله، الرب، الحق»ی خوای گەورە، سەرچاوەی ئەو کارە مەزنانە پێش‌چاو دەخات!

یەکێک لە نموونەکانی بەشی دووهەمیش، ئەم ئایەتەیە:

﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلۡفُلۡكِ ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٦٤﴾ البقرة.

قورئانی پیرۆز لەم ئایەتەدا درەوشانەوەی ئەو «دەستەڵاتداری»یەی خواوەند باس دەکات کە لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەویدایە و، درەوشانەوەی کەماڵی «توانست» و گەورەیی «پەروەردگارێتی»ی خوا دەردەخات و، شایەتی لەسەر «یەکتایی» ئەو دەدات..

هەروەها درەوشانەوەی «پەروەردگارێتی» لە جیاوازیی شەو و ڕۆژدا و.. دەرکەوتنی «میهرەبانی» لە ڕامکردن و بەکارهێنانی کەشتی و گێڕانی بەناو دەریادا، کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە گەورەکان لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا و.. درەوشانەوەی «گەورەیی توانست» لە باراندنی ئاوی مایەی ژیان لە ئاسمانەوە بۆ زەویی مردووی وشک و برنگ و، زیندووکردنەوەی زەوی خۆی و زیندەوەرانی ناوی کە لە سەدان هەزار زیاتر دەبن و، پیشاندانی زەوی بە شێوەی پیشانگایەک بۆ شتانی نامۆ و سەرسووڕهێنی بەدیهاتووی خواوەندی پەروەردگار..

هەروەها درەوشانەوەی «میهرەبانی و توانست» باس دەکات لە بەدیهێنانی چەندەها گیانلەبەری جۆراوجۆر لە «گڵ»ێکی ئاسایی..

هەروەها درەوشانەوەی «میهرەبانی و دانایی» دەخاتەڕوو لەو کارمەندی‌یە مەزنانەدا کە بە «باکان»ی دەسپێرێت، وەک: پیتاندن و هەناسە پێدانی ڕووەکەکان و یارمەتیی هەناسەدانی زیندەوەران بە جووڵاندن و بەڕێوەبردنی هەناسەدانیان.

هەروەها درەوشانەوەی «پەروەردگارێتی»ش دەردەخات لە ملکەچ کردن و کۆ کردنەوە و بڵاوە پێکردنی هەورە هەڵواسراوەکانی نێوان ئاسمان و زەوی‌دا، کە وەک سەربازی گوێڕایەڵ بۆ مەبەستی حەوانەوە بڵاوەی لێ دەکەن. بەڵام پاش ئەوە، لە نمایشێکی گەورەدا، بۆ وەرگرتنی فەرمانەکان سەرلەنوێ کۆ دەبنەوە!

بەم جۆرە و دوای پێش‌چاوخستنی چنراوانی سنعەتی خوایی، «ژیری» دەخاتە گەڕ بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکانیان و دەفەرموێ: ﴿لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾! کە بەمەش جڵەوی «ژیری» بەرەو بیرکردنەوە ڕادەکێشێت و بۆ تێفکرینیش بێداری دەکاتەوە.

# فەرمووده و ئیعجاز



و: سازگار عوسمان

ئاوی وەستاو دادەنرێ بە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەسەندنی زۆرێك لە بەکتریا وەك کۆلێرا، سالمۆنێلا، شیجلا و هی تریش، هەروەك هەندێ مشەخۆری سەرەتایی و کرم هەن کە پێویستیان بە ئاوە تاوەکو خولی ژیانیان تەواو بکەن لە دەرەوەی لاشەی مرۆڤ وەك زوحامی ئەمیبی، کرمی پێچ خواردوو و بەلهارسیا.

بۆیە (میزکردن) و (پیسایی کردن) یارمەتیدەرە بۆ گەشەسەندنی ئەم جۆرە مشەخۆر و کرمانە، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ زۆربوونیان و بڵاوبوونەوەیان بە خێرایی، هەر لەبەر ئەمەیە کە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە میزکردن لە ئاوی وەستاودا (ئەو ئاوەی کە لەبەری ناڕوات) تاوەکو ئاوەکە بپارێزرێت لە پیسبوون.

هەروەك لە (ئەبی هورەیرە)وە دەگێڕنەوە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) کە فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەر بوو ﷺ کە دەفەرموێت: (لا يبولن أحدكم في الماء الدائم الذي لا يجري ثم يغتسل فيه) متفق عليه. واتە: (نەکەن کەس لە ئێوە میز بکات لە ئاوێکدا کە لە بەری ناڕوات و دواتر خۆی تێدا بشوات).



و: ناسك عەزیز

پێغەمبەرمان ﷺ ئامۆژگاری کردووین، کە قاپ و دەفرەکان سەر بنێینەوە و بە دانەپۆشراوی جێی نەهێڵین، بۆ ئەوەی میکرۆب و زیندەوەری زیان بەخش نەچنە ناوی و پیسی بکەن. ئیدی لەوەوە نەخۆشی بڵاو ببێتەوە و زیانی لێبکەوێتەوە، هەر بۆیە ئازیزمان دەفەرموێت:« قاپ و سەقا داپپۆشن، چونکە لەساڵەکەدا شەوێك هەیە کە پەتا (نەخۆشی یان هۆکاری نەخۆشی) دێتەخوارێ و بەسەر هەموو قاپ و سەقایەکدا دەگەڕێت، و هەر چیەك لەوانە سەری دانەپۆشرابوو، بەشێك لەو پەتایەی تێکەڵاو دەبێت.» موسلیم گێڕاویەتیەوە.

هەروەها بۆ خاوێن ڕاگرتنی ئاو و پاراستنی لە پیس بوون، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە لە فەرموودەیەکدا کە دوای هەڵسان لەخەو، دەست نەخرێتە جامی ئاوەوە، هەتا دەستەکان نەشۆردرێت یاخود پاك نەکرێتەوە، نەبادا ئەو کەسە دەستی بەشوێنێکی بریندار کەوتبێت، یاخود شوێنێکی پەنهانی خۆی پێ خوراندبێت، فەرموودەکەش لە موسلیمەوە گێڕدراوەتەوە کە دەفەرموێت: « ئەگەر یەکێك لە ئێوە بەخەبەر هات، با دەست نەخاتە ناو قاپەوە هەتا سێ جار نەیشوات، چونکە نازانێت کە ئەو شەوە، دەستی لە کوێدا داناوە.»



# ئیعجازی زانستی لە ئایەتی: كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ

## بەشی یەکەم

وصفی أمین الشدیفات – زانکۆی ئوردن.
و/ جەمال موحەمەد ئەمین Jamalmhammad@yahoo.com

زۆربەمان ئەوە فێربووین کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە و مانگ بە دەوری زەویدا و لە سەر خولگەی بازنەیی دەسوڕێنەوە و، بە پێی یاساکانی (کیپلەر) هەسارەکان بە دەوری خۆردا و لەسەر خولگەی هێلکەیی دەسوڕێنەوە، بەڵام کاتێک گوێبیستی ئەم ئایەتە قورئانیانە بووم وەک نوسەر دەڵێت:﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾الذاریات: نەمتوانی ئەو وەسفە قورئانیە ببەستمەوە بەو وەسفە زانستیەی کە باس لە جوڵەی خۆر و مانگ دەکات و شێوەی سوڕانەوە بۆ جوڵەکەیان بەکاردێنێت.



وێنەی ١

ئایەتی﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾الذاریات، ئاماژە بەوە دەدات گەردوون لە فراوان بووندایە بەڵام بەبێ ئەوەی بەشە ناوەکیەکانی پەرش و بڵاو ببنەوە، کە ئەوەش لە ڕووی پڕانسیپەوە پێچەوانەی بیرۆکەی سوڕانەوەیە کە پێشتر وەسفی جوڵەی زەوی و مانگ و هەسارەکانمان پێ کرد، لە کاتێکدا پڕانسیپی سوڕانەوە پشت بەوە دەبەستێت کە ئەگەر تەنێک لە سوڕانەوەی بەردەوام بوو بە هەمان ئاڕاستەی و بە دەوری خاڵێکی جێگیری دیاریکراودا ئەوا هەر دەگەڕێتەوە هەمان خاڵی دەستپێکی جوڵەکەی، بەڵام لە باری فراوانبوونی گەردووندا هیچ خاڵێک نیە کە لە جوڵەیەکی بازنەیی یان هێلکەییدا کە دەستپێکی جوڵەکەی بێت و بۆی بگەڕێینەوە، چونکە لەگەڵ فراوانبوونی گەردووندا هەموو خاڵێک ئەو فراوانبوونە دەیگرێتەوە و، بەردەوام دەبێت لە جوڵەکەی بە ئاڕاستەی فراوانبوون و دوور دەکەوێتەوە لەو خاڵی دەستپێکی جوڵەکەیەوە، بەوەش ڕێگری دەکرێت لە پڕانسیپی سوڕانەوە، لەگەڵ فراوانبوونی گەردوون هەموو خاڵێک یان پنتێک ئەو فراوانبوونە دەیگرێتەوە و، بەردەوام دەبن لەو جوڵە فراوانبوونە بە ئاڕاستەی دوورکەوتنەوەی لەو خاڵەی دەستپێکی جوڵەکەی، ئەوەیە کە ڕێگری دەکات لە پڕانسیپی سوڕانەوەی تەنە ئاسمانیەکان، ئیتر ئا لێرەوە سەرسوڕماوی دێت، بۆیە وەک نووسەری بابەتەکە دەڵێت دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو ئایەتە قورئانیە پیرۆزانەی کە باس لە جوڵە و سوڕانەوە لە گەردووندا دەکەن، بەڵام بەداخەوە وشەی (دار یان یدور وە یان سیدور)م لە قورئاندا نەدی، وە قورئانی پیرۆز وەسفی سوڕانەوەی بۆ هیچ جوڵەیەکی گەردوونی دانەناوە، وە هەتا ئەو وشەیەی بۆ ڕەفتاری مرۆیی یان گیانداریش بەکار نەهێناوە، وە لە ڕاستیدا:﴿ ...كُلٌّ يَجۡرِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَأَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٩﴾ ﴾لقمان. ئینجا گەڕامەوە و سەرلەنوێ گەڕام بە دوای مانای وشەی (یسبح) کە بە مانای سەرئاو دەکەوێت و ئاوەکە زاڵ دەبێت بە سەر بارستایی تەنەکە و نابێتە هۆی نقومبوونی تەنەکە، بەڵام وشەی سەرئاو کەوتن (طفي) مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو تەنە دەجوڵێت لە شوێنی خۆیەوە بۆ شوێنێکی تر لەسەر ڕووی ئاوەکە، بەڵام کە جارێکی تر گەڕامەوە بۆ ئایەتەکان بینیم وشەی (یجري) و (یسبح) هەن کە باس لە جوڵە دەکەن وەک دەڵێن (جری الماء) ئیتر بابەتەکەم لا ڕوون بوەوە.




وێنەی ٢

شەپۆلەکانی ئاوەوە وەرگرتوە، وە شەپۆلی ئاو لە ڕووی فیزیاویەوە بریتیە لە لەرینەوەکانی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە، بەڵام ئەو بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیە بەشێوەیەکی ستوونی نابێت، بەڵکو بە شێوەیەکی هێلکەیی دەبێت چونکە کاتێک تەنێک دەکەوێتە سەر شەپۆلێک هەروەک شەپۆلەکە لەگەڵ بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بۆ پێشەوە و دواوە دەڕوات و ڕێڕەوێکی هێلکەیی دروست دەکات. ئەو ڕێڕەوە هێلکەییانە بوو کە وای لە زانا (کیپلەر) کرد ڕێڕەوی هێلکەیی بەکار بێنێت بۆ جوڵەی هەسارەکان، کە ئەو لەسەر زەویەوە چاودێری ئەو جوڵانەی دەکرد، خۆ ئەگەر بچینە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر و لەوێوە چاودێری خولگەی مانگ و هەسارەکان بکەین ئەوا بە شێوەی شەپۆلی مەلەیی دەبینرێن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر: وا دانێ بەڕێزتان لە ئوتومبیلێکدان و لە ناوەندێکی سوڕاوە دای، ئوتومبێلیکی تر لە پشتتەوە دێت و بە لای ڕاست و ئینجا پێشەوەت و ئینجا بەلای چەپتدا و پاشان دەچێتەوە پشتەوەت، بێگومان بەڕێزتان دەڵێن کە ئەو ئوتومبیلە بە دەوری تۆدا سوراوەتەوە.



وێنەی ٣

بەڵام ئێستا وادانێ بەڕێزتان ناسوڕێنەوە بەڵکو دەتەوێت بۆ پێشەوە بڕۆیت و ئەو ئوتومبیلەی پێشوو هەمان جوڵەی جاری یەکەمی بکاتەوە واتە لای ڕاستتەوە بۆ بەردەمت و ئینجا لای چەپت و ئینجا بۆ پشتەوەت بڕوات، ئاخۆ ئەو ئوتومبیلە وەک جاری پێشوو ڕێڕەوێکی بازنەیی دروستدەکات؟

لە وێنەکەدا وا دانێین کە ئێمە جێگیر و وەستاوین لە خاڵێکی سەر ڕووی زەوییەکی وەستاو لە گەردوونێکی وەستاودا وە ئوتومبیلێک دێت و بە دەورماندا دەسوڕێتەوە، ئەوا بە گوێرەی ئێمەی ناو ئوتومبیلەکە و بە گوێرەی ئەوانەی لە سەر زەوییەکە یان لە گەردووندان، هەموویان ئەو ئوتومبیلە وا دەبینن کە بە دەوری ئێمەدا دەسوڕێتەوە و ڕێڕەوێکی بازنەیی دروستدەکات. تا لەو جوڵەیە تێبگەین، ئاسانترین شێواز ئەوەیە وادابنێین ڕێگایەک هەیە بە 3 ڕێڕەو وە بە یەک ئاراستە، کاتێک ئێمە بەرەو پێش دەڕۆین لە ڕێڕەوە ناوەندەکەدا ئەو کەسە لە پشتمانەوە دێت و بەلای ڕاستماندا دەڕوات و ئینجا بە خێراییەکی زیاتر لە خێرایی ئێمە بەردەوام دەبێت لە جوڵەکەیدا و پێچدەکاتەوە تا دەگاتە بەردەممان و، لەسەر هەمان ڕێڕەوی بازنەیی خۆی دەڕوات تا دەگاتە لای چەپمان، ئینجا دەچێتەوە پشتمان و، جارێکی تر دەگاتەوە لای ڕاستمان لە کاتێکدا ئێمەش بەردەوامین لە جوڵەمان بۆ پێشەوە بەڵام هەرکات یەکێک لە ئێمەی جوڵاو بەرەو پێشەوە و لە ڕێڕەوە ناوەندەکەدا سەیری ئەو ئوتومبیلەمان کرد ئەوا وا دەبینین کە لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەییدا دەجولێت بە دەورماندا، بەڵام ئەگەر کەسێک هەبێت لە سەرو هەموومانەوە و چاودێری ئەو جوڵە ڕێژەییە بکات کە لە نێوان ئێمە و ئەو کەسەدا ڕوودەدات، دەڵێت ئەو کەسە بەو جۆرە بە دەوری ئێمەدا نەسوڕاوەتەوە وەک باسمان کرد، بەڵکو ئەو ڕێڕەوێکی تری جیاواز لەوەی چاوەڕوانکراو بوو وێنا دەکات، ئەو ڕێڕەوەی ئەو وێنای دەکات شێوەیەکی شەپۆلی مەلەیی هەیە وەک لـــــــــە ( وێنە٤) دا دیارە. بە هەمان ڕێگا مانگ بە گوێرەی زەوی لە جوڵەدایە، وە بۆ ئەوەی لەو جوڵەیەش بگەین دەبێت بزانین کە مانگ و زەوی پێویستە پێکەوە لە جوڵەدا بن، زەوی لە ڕێڕەوە ناوەندەکەی نمونەکەی پێشوە و مانگیش لە جێی ئەو کەسەیە کە لە پشتەوە دێت و بە خێرایی بۆ لای راست، بەردەممان، لای چەپ، و ئینجا جارێکی تر دەچێتەوە پشتمانەوە و سورەکەی خۆی تەواو دەکات وەک لە نمونەکەی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە مانگ لە جوڵەکەیدا بە دەوری زەوی خێرایی جیاجیای دەبێت و لەو شوێنانەی نزیک زەوی دەبێتەوە خێرایی زیاد دەکات و لەو شوێنانەی لێی دوور دەکەوێتەوە خێرایی کەم دەبێتەوە، جوڵەی هەردووکیان بە گوێرەی کەسێکی چاودێر لە نێو سیستمەکەیاندا جوڵەیەکی بازنەیی بە ئاراستەی پێچەوانەی جوڵەی میللی کاتژمێر دەبێت، بەڵام بە گوێرەی چاودێرێک لە دەرەوەی سیستمەکەیان جوڵەیەکی شەپۆلی مەلەیی دەبێت وەک لە (وێنە ٤) دا دەردەکەوێت. مانگ ئەو جوڵە شەپۆلیە مەلەییەی لە ماوەی یەک مانگدا بە دەوری زەویدا تەواو دەکات.



وێنەی ٤

کەواتە مانگ مەلە دەکات و ناسوڕێتەوە، وە قورئانی پیرۆز هەر ئەوەندە نافەرموێت لە وەسفی جوڵەی مانگ بەوەی مەلە دەکات، بەڵکو وەسفی ئەو جوڵەیەش دەکات بەوەی مانگ دەڕوات (یجري)، ئەو وەسفەش دەگونجێت بە پێی مانا و ئەو تەنە جوڵاوەی وەسفکراوە و جیاوازەی لەوەی ئێمە ناوماناوە دەسوڕێتەوە، لە زمانی عەرەبیدا دەوترێت ئاوەکە دەڕوات (ان الماء یجري)، وە ئێمە دەزانین کە جوڵەی ئاو بە شێوەی شەپۆلی دەبێت، هەروەها ڕۆیشتن (جریان) بە مانای ئەوەش دێت کە جوڵەکە بە یەک ئاراستە بێت، وە ئەوەش سروشتی جوڵەی هەموو پارچەکانی گەردوونە کە ئاراستەی فراوانبوونە، وە تێبینی ئەوەش کراوە کە خێرایی مانگ لە جوڵەکەیدا جێگیر نیە بەڵکو کەم و زیاد دەکات هەروەک خێرایی مەلەوانێک لە ناو ئاودا، هەروەک شەپۆڵەکانی ئاو کە بەرز و نزم دەبنەوە و لەو میانەدا خێراییان زیاد و کەم دەکات، بۆیە لە کاتێکدا چاودێرێکی سەر زەوی وا دەبینێت کە مانگ بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە ئەوا چاودێرێکی تر لە سەرەوەی کۆمەڵەی خۆرەوە واتە لە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر بێت وا دەبینێت کە مانگ لە مەلەکردنێکدایە بە شێوەی جوڵەیەکی بە شەپۆلی بە دەوری زەویدا.



وێنەی ٥

واتە جوڵەی مانگ بە شێوەی مەلەکردن و ڕۆیشتنە ﴿...وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى...﴿١٣﴾﴾ فاطر، واتە وەسفی قورئانی پیرۆز بۆ جوڵەی مانگ تەنها ئەوە نیە کە مانگ لە جوڵەکەیدا مەلە دەکات، بەڵکو سیفەتی ڕۆیشتنیش بۆ جوڵەکەی زیاددەکات، کە ئەو وەسفەش جیاواز دەبێت لە وەسفی مرۆڤ کە دەڵێت مانگ دەسوڕێتەوە، وە لە زمانیشدا دەوترێت ئاوەکە دەڕوات، کە بێگومان جوڵەی ئاو بە شێوەی شەپۆلە وەک شەپۆلەکانی دەریا و بەیەک ئاراستەش دەبێت، ئەوە جوڵەی سروشتی هەموو پارچەکانی گەردوونە کە هەموو بە یەک ئاراستە دەجوڵێن ئەویش ئاراستەی فراوانبوونی گەردوونە، هەموو ئەو ئایەتانەی وەسفی گەردوون دەکەن بەوەی خۆی لە نوشتانەوەکەی دەرباز دەکات هەروەک چۆن گەڵای نوشتاوە خۆی لە نوشتانەوەی دەرباز دەکات و، ئەو ئایەتانەی وەسفی کشانی گەردوون دەکەن و، ئەوانەی وەسفی گەردوون دەکەن بەوەی تێیدایە لە مەلەکردندان، هەروەها هەموو ئەو ئایەتانەی باس لە ڕۆیشتنی پێکنەرەکانی گەردوون دەکەن، هەموو ئەو ئایەتە پیرۆزانە وابەستەی یەکترن لە مانا و لە وەسفەکانیان و لە ئەنجامەکانی ئەو وەسفە و لەو زانستە ڕاستەقینەی کە دەرئەنجام بە دەستدێت. لە (وێنەی ٦) دا جوڵە مەلەیی مانگ کە بە شێوەی شەپۆلە و بە دەوری زەویدا مەلە دەکات، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر بە دەستبێنین بۆ ئەو جوڵە فراوانبوونەی گەردوون کە هەموویان دەگرێتەوە، وەک لە ئایەتی پیرۆزی ﴿...وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾﴾ یس، ئاماژەی پێدراوە.



وێنەی ٦

پاش هەموو ئەوانەی دەربارەی مەلەکردنی مانگ باسکران، تەنها سەرەتایەک بوون، ئینجا لەو سەرەتاوەوە پرسیار ئەوەیە، ئاخۆ زەوی لە جوڵەکەیدا جوڵەیەکی مەلەیی هەیە بە گوێرەی خۆر و، یان بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە لە سەر خولگەیەکی هێلکەیی وەک ئەوەی (کیپلەر) باسیکردوە؟

وەڵامی ڕاست و دروست جوڵە مەلەییەکەی گۆی زەوییە، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، لەم گەردوونەدا هەموو جوڵەکان مەلەکردنن نەک سوڕانەوە و، لە قورئانی پیرۆزدا وشەیەک نەوتراوە بەڵگە بێت لەسەر سوڕانەوە، بەڵکو هەرچی لە گەردووندایە لە مەلەکردندان، با هەنگاو هەنگاو بۆ بابەتەکە بڕۆین،

بابەتەکە با لە مانگەوە دەسپێبکەین کە بوونی هۆکارێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی مرۆڤ هەڵنێت بەرەو فەزا بۆ دۆزینەوەی ئاسۆکانی گەردوون، هەنگاوی دووەمیش لە زەوییەوە، زەوییەکەمان بە گۆیەی خۆر بە خێرایی 30 کم / چ دەجوڵێت تا یەک سوڕی تەواو بە دەوری خۆردا تەواو بکات لە ماوەی 365.25 ڕۆژدا واتە یەک ساڵی تەواو، بێگومان بە شێوەی جوڵەی مەلەیی تەواو بە دەوری خۆردا، خۆ ئەگەر هۆکاری مەلەکردنی مانگ لەسەر ئەو پرانسیپە بێت کە دەبێت مانگ و زەویش لە جوڵەدا بن، ئەوا هەمان پرانسیپ بۆ مەلەی زەوی بەدەوری خۆردا ڕاست دەبێت، واتە دەبێت زەوی و خۆریش لە جوڵەدا بن تا ئەو شێوە جوڵەیە دروست ببێت، لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت ئاخۆ خۆر جوڵەکەی لە شوێنی خۆیەوە دەبێت بێ ئەوەی بگەڕێتەوە هەمان شوێنی خۆی؟ وەڵام بەڵێ، خۆر دەجوڵێت یان دەڕوات (تجری) بە دەوری ناوەندی مەجەڕەکەماندا هەموو 250 ملیۆن ساڵ جارێک وە بە تێکڕای خێرایی 220 کم/چ لە جوڵەدایە، واتە زەوی بە دەوری خۆردا مەلە دەکات لە سەر خولگەی خۆی و بە هەمان شێوەش مانگ بەدەوری زەوی مەلە دەکات لەسەر خولگەی خۆی، وە جوڵەکانیشیان پێچەوانەی جوڵەی میلی کاتژمێرە و بە ئاراستەی فراوانبوونی گەردوونە.

لە (وێنەی 7 )دا جوڵە شەپۆلی مەلەیی زەوی بە دەوری خۆردا بە ڕوونی دەردەکەوێت هەروەک چۆن پێشتر جوڵە شەپۆلی مەلەیی مانگ بەدەوری زەویدا ڕوونکرایەوە، ئیتر ئەو جوڵەیە نە بازنەییە و نە سوڕانەوەیە وەک (کیپلەر) باسی کردوە. کاتی خایەنراو بۆ جوڵە مەلەییەکەی زەوی بە دەوری خۆردا یەک ساڵی تەواوە و، بۆ جوڵە مەلەییەکەی مانگیش بەدەوری زەویدا یەک مانگی دەوێت.



وێنەی 7

(وێنەی 8) وێنەیەکی دیکەی ڕوونکردنەوەییە بۆ جوڵە شەپۆلیە مەلەییەکەی زەوی بەدەوری خۆردا.



وێنەی 8

لەوانەی پێشوو دەردەکەوێت کە مانگ لە سەر خولگەی خۆی و بە جوڵە شەپۆلیە مەلەییەکەی خۆی بەدەوری زەویدا لە جوڵەدایە و، لە هەمان کاتدا زەوی لەگەڵ مانگەکەیدا و بە جوڵە شەپۆلیە مەلەییەکەی بەدەوری خۆردا لە جوڵەدایە و، لەبەرئەوەی مانگ جارێک بەدەوری زەوی و جارێکیش لەگەڵ زەوی بەدەوری خۆردا لە جوڵەیەکی شەپۆلی مەلەییدایە، واتە مانگ دوو جۆر جوڵەی دەبێت لە هەمان کاتدا، بۆیە ئەو خولگەیەی مانگ لەسەری مەلە دەکات لە ساڵێکدا 12 جار شەپۆلەکەی دووبارە دەبێتەوە، بەڵام جوڵە شەپۆلیەکەی زەوی بەدەوری خۆردا لە ساڵێکدا تەنها 1 جار دووبارە دەبێتەوە، دەتوانین هەردوو جۆری جوڵە شەپۆلیە مەلەییەکانی مانگ و زەوی بەدەوری خۆردا، ( وێنەی 9 ) ئەوە ڕوونددەکاتەوە.



وێنەی 9

سەرچاوە:

http://www.quran-m.com/firas/arabicold/?page=show_det&id=1980&select_page=12

گرنگترین سەرچاوەکانی نووسەر:

http://www.su.wikipedia.org/wiki/gambar:wave_motion-i18n.png

http://en.wikipedia.org/wiki/

http://www.nasa.gov/

# ئایەت و ئیعجازێک

و: تارا علی

پێگەی ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی لە یەکێك لە بابەتەکانیدا ئاماژە بە جۆرە هەورێك دەکات، کە کەڵەکەبوو و باراناویە، بەرواڵەتیش شێوەی شاخی وەرگرتووە، لەوانەیە بەرزیەکەشی لە بڵندترین شاخ تێپەڕ بکات، ئەم هەورانە تاکە جۆری هەورن کە تەرزە دەبارێنن و بروسکە لێدەدەن.

لە قورئاندا، خوای گەورە لە سورەتی نوردا، بە ڕوونی باسی ئەم جۆرە هەورە دەکات و دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُزْجِى سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُۥ ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ رُكَامًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَٰلِهِۦ وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِنۢ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ وَيَصْرِفُهُۥ عَن مَّن يَشَآءُ ۖ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِۦ يَذْهَبُ بِٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٤٣﴾ ﴾ النور، واتە:

ئایا نابینیت کە خوا بە هێواشی هەورەکان دەبات، پاشان پەیوەستیان دەکات بە یەکەوە پاشان کەڵەکەی دەکات، دەبینیت لە توێی ئەو هەورانەوە کە وەك چیا وان، باران و تەرزە دەبارێنێت، هەر شوێنێك ویستی بێت لێی دەبارێنێت و هەر شوێنێکیش ویستی نەبێت لێی لا دەدات، خەریکە بریسکەی بروسکەکانی بینایی چاو بەرێت.

سەرچاوە: http://www.britannica.com/EBchecked/topic/146500



# زانست پشتگیری قورئانی پیرۆز دەکات

هەیڤ

مامۆستا زیندانی دەڵێت: لە کۆڕبەندێکی دەریازاناکان لە زانکۆی (مەلیک عەبدول عەزیز) لە (جیدە) بە (پرۆفیسۆر شرۆیدەر) گەیشتم، کە یەکێک بوو لە دەریازاناکانی (ئەڵمانیا) و، داوای لێکردم وتارێک لەسەر دیاردە دەریاییەکان لە نێوان دەرخستنە زانستیەکان و ئایەتە قورئانیەکاندا پێشکەش بکەم.

پاش ئەوەی وتارەکەمدا لە ڕۆژی دووەمدا (پرۆفیسۆر شرۆیدەر) لەسەر وتارەکە لێدوانی دا، لەو وتانەی پرۆفیسۆر شرۆیدەر وتی: خۆشحاڵم لەسەر وتارەکەی مامۆستا زیندای کە دوێنێ پێشکەشی کردین چەند قسەیەک بکەم:

من ئەم موحازەرەیە بەرز دەنرخێنم، لە چوارچێوەی کۆبونەوەیەکی زانستیدا مرۆڤ مەرج نیە موسڵمان بێت، تەنانەت سەبارەت بە من وەک مەسیحیەک گرنگە زانست نەک تەنها بەو شێوەیەی کە هەیە ببینم، بەڵکو بەشێوەیەکی فراوانتر بەراوردی بکەم بە ئایین واتە زانست لە چوارچێوەی ئایندا ببینم.

پاشان (پرۆفیسۆر شرۆیدر) پەیوەندی نێوان ئاینەکان و زانستی ڕوونکردەوە، باسی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کرد کە کەوتوتە نێوان گشت ئاینەکان لەگەڵ زانستدا و دەریخست کە دوورکەوتنەوەیەکی ئاشکرا هەیە لە نێوان ڕابەرانی زانستی ئایینی و ڕابەرانی زانستە گەردوونیەکان، بەڵام کاتێک خۆی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و ئەو ڕاستیانەی بیست کە (1400) ساڵ لەو پەرتوکە پیرۆزەدا باس کراوە سەرسام بوو، بۆیە لەسەر ئەوە وتی:

لە زۆرێک لە ئاینەکاندا ڕابەرانیان وا گومان دەبەن کە زانست دەتوانێت شت لە ئاین وەربگرێت، بەڵام هەر کە زانست پێش دەکەوێت ئەوە دەبێت ئایین بچێتە دواوە.. بەڵام لێرەدا باسەکە بە تەواوی پێچەوانەیە، بەڕاستی مامۆستا زیندانی ئەو ڕاستیانەی پیشاندام کە هەرچی قورئان وتبێتی زانست پشتگیری دەکات و ئەوەی قورئانی پیرۆز سەدان ساڵە فەرمویەتی ڕاستەقینەیە کە زاناکانی ئەمڕۆ دەریدەخەن.

بەڕای من ئەوەی لەم کۆڕبەندەدا گرنگە ئەوەیە کە زاناکانی هەموو جیهان لەم شتە ئاگادار بکرێنەوە و من زۆر دڵنیام کاتێک ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ وڵاتەکانی خۆمان زیاتر بیر لە پەیوەندی نێوان ئاین و زانستی دەریا دەکەینەوە، چونکە ئەوە ڕاست نییە کە زانست لە لایەک بێت و ئاینیش لەلاکەی تر بێت.

بەمانەدا ڕوون بووەوە کە ئەوەی زاناکانی ئەمڕۆ دەری دەخەن (1400) ساڵە لە قورئاندا باسکراوە، بۆیە لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین کێ ئەم زانیارانەی بە محمد ﷺ دا، کێ نیگای بەمانە بۆ کرد، بێگومان ئەمە ئەو بەڵگە ئاشکرایەیە کە قورئانی پیرۆز یان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ باسی کردووە و زاناکانی ئەم سەردەمەمان لە بوارە جیاجیاکانی گەردوون و دەریا و جیۆلۆجیا و بەشەکانی تردا لێی تێ دەگەن.

پرۆفیسۆر پاش ئەوەی ئەو شتانەی بیست بەهەموو متمانەیەکەوە لەم بارەیەوە دوا و دەڵێت:

خەڵکانێک نیە قسە لەگەڵ یەکتر نەکەن، زانست لەلایەک نیە و ئاین لەلاکەی تر، بەڵکو هەردوکیان لە یەک ئاراستەدا دەڕۆن، ئەوان هەمان شت بەزمانێکی جیاواز دەڵێن، بەزمانێکی زۆر زانستی و بە زمانی ئایەتەکانی قورئان هەر وەک شێخ ئاماژەی پێکرد.

ئەو زۆر بە ڕوون و بەئاشکرایی داوا دەکات کە ئەم ڕاستیانە بە هەموو جیهان و هەموو خەڵک بە گشتی و زاناکان بەتایبەتی لە کۆڕوکۆبوونەوە زانستیەکاندا بەهەموو زمانەکان پێشکەش بکرێت، تا لەم دیاردەیە تێبگەن و پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان ئاین و زانست ڕوون بێتەوە.

بەڵێ، بێگومان ئەو ئاینەی لە دەستکاری پارێزراو بوو بێت و، ئەو زانستەی ڕاست بێت پێویستە یەک دەنگ بنەوە و، پێویستە ئاینی ڕاستەقینە هانی زانستی ڕاستەقینە بدات. هەر وەک لە ئیسلامدا ئەوە فەرمانە.



پرۆفیسۆر شرۆیدەر

﴿... قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ... ﴿٩﴾﴾ الزمر،
واتە: ئایا ئەوانەی دەزانن یەکسانن لەگەڵ ئەوانەی نازانن؟

﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ... ﴿١٩﴾﴾ محمد، واتە: چاک بزانن کە هیچ خوایەکی تری بە حەق نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە زاتی (الله).

﴿قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ... ﴿١٠١﴾﴾ یونس، واتە: بڵێ سەرنج بدەن چی لە ئاسمانەکان و زەویدایە.

﴿حم ﴿١﴾ تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ ﴿٢﴾ إِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾ وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَابَّةٍ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن رِّزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٥﴾ تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَ اللَّهِ وَآيَاتِهِ يُؤْمِنُونَ ﴿٦﴾﴾ الجاثیة.

واتە: حامیم، ئەم قورئانە لەلایەن خوای باڵادەست و داناوە، هاتووەتە خوارەوە. بێگومان لە ئاسمانەکان و زەویدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ باوەڕداران و، لەدروستکردنی خۆتاندا و ئەو گیانلەبەرانەی بڵاو دەبنەوە، چەندین بەڵگە هەیە بۆ کەسێک باوەڕی پتەویان هەبێت و، لە جیاوازی شەو و ڕۆژ و لەو بارانەی خوا لەئاسمانەوە دەیبارێنێت کە بەهۆیەوە زەوی زیندوو دەکاتەوە و لە گۆڕانی بایەکان چەندین بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک کە تێدەگەن، ئا ئەمانە بەڵگەکانی خوان دەیخوێنینەوە بۆت بەڕاستی و دروستی، جا بەچی قسە و گوفتارێک دوای خوا و بەڵگەکانی باوەڕ دەهێنن.

ئاین هانی فێربوونی زانست دەدات و فەرمانمان پێ دەکات سەرنجی گەردوونی دەوروبەرمان بدەین زانستیش سەری بۆ گەورەیی ئاینی هەق نەوی دەکات، بەو جۆرە بە یارمەتی خوای گەورە ئێمە لەسەردەمێکی تازەداین، سەردەمی بەیەکگەیشتنی ئاین و زانست، تا موعجیزەکان دەرکەون و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە زمانێک تازەبێتەوە کە هەموو خەڵکی ئەم سەردەمە لێی تێ بگەن.

سەرچاوە:

ئەم بابەتە وتووێژی نێوان مامۆستا زیندانی و پرۆفیسۆر شرۆیدەرە کە لە پەیجی هەیڤ و چەناڵی یوتوبی هەیڤ بە ژێرنوسی کوردی بڵاوکراوەتەوە:

https://www.youtube.com/watch?v=AHkGf7SCuOg



# السقف المحفوظ

# بانی پارێزراو

و/ جلال احمد Jalalahmad1965@yahoo.com

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأنبياء.

**ئاماژەی دەق:**

ئەم دەقە لە قورئانی پیرۆز بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاسمان — واتە ئەوەی کە لەسەرمانەوەیە — وەک پارێزەرێک وایە بۆ زیندەوەران. لە هەمان کاتدا ئەم دەقە قورئانییە ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسمان نیشانە و بەڵگەی تیایە بۆ پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن و، بەڵگەیە بۆ توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە، هەرچەند مرۆڤەکان بێ ئاگان لەو ڕاستی یە.

**ئاماژەی زانستی:**

بەرگە هەوای گۆی زەوی ـــ کە لەچەند چینێک پێک هاتووە بەپێی تایبەتمەندیەکانی هەریەک لەوچینانە ـــ بە هەموویەوە قەڵغانێکی پارێزەری پێک هێناوە بەدەوری زەویدا. چینەکانی بەرگە هەواش بریتیە لە:

**1/ ترۆپۆسفیر (Troposphere) چین (پشتێنە)ی گۆڕانکاریەکانی کەش وهەوا:**

ئەستووری ئەم چینە لەنێوان (6-8) کیلۆمەتردایە، (5) میل لە هەردوو جەمسەری باکوور و باشوورەوە، (11) میل لە ئاستی (هێڵی کەمەرەیی ـ خط الأستواء ) وە تێکڕای ئەستوورییەکەی دەگاتە (11) میل لە ئاستی ڕووی دەریاوە.

پلەی گەرمی ئەم چینە لە بەرگە هەوادا نزم دەبێتەوە بە تێکڕای (6) پلە بۆ هەموو هەزار مەتر بەرزبوونەوەیەک، بەشێوەیەک دەگاتە (سفر) پلەی سەدی لەکاتی گەیشتن بە کۆتایی ئەم چینە، پەستانی هەواش کەم دەکات هەرچەند بەرەو سەرەوە بەرزببینەوە.

ئەم چینە (85%)ی بارستایی بەرگە هەوا پێک دەهێنێت، پێکهاتەی ئەم چینە (87%)ی نایترۆجینە و (21%)ی ئۆکسجینە و (0.93%)ی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە و جگە لە هەڵمی ئاو و چەندجۆرێکی تر لە گازەکان بەڕێژەی زۆرکەم. سەرجەم گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا لەم چینەدا ڕوو دەدات وەک با و هەور و باران و هەورە بروسکە.

**2/ ستراتۆسفیر (stratosphere):**

ئەم چین (پشتێنە)یە دەکەوێتە سەرووی چینی یەکەم (ترۆپۆسفیر-چینی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا) بەرگە ئۆزۆن دەکەوێتە ئەم چینەوە، ئەستوری ئەم چینە بەرز دە بێتەوە بۆ ئاستی (50 )کم لە ئاستی ڕووی دەریاوە.

بەرگە ئۆزۆن دەکەوێتە بەرزی نێوان (20 بۆ 30) کم لە ئاستی ڕووی دەریاوە.

بەبێ هەبوونی بەرگە ئۆزۆن ژیان ئەستەم دەبوو لەسەر زەوی هەندێ لە نەیزەکەکان ئەم بەرگە دەبڕن، پلەی گەرمی ئەم چینە بەرز دەبێتەوە بەهۆی مژینی تیشکی ژوور وەنەوشەیی لەلایەن بەرگە ئۆزۆنەوە، هەروەها پەستانی ئەم چینە دادەبەزێت تادەگاتە (0.01) لە کۆتایی چینەکەدا.

**3/ میتوسفیر (Metosphere).** چین (پشتێنە)ی ناوەند، ئەم چینە (50 - 85)کم لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و نەیزەکەکان دەیبڕێت، پلەی گەرمی نزمترینە بە بەراورد لەگەڵ چینەکانی تردا. لەگەڵ بەرزبوونەوە لەم چینەدا پلەی گەرمی دادەبەزێت تا دەگاتە (90) پلەی سەدی لەژێر سفرەوە، پەستانیش کەم دەبێتەوە تا دەگاتە پلەی (0,000004) (چوار لە ملیۆن)ی پەستانی هەوا.

**4/ پیرمۆسفیر (Thermosphere)** چین (پشتێنە)ی گەرمی، ئەم چینە نزیکەی (600)کم لەسەرووی چینی ناوەندەوەیە واتە (70-85)کم لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، هەروەها پلەی گەرمی دەگاتە (500) پلەی سەدی لە بەرزی (120)کم دا. چینی ئایۆنی (Ionosphere) دەکەوێتە ئەم پشتێنەیەوە لە بەرزی (4000)کم لە ئاستی ڕووی دەریادا کە زەوی لە تیشکە گەردونیەکان و شەپۆلە بای خۆر دەپارێزێت و شەپۆلە ڕادیۆییەکان دەگەڕێنێتەوە، بەم هۆیەوە ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە پەیوەندییە بێتەلەکاندا.

**5/ ئێکسۆسفیر (Exosphere)** چین (پشتێنە)ی دەرەوە، بەرزترینی چینەکانی بەرگی هەوایە و بەرزییەکەی لە (700-3500)کم لە ئاستی ڕووی دەریاوەیە، هەوای ئەم چینە بە زۆری لە گازە سوکەکانی وەک هایدرۆجین و هیلیۆم پێک دێت وە چڕییەکەی لەوپەڕی کەمیدایە.

**6/ ماگنیتوسفیر (Magnetosphere)**، بۆ بەرزی (500)کم بەرز دەبێتەوە و جوتێک پشتێنەی موگناتیسی لەخۆدەگرێت هەربۆیە بەم چینە دەوترێت (بەرگە موگناتیسی) ئەم پشتێنانە لە ئاستی هێڵی ئاسۆیی ئەستوورتر دەبن و لە دوو جەمسەری باکور و باشورەوە تەنکتر دەبنەوە. تیشکە پشتێنەی ناوەوەی (الحزام الأشعاعي الداخلي) دەکەوێتە بەرزی (2000)کم لە ئاستی ڕووی دەریاوە.

ئەم چینە وەک ڕاوگە و داوێک وایە بۆ تەنۆلکە گەردیلەییە وزەبەرزەکان کە لە بۆشایی گەردونەوە ڕوو بەزەوی دێن، ناوهێنانی بەرگەهەوا بە (بانی پارێزراو) (السقف المحفوظ) یەکەم دەربڕینە بەرامبەر بە بەرگە هەوا هاوجوت دەبێت، چونکە لە ڕاستیدا وەک بانێک کاردەکات بەسەرمانەوە کە زیانە نەبینراوەکانمان لێ دەگیرێتەوە و دەمان پارێزێت و ناهێڵێت بگاتە زەوی مەگەرمۆڵەت و ڕێگەپێدانی خوایی نەبێت، وە ئەم بەرگە لەهەمان کاتدا پارێزراویشە لە لەناوچوون و فەوتان لەگەڵ هەموو ئەو بەسەرهات و پێشهاتە گەردوونیانەی بەسەریدا هاتووە لە سەرەتای دروستبوونیەوە وەک ئەوەی

بەسەر مانگدا هاتووە و بەرگەکەی تیاچووە و ئێستا مانگ بانێکی نیە کە بیپارێزێت.

خوای گەورە سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێت بۆ هەندێ لە تایبەتمەندیەکانی بەرگەهەوا کاتێک دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأنبياء

لەو تایبەتمەندیانە، بەرگری لە مەترسیەکان و ڕێگری لە تیاچوون، لە کاتێکدا ئەم تایبەتمەندییانە توێژینەوە زانستیەکانی سەدەی بیستەم سەلماندویانە. ئاشکرابووە کە بەرگەهەوای دەوری زەوی ئەرکی پارێزگاری لە بەردەوامی ژیان لەسەر زەویدا جێبەجێ دەکات، لە هەمان کاتدا زۆرێک لە نیزەکەکان لەناو دەبات و ڕێگە لە زۆربەیان دەگرێت لەوەی بکەونە سەرزەوی و زیان بەژیان و ژینگەی سەر زەوی بگەیەنن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم بەرگە هەوایەی دەوری زەوی ڕێگەنادات بە تێپەڕبوونی تیشکە زیان بەخشەکان، بەڵام ڕێگری ناکات لە تێپەڕبوونی تیشکە بێ زیانەکانی وەک تیشکی خۆر.

هەروەها دانیشتوانی زەوی دەپارێزێت لە سەرمای گەردوونی کە دەگاتە نزیکەی (270) پلە لە ژێر سفرەوە، لەکاتێکدا پشتێنە موگناتیسییەکەش وەک قەڵغانێک کاردەکات و زەوی دەپارێزێت لەو خۆرە بایەی (الرياح الشمسيه) کە هەڕەشە لە ژیانی سەرزەوی دەکات.

وە ئەگەر ئەم بەرگە هەوایە نەبوایە کە خوای گەورە بەدەوری زەویدا دابینی کردووە ئەوا ملیۆنان نەیزەک بەر زەوی دەکەوتن و کۆتاییان بەژیان دەهێنا لەسەر گۆی زەوی هەر بۆیە بە دوور نازانرێت کە ڕووداوی لەناوچوونی دایناسۆڕەکان کە نزیکەی ( 65) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ڕووی داوە، بەهۆی ئەو دووکەڵەوە بوویێت کە دەوری زەوی گرتووە، لە ئەنجامی کەوتنەخوارەوەی نەیزەکێکی گەورە بۆسەر زەوی و تیاچوونی زۆربەی گیاندارانی سەر وشکانی و ناو دەریاکانی لێکەوتبێتەوە.

بەکورتی ئەوەی کە دەگوزەرێت ئەوەیە کە لەسەر زەوی سیستەمێکی تێر و تەواوی نەبینراو هەیە کە بەبێ دەنگی دەمانپارێزێت لە هەموو هەڕەشە و مەترسییە دەرەکیەکان، بەجۆرێک کە زانایان تازە پێیان زانیوە و هەستیان پێ کردووە.

**ڕووی ئیعجاز لەم بابەتەدا:**

پێزانین و پەیبردنی ئەم دواییانەی زانایان بۆ ئەم گەلە هێرش بەرە زەبەلاحە گەردوونی و تیشکە گەردوونی یە جۆراوجۆرانەی ـ کە ئەگەر ڕێگەی گەیشتن بەزەویان هەبوایە ئەوا وێرانکاری و کاولکارییەکی بێگومانیان بەسەر زەویدا دەهێنا ـ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی لەو ئایەتانەدا هاتووە سەبارەت بە پارێزگاری ئاسمان بۆ زەوی و ئەوەی لەسەر زەویدایە لە تیاچوون و لەناوبردن، بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم قورئانە پیرۆزە لە لایەن بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرەوە هاتووە.

چونکە لەسەردەمێکدا هاتووە کە مرۆڤایەتی لەوپەڕی نەزانین و بێئاگایدا بوون لەم بابەتانە بەتایبەت کە ئەم پێغەمبەرەی ئەم پەیامەی لە لایەن پەروەردگارەوە هێناوە نەخوێندەوار بووە و توانای نوسین و خوێندنەوەی نەبووە.

(( سەرنج ــ وەرگێڕ ــ ))

هە رکەس سەرنج و تێبینی و ڕاڤەی ئەم دەقە قورئانییەی کردووە ڕاستەوخۆ زەینی بۆ ئەوەچووە کە ئاسمان سەقفێکی پارێزەرە بۆ زەوی، لەکاتێکدا دەقەکە زۆر بە ڕوونی بە ئاشکرا باس لە سەقفێکی پارێزراو (سقفا محفوظا) دەکات، نەک سەقفێکی پارێزەر (سقفا حافظا)، کە ئەوەش ئاماژەیە بەوەی کە سەقف بۆ خۆی خاسیەتی پارێزەریی تیایە بەڵام ئەم سەقفە جۆرێکی تایبەتە و بۆ خۆیشی پێویستی بە پارێزگاری لێکردن ئەبێت، ئەگەر نا ئەوا سیفەتی پارێزەریەکەی لەدەست دەدات، کە ئەم مەترسییەش ئێستا سەریهەڵداوە و بووەتە جێگەی نیگەرانیی زانایان.

سەرچاوە:

کتێبی (هذا محمد رسول الله و براهين رسالته/ د. عبدالله المصلح).




## دۆزینەوەی قەڵغانێکی نوێی زەوی

زاناکان توانییان قەڵغانێکی نەبینراو بدۆزنەوە کە 11584 کم لە زەویەوە دوورە، وە گۆی زەوی دەپارێزێت لەو ئەلکترۆنە زۆر خێراو مەترسیدارانەی کە لە فەزادا دەڕۆن بە خێراییەک نزیک بە خێرایی ڕووناکی، ئەو قەڵغانەی ئێستا مەبەستە و تازە دۆزراوەتەوە خەیاڵی زانستی نیە، وە لێکۆڵینەوەی لەسەر بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری nature ی زانستیدا، وە گرنگی ئەو دۆزینەوەیە لەوەدایە کە یارمەتی پسپۆڕان بدات بۆ تێگەیشتنی زیاتری داینامیکیە ئاڵۆزەکانی پشتێنەی (ڤان ئەلن) ی تیشکاوەر. ئەو پشتێنە تیشکاوەرە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1958 دا دیاریکرا، لە لایەن پرۆفیسۆر (جیمس ڤان ئەلن) و تیمەکەی لە زانکۆی ولایەتی ( ئایوا )، وە زاناکان ئەوەیان دیاریکرد کە پشتێنەی تیشکاوەری بە دەوری زەویدا هەیە کە دابەش دەبێت بۆ ناوەکی و دەرەکی وە بە بەرزی نزیکەی 40 هەزار کم لەسەر ڕووی زەویەوەیە، پشتێنە ناوەکیەکەیان نزیکترە لە زەویەوە و دەکەوێتە بەرزایی 1000 تا 7000 کم لەسەر ڕووی زەویەوە، وە بەشی زۆری لە پرۆتۆن پێکدێت کە تێکڕای وزەکانیان دەگاتە 30 ملیۆن ev، بەڵام پشتێنە دەرەکیەکە دەکەوێتە بەرزی 10 هەزار تا 40 هەزار کم لە سەرو ڕووی زەویەوە، وە بەشی زۆری پێکدێت لە ئەلکترۆن کە تێکڕای وزەکانیان دەگاتە 1ملیۆن ev، وە لەساڵی 2013 زانا بیکەر وە تیمێک لە زاناکان، لە لێکۆڵینەوەکانیان ئەو داتایانەیان بەکارهێنا کە ئاژانسی ناسا بەدەستیهێنابوون، کە ساڵی 2012 دابووی بەو تیمە و داتاکانیش دەربارەی پشتێنەی سێیەم بوو کە دەکەوێتە نێوان هەردوو پشتێنەی ناوەکی و دەرەکی بۆ پشتێنەی ڤان ئەلن، زاناکان لە میانەی توێژینەوەکانیان چینێکیان دۆزیوەتەوە کە بڕواناکرێت، ئەو چینە دەکەوێتە لێواری ناوەوەی پشتێنە دەرەکیەکە و لە دووری 11584 کم لەسەر ڕووی زەویەوە، ئەو چینە هەروەک دیوارێکی شوشەیی یان قەڵغانێکی پارێزەر کە ڕێگری دەکات لەو ئەلکترۆنە زۆر خێرایانەی دەیانەوێت بگەنە نێو بەرگە هەوای زەوی، توێژینەوەکانی دەربارەی ئەو بابەتە لە ژمارەی ڕۆژی 27/11/2014 ی گۆڤاری زانستی nature دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو توێژینەوانە بیرۆکەیەکی باشتر دەدەن بە زاناکان دەربارەی کاری فیزیایی پلازما، هەروەها زانیاری وردیش دەدات بەو ئەندازیارانەی بەرپرسن لە دانانی مانگە دەستکردەکان لە شوێنی یان خولگەی سەلامەتی خۆیاندا بەدەوری گۆی زەوی.

بەڵێ بۆ پاراستن و بەردەوام بوونی ژیان لەسەر زەوی خوای پەروەردگار چەندین بەرگ و قەڵغانی پارێزەری بە دەورماندا دروستکردوە وەک بەرگە هەوای زەوی، بواری موگناتیسی زەوی، چینی ئۆزۆن و وا ئەم قەڵغانە تازە دۆزراوەشی چووەسەر!!

خوای گەورەش لە ئاماژەیەکی زانستیدا ئەو ڕاستیەمان وە بیردێنێتەوە کە دەفەرموێت:﴿ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأنبياء.

سەرچاوە:

http://goo.gl/4xvn1L



# چەمکی ژینگە پارێزی لە ژێر سایەی ئیسلامدا/ بەشی سێیەم

سەردار عەبدولڕەحمان ئیبراهیم

**هاندان بۆ پاراستنی گیانداران لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا ﷺ :**

1- (مَن قتَل عصفورًا عبَثًا عجَّ إلى اللهِ يومَ القيامةِ يقولُ: يا ربِّ إنَّ فلانًا قتَلني عبَثًا ولم يقتُلْني منفعةً) صحيح ابن حبان: 5894... ئەم فەرمودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە چۆلەکەیەکی کوژراو لە ڕۆژی دوایدا سکاڵای خۆی لای خوای گەورە دەکات و، دەڵێت: ئەی پەروەردگار فلاّنە کەس منی بەبێ هۆ کوشتووە لە دونیادا، نەک بۆ سوودگەیاندن).

2-(عُذِّبَت امرأةٌ في هِرَّةٍ سجَنَتْها حتى ماتت، فدخَلَتْ فيها النَّارَ، لا هي أطعَمَتْها ولا سَقَتْها إذ حبَسَتْها، ولا هي ترَكَتْها تأكُلُ مِن خَشاشِ الأرضِ). صحيح البخاري:3482... هەروەها ئەم فەرمودەیە باسی ئافرەتێک دەکات کە لەسەر گرتن و ئازاردانی پشیلەیەک کە خواردن و خواردنەوەی لێ قەدەغە کردبوو تا دەمرێت، بەهۆی ئەو کارەیەوە دەچێتە ناو دۆزەخ و سزا دەدرێت.

3-(أنَّ النَّبيَّ ﷺ نهَى عن التَّحريشِ بين البهائم). صحيح، البخاري، العلل الكبير...واتە: (پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە ئاڵۆزاندنی ئاژەڵان و هاندانیان دژی یەکتر).

4-(بَيْنَا رَجُلٌ يَمْشِي فَاشْتَدَّ عَلَيْهِ العَطَشُ فَنَزَلَ بِئْرًا فَشَرِبَ مِنْهَا ثُمَّ خَرَجَ فَإِذَا هُوَ بِكَلْبٍ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثَّرَى مِنْ الْعَطَشِ فَقَالَ لَقَدْ بَلَغَ هَذَا مِثْلُ الَّذِي بَلَغَ بِي فَمَلأَ خُفَّهُ ثُمَّ أَمْسَكَهُ بِفِيهِ ثُمَّ رَقِيَ فَسَقَى الْكَلْبَ فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَإِنَّ لَنَا فِي الْبَهَائِمِ أَجْرًا قَالَ فِي كُلِّ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ). صحيح البخاري : 2363... واتە: پەیامبەری ئیسلام ﷺ فەرمویەتی: «کاتێک پیاوێک بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت و تینوێتی زۆری بۆ هێنابوو، بیرێک دێتە بەردەمی و دادەبەزێت و تێر ئاو دەخواتەوە، کاتێک دێتە دەرەوە دەبینێت وا سەگێک زمانی دەرهێناوە و ئەوەندەی تینوە لە تاودا خۆڵ دەخوات، بۆیە پیاوەکە دەڵێت حاڵی ئەو سەگە وەک ئەوەیە بە سەر مندا هات، بۆیە دابەزیەوە ناو بیرەکە و بە لێزانانە گۆرەویەکەی کە ئەوکات لە پێست دروست دەکرا پڕ کرد لە ئاو و بە دەمی گرتی و سەرکەوتەوە، ئاوەکەی دەکردە ناو دەمی سەگەکە تا تێر ئاوی کرد و، ئینجا خوای گەورە سوپاسی کرد و لێی خۆش بوو، پێیان وت ئەی پەیامبەری خوا ئایا بۆ ئێمە پاداشت دەبێت لەسەر گیانداران؟ ئەویش فەرموی: لە هەموو خاوەن جگەرێکی تەڕدا (مەبەستی هەموو گیاندارێکی زیندوو)ە خێر و پاداشت هەیە.

**هاندان بۆ پاک و خاوێنی لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا ﷺ :**

1-(تخلَّلوا ، فإنَّهُ نظافةٌ، والنَّظافةُ تدعو إلى الإيمانِ، والإيمانُ معَ صاحبهِ في الجنَّةِ) صحيح، الترغيب والترهيب: 137/1... واتە: (لەکاتی دەستنوێژ شوشتندا پەنجە بخەنە نێوان موەکانی ڕدێن و نێوان پەنجەکانی دەست و پێیەکانتانەوە و تەڕیان بکەن، چونکە ئەوە پاکو خاوێنییە و، پاکوخاوێنیش مایەی باوەڕە و، باوەڕیش لەگەڵ خاوەنەکەیەتی لە بەهەشت).

2- (الطَّهورُ شطرُ الإيمانِ). صحيح مسلم: 223... واتە: (بە باشی دەستنوێژ شوشتن نیوەی باوەڕە).

3-(غسلُ يومَ الجمعةِ واجبٌ على كلِّ محتلم). صحيح البخاري: 879... واتە: (هەر کەسێک تەمەنی گەیشتبێتە پێویست بوونی ئەرکە ئاینیەکان لەسەری، ئەوە پێویستە لەسەری ڕۆژانی هەینی خۆی بشۆرێت)... لە جێگەیەکی دیکەدا دەفەرموێت:(حَقٌّ للهِ على كُلِّ مسلِمٍ أن يَغتسِلَ في كُلِّ سَبْعَةِ أيَّامٍ يومًا؛ يَغسِلُ فيهِ رَأْسَه وجَسَدَهُ). الألبانِي، صحيح الجامع : 3154.. واتە: (مافی خوایە بەسەر هەر مسوڵمانێکەوە کە هەر حەوت ڕۆژەی جارێک سەر و لاشەی خۆی بشۆرێت).

4-( لولا أن أشقَّ على أمَّتي لأمرتُهم بالسِّواكِ عند كلِّ صلاةٍ). صحيح، الترمذي - العلل الكبير: 30... واتە: (گەر لەبەرئەوە نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەمی گران بکەم، فەرمانم پێ دەدان کە بۆ هەر نوێژێک، سیواک بکەن)... لە شوێنێکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:(السِّواكُ مَطهَرةٌ للفمِ مَرضاةٌ للرَّبِّ) صحيح ابن حبان: 1067... واتە: (سیواک کردن مایەی پاکژی و خاوێنییە بۆ نێو دەم و ڕازی کردنی پەروەردگاریشە).

5- (أتانا رسولُ اللهِ ﷺ زائرًا في منزلنا فرأى رجلًا شَعِثًا قد تفرَّقَ شعرُه فقال أما كان يَجِدُ هذا ما يُسَكِّنُ به شعرَه و رأى رجلًا آخرَ وعليه ثيابٌ وَسِخَةٌ فقال أما كان هذا يجدُ ماءً يغسلُ به ثوبَه). الألباني - السلسلة الصحيحة: 493... واتە: پێغەمبەر ﷺ بە سەردان هات بۆ ماڵمان و پیاوێکی بینی، کە سەری ژ بوو دای نەهێنابوو، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: باشە ئەمە شتێکی بەرچنگ نەکەوت کە سەری پێ شانە بکات و بەوشێوەیە نەبێت، پیاوێکی تریشی بینی جل و بەرگێکی پیسی لەبەردا بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئایا ئەمە ئاوی دەست نەدەکەوت جلەکانی پێ بشوات؟!).

6-(أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ ؛ كانَ إذا عطسَ غطَّى وجهَهُ بيدِهِ أو بثوبِهِ وغضَّ بها صوتَهُ). حسن صحيح، الألباني- صحيح الترمذي: 2745... واتە: (کاتێک پێغەمبەر ﷺ دەپژمی دەموچاوی بە دەستی یان بەجل و بەرگەکانی دادەپۆشی و، دەنگی پژمەکەی کەم دەکردەوە.

7-(إنَّ اللّهَ جميلٌ يحبُّ الجَمالَ). الألباني - السلسلة الصحيحة: 4/167... واتە: (خوا جوانە و جوانیی خۆش دەوێت).

**لە کۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم:** هیوادارم ئەم دەقە پڕ لە بەخششانە، بۆمان ببنە مامۆستا و پێشەنگ، کە بتوانین لێیانەوە دەربچین بۆ ژیانێکی پڕلە پاکو خاوێنی وژینگەیەکی پارێزراو و بە هەستی بەرپرسیارێتییەوە ڕەفتاربکەین.

**تێڕوانینی ئیسلام بۆ ژینگە و نمونەی هەندێ ڕاستی گرنگ لەو بارەیەوە:**

1- ئیسلام بۆ چونێکی گشتگیرانەی هەیە سەبارەت بە ژینگە. کە خۆی دەبینیتەوە لە (مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک و بێ گیان و ئاووهەوا)، مرۆڤیش لەم نێوەندەدا بەڕێزترین دروستکراوی خوای گەورەیە (ولقد كرمنا بني ادم) و، گشت دروستکراوەکانی تری بۆ مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی ژێربار و فەراهام کردووە بۆ سوودوەرگرتن و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و، پاراستنی بوونەوەرەکانی ناوی.

2- ئیسلام بنەمای (ڕێگرتن لە هۆکارەکان و خراپەکاری) داناوە، وەک کۆت و بەندێک بۆ زیادەڕەویەکانی مرۆڤ لە بواری ژینگەدا، تا چوارچێوەیەک دابنێت بۆ ئارەزووە بێ سنوورەکانی مرۆڤ، ئەمەش بنەمایەکی گرنگی ئیسلامە، بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی لە ڕوانگەی ماددی و مەعنەوییەوە، کە بتوانێت مرۆڤ لە سنورێکی دیاریکراو و ڕێگەپێدراودا مامەڵە لەگەڵ ژینگەی سروشتی دەوروبەر بکات و زیادەڕەوی نەکات لە بەکارهێنانی بەخششەکانی خودای گەورەدا.

3- ناوەڕۆکی پاراستنی ژینگە لە شەریعەتی ئیسلامدا زۆر ڕوون و ئاشکراو فراوانە، کە مانەوە و پاراستنی بوونی سەرچاوەکان دەگرێتەوە، بەگوێرەی چەسپاندنی یاساو لە چوارچێوەی سنوورێکی ڕێگە پێدراودا، هەمیشە ئیسلام هەوڵی پەرەپێدانی سەرچاوە و داهاتەکانی بۆ گرۆی ئادەمیزاد داوە، کەبریتی یە لە گەشەسەندنێکی باشتر و گشتگیر بۆ سەرچاوەکان، ڕێگرتن لە کەمبوونەوەی بەرهەم و داهاتەکان لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانیان.

4- پابەندبوون بەپاراستنی پاک و خاوێنی ژینگە لە کارە سەرەکیەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، وە هەمیشە سوور بووە لەسەر ئەم تەوەرە و هەمیشە ئامۆژگاری کردووین.

5-پاراستنی ژینگە لە ئیسلامدا سپاردە و بەرپرسیاریەتیە و لە چوارچێوەی ئادابە شەرعییەکاندایە، بۆیە پێویستە مسوڵمانان داخوازییە شەرعیەکان جێ بەجێ بکەن و پەیڕەوی لێ بکەن.

سەرچاوەکان :
1- بورهان محمدامین، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.
2 - نەشری ئیحسان، (پوختەی سەحیحی بوخاری) وەرگێرانی (لێژنەیەک) ،چاپی یەکەم، لا 457, 465.
3-د.علي اوزاك، البيئة في القران الكريم والحديث النبوي الشريف، ص10.
4- نەرمین عومەر، گۆڤاری هەیڤ، ژ (26)، لا13.
5- ڕاوێژ محمد، گۆڤاری هۆشیاری ژینگەیی، ژمارە (1)، لا27-26 .
6- مەلا عبدوڵلا شیرکاوەیی، ژینگەپارێزی لەڕوانگەی ئیسلامەوە، چاپی دووەم، لا19-115.
7- مەلا عمر چنگیانی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (3130)، بەرواری 2009-3-27، لا11.

## ئیعجازی ئایەتی

# إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَكَانُواْ كَهَشِيمِ ٱلۡمُحۡتَظِرِ

ئا/ جەمال قەرەداخی

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَكَانُواْ كَهَشِيمِ ٱلۡمُحۡتَظِرِ ﴿٣١﴾ ﴾القمر.

لەم ئایەتەدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر دوو لایەنی ئیعجازی زانستی ئەوانیش (**الصیحة**) و (**کهشیم محتظر**)ن.

(**الصیحة**) بە مانای دەنگێکی زۆر بەرز دێت، ئەمڕۆ زانایان بۆیان دەرکەوتوە کە ئەو وزەیەی لە دەنگدا هەیە ئەوەندە گەورەیە کە دەکرێت لە داهاتوودا وەک چەکێکی کوشندە بەکاربهێنرێت، بەڵام چەکێکی زۆر باشتر لە چەکەکانی تر چونکە ژینگە پیس ناکات، دەنگ کە جۆرێکە لە وزە بریتیە لە شەپۆلێکی میکانیکی درێژەو بە شێوەی زنجیرەیەک پەستاوتن و شاش بوون دەبێت و لە لەرینەوەی تەنەکانەوە دروست دەبێت و بە ناوەندی ماددیدا دەگوێزرێتەوە، سەبارەت بە گوێی مرۆڤ ژمارەی ئەو شەپۆلە دەنگیانەی گوێی مرۆڤ هەستیان پێ دەکـــات واتە (**لەرەلەرەکانیان**) لە نێوان (20–20000) هێرتزدا دەبن، واتە هەر دەنگێک لەرەلەری (frequency) لە20 هێرتز کەمتر بێت و لە 20000 هێرتز زیاتر بێت ئەوا هەرگیز نابیسترێت لە لایەن مرۆڤەوە، هەرچەندە گوێی گیاندارانی تر لەو ڕووەوە جیاوازە لە گوێی مرۆڤ و هەندێکیان ئەو دەنگانە دەبیستن، ئینجا ئەو سیفەتەی گوێی مرۆڤ بۆ خۆی چاکەیەکی گەورەی خوایە بۆ مرۆڤەکان کە ئەگەر وانەبوایە ئەوا هەرگیز مرۆڤ نەدەحەوایە و بەردەوام لە سەر گوێی ژاوەژاو و دەنگی زۆر دەبوو چونکە هەموو تەنێکی لەراوە دەنگ دروست دەکات، بەڵام ئێمەی مرۆڤ نایانبیستین ئینجا بڕی ئەو گۆڕانی پەستانەی کە گوێی مرۆڤ وەک دەنگ هەستی پێ دەکات لە نێوان ( 202 تا 0.00002) N/m دەبێت، واتە ئەو دەنگەی بڕی گۆڕانی پەستانەکەی لەسەر گوێی مرۆڤ لە (20.00002 N/m) کەم تر بێت نابیسترێت و لە بڕی 202 N/m زیاتر بێت ئەوا زیان بە گوێی دەرەوە و پەردەی گوێ دەگەیەنێت، وە زۆر لەوە زیاتر بێت لەوانەیە پەردەی گوێ دەدڕێنێت، خۆ ئەگەر لەوەش زیاتر بوو ئەوا زیانی گەورە بە گوێی ناوەوە دەدات و لەوەش زیاتر کار لە مێشک دەکات، بۆیە پێویستە لە کاتی دەنگی بەرز و تەقینەوەکاندا مرۆڤ دەمیان بکەنەوە چونکە هەردوو گوێی مرۆڤ بەهۆی دوو کەناڵی (**ئۆستاکەوە**) بەستراون بە قورگەوە بەمەش ئەو پەستاوتنە زۆرەی دەنگەکە لە ڕێگای دەم و قورگەوە دەچێتەوە دەرەوە و زیانێکی وا ناگەیەنێت بە مێشکی مرۆڤ، بوونی ئەو کەناڵانەی ئۆستاک لە نێوان گوێچکەکان و قورگدا بۆ چاکەیەکی تر و مەزنە دیزاینێکی تری خوای گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مرۆڤە. خۆ ئەگەر دەنگەکە لەوانەش گەورەتر و زیاتر بوو ئەوا ئیتر دەنگەکە دەچێتە پلەی (**الصیحة**)وە و ئەو کات هیچ شتێک بەرگری لە تێکدان و وەک دەڵێن تەقینەوەی مێشکی مرۆڤ ناکات و دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤەکان، ئەوەش ئەو **صەیحەیە** کە قورئانی پیرۆز باسی دەکات. ئەو لایەنە ئیعجازیەی ئایەتەکە وردەکاری تری زۆری تێدایە کە من نەچوومەتە نێویەوە .

سەبارەت بە لایەنی دووەمی ئایەتەکە (كَهَشِيمِ ٱلۡمُحۡتَظِرِ) شێخ حسین مەخلوف (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە فەرهەنگی (**کلمات القران تفسیر و بیان**)دا دەفەرموێت: (**الهشیم کالیابس المفتت من الشجر**) واتە **الهشیم** هەروەک **الیابس** کە بە مانای وشک دێت واتە وەک گەڵای پەرشبوو وە وشکهەڵاتوە یان ڕووەکی وشکهەڵاتوو کە (**گەوڕ**)ی گیاندارانی لێ دروستدەکرێت، (ٱلۡمُحۡتَظِرِ)دروستکاری (**گەوڕە**) یان (**پەرژینە**) بۆ گیانداران لە قامیشی وشک یان درەختی دیکەی وشکبوو دروستی دەکەن بۆ پاراستنی ئاژەڵان کە لای خۆمان بە پەرژین یان (**گەوڕی ئاژەڵ**) دەناسرێت، وە (**راغبی ئەصفەهانی**) لە (**مفردات الفاظ القران**)دا دەڵێت (**الهشیم**) بە مانای شکاندنی تەنی نەرمی وەک ڕووەک وەک خوا دەفەرموێت:﴿ ...فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ ... ﴿٤٥﴾ ﴾ .

لە ڕێگای مانا زمانەوانی و ڕاڤەی ڕاڤەکارانی پێشووەوە دەگەینە ئەوەی کە (كَهَشِيمِ ٱلۡمُحۡتَظِرِ) ئەو پوش و پەڵاش و پاشماوە ڕوەکیانە و ئەو درەختە وشکهەڵاتوانە دەگرێتەوە کە دەکەونە سەر زەوی و مرۆڤ لە درەختە وشکبوەکانیان پەرژین یان گەوڕ دروستدەکەن بۆ ئاژەڵانیان. ئەو ڕووەکە سەوز و تەڕو پڕە جوانانە کاتێک هەڵدەوەرێن و دەکەونە سەر زەوی و دەکەونە ژێر پێی ئاژەڵەکانەوە و میز و پیسایی واتە تەپاڵە و پشقلی ئەو گیاندارانە تێکەڵ دەبێت، ئیتر ئەو دیاردەیە دروست دەبێت کە قورئان بە (كَهَشِيمِ ٱلۡمُحۡتَظِرِ) ناوی دەبات و حاڵی ئەو نەتەوە لەناوچوانە بەهۆی صیحەکەوە دەچوێنێت بەو ڕووەکە وشکهەڵاتوو وە پەرشوبڵاوانە، لەو ناوەندە وشکهەڵاتوەدا وردبینە زیندەوەری لە بەکتیریا و کەڕووەکان و هەندێک لە مێرووە کرمەکان هەڵدەستن بە شیتەڵکردنی ئەو ڕووەکانە لە شێوە زیندوو ئاڵۆزەکانیانەوە کە مادده سیلیلۆزیە ئاڵۆزەکان و پەکتین و شەکر بە جۆرەکانیەوە دەگرێتەوە وە هەموویان دەگۆڕێن بۆ شەکری سادە و لە ئەنجامی ئەو کردار و گۆڕانکاریانەدا گازەکانی وەک کاربۆن و نایترۆجین فۆسفۆر دەردەچن و ئەو پاشماوانەش وشک دەبن و دەگۆڕێن بۆ خەڵوز، زەوی گەوڕ دەوڵەمەندە بەو وردبینە زیندەوەرانە و بە تایبەتی بە بوونی نایترۆجینی میزی گیانداران، وە پاشماوەی خۆراکیان کە بە شێوەی پشقل و تەپاڵەن، و ئەو ماددە کاربۆهیدراتیانەی لە ڕووەکەوە بەرهەمدێن، بە لێکۆڵینەوە لەو کەڕوانەی لەسەر پاشەڕۆی ئەو گیاندارانە کراون دەرکەوتوە کە بەدوایەکداهاتنێکی ڕێک هەیە بۆ دەرکەوتنی ئەو کەڕوانە لەسەر ئەو پاشەڕۆیانە، لەسەرەتادا ئەو کەڕوانە دەردەکەون کە سەر بە میوکوڕەکانن (Order: Mucorales)، ئینجا کەڕوی نان و کەڕوی میوکەر کە لە کەڕوە جوتبوەکانە (zygomycota)، ئینجا جۆرێکی تر کەڕو کە بە ئەسکۆمیکۆتا (Ascomycota) دەناسرێت دروستدەبێت و لە کۆتایشدا جۆرێکی ترلە کەڕو دروستدەبێت کە بازیدی (Basidiomycota) دروستدەبێت.

پاشەڕۆی گیانداران واتە پشقل و تەپاڵە، لە سەرەتادا ئەو پاشەڕۆیانە پێکدێن لە شەکری هەمەجۆر وەک سلیلۆز و نیوە سلیلۆز (Hemicellulose) وە نایترۆجین کە بوونی کەڕوی میکۆرەکانی جوتبوون کارا دەکات ئیتر بەو جۆرە ئەو هەموو کردارە ئاڵۆزانە لەو ناوەندە ڕوودەدات کە پێی دەوترێت گەوڕی گیانداران، بەڵام قورئانی پیرۆز ئەو هەموو کردارە ئاڵۆزانەی لە تەنها دوو وشەی (كَهَشِيمِ ٱلۡمُحۡتَظِرِ)دا کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی وەسفی حاڵی ئەو نەتەوانەی پێ بکات کە بەو **صەیحەیە** لە ناوی بردوون، ئا ئەوەیە ئیعجازی زمانەوانی و زانستی لە قورئانی پیرۆزدا.

---

سەرچاوە:

http://quran-m.com/container2.php?fun=artview&id=835

http://www.nazme.ne

# چۆنیەتی پەڕینەوەی

## پێغەمبەر موسا (علیه السلام) و شوێنکەوتووانی لە دەریای سوور



ئا: ئەندازیار شاهۆ رشید
shaho972@yahoo.com

کاتێک پێغەمبەر موسا (علیه السلام) و شوێنکەوتووانی لە بەنی ئیسرائیل بێ هیوا بوون لە لاچوونی زوڵم و ستەمی فیرعەون و داروودەستەکەی، خوای گەورە فەرمانی بە موسا (علیه السلام) کرد کە لەو شارە دەرچن، ئەوانیش بڕیاریاندا کۆچ بەرەو شوێنێکی نادیار دوور لە دەسەڵاتی فیرعەون بکەن، ئەوەبوو لە شەودا بە ڕێ کەوتن بەڵام فیرعەون زوو بەم کارەی زانی و سوپایەکی زەبەلاحی کۆکردەوە بۆ گرتنی موسا (علیه السلام) و شوێنکەوتووانی، هەر ئەو شەوە بەرەو شاری (نوییبع) کەوتنە ڕێ کە دەکەویتە باشوری سیناوە.

بەڵام لەو شارەدا بەردەمیان ڕووبار بوو وەنەیان دەتوانی دەرباز بن و بپەڕنەوە و دواوەشیان سوپایەکی گەورە بوو (زانایانی تەفسیر ژمارەی ئەم سوپایە بە یەک ملیۆن و شەش سەد هەزار سەرباز مەزەندە دەکەن... لەگەڵ سەد هەزار ئەسپ..!) بۆیە کاتێک شوێنکەوتووانی پێغەمبەر موسا (علیه السلام) ئەم سوپا زۆرەیان بینی ترسیان لێ نیشت و بە موسایان (علیه السلام) وت: ﴿ ..إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ ٦١ ﴾الشعراء،واتە: (ئێمە تیا چووین ).

